دۆسیەی ژمارە: "هێرشی دەوڵەتی تورکیا و ئایندەی ناوچە کوردنشینەکانی سوریا"

گفتوگۆ لەگەڵ تاهیر حەسەن، وەلید عومەر، ئاسۆ شابان لە لاپەرە 12-13-14-15 دەخوێننەوە...

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی سێهەم، ژمارە (63) 1/11/2019 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت

# پشتیوانی خەڵکی کوردستان لە خۆپیشاندانەکانی شارەکانی عێراق ئەرکێکی پێویستەو دواخستن هەڵناگرێت!





ماوەی چەند ڕۆژێکە، دوبارە شەقامی شارەکانی عێراق بوونەتەوە بە سەکۆی دەربڕینی تورەیی و نارەزایەتی جەماوەری. نائەمنی و بێکاری، گرانی و دزی و تالانی، نەبوونی سەرەتاییترین خزمەتگوزاری، باڵادەستی دەسەڵاتی میلیشیایی لەجێگای دەسەڵاتی حکومی و یاسایی و ئاسایی، دەستێوەردانی دەرەکی... سەرچاوەی سەرەکی خۆپیشاندانەکانی خەڵکی عێراقە.

ژیان و گوزەرانی خەڵکی عیراق بەگشتی و کرێکاران و کارمەند و بێبەشانی عێراق بەتایبەتی، لە هەلومەجیکی ناوازە و نەخوازراو و نائینسانیدایە. تا ئێستا نائەمنی شوێنی ژیان بەهۆی کردەوەی تیرۆریستی، ململانێی میلیشیا چەکدارە ڕەنگاو ڕەنگەکان، دەستێوردانی وڵاتانی ناوچەکە و بەتایبەتیش ئێران، ئاسەواری جەنگی ئەمریکا لەدژی عێراق و شوێنەواری بەیەکدادانی تیرۆریستی، حکومەتی تەوافقی بەئەلگۆی بەش بەشێنەی قەومی و دینی و مەزهەبی و تایفی، لەپاڵ نەبوونی حکومەت و قەوارەیەکی دەوڵەتی جێگیر... گۆرەپانی عێراقی کردۆتە سەرزەمینێکی پر مەترسی و نەشیاو بۆ ژیانکردن...

بۆ لاپەڕە ٢



**تاهیر حەسەن: ناسیونالیزمی کورد کەیفی خۆیەتی بە ئومێدی بەدەسەڵات گەیشتنی، یان مانەوەی لە دەسەڵاتدا، پەتی ڕزیوی بە چ دەوڵەتێکەوە گرێ دەدات، کێشە ئەوەیە لەگەڵ هەر شکستێکی چاوەڕوانکراویدا، ژیانی خەڵکی کوردستانیش لەگەڵ کارەسات بەرەو ڕوو دەکات!...ل 12-13**



**وەلید عومەر: شەڕڤانەکانی ڕۆژاڤا، بەهۆی شەڕی داعشەوە جۆرێك لە کارتی نێودەوڵەتیان بۆ خۆیان دەستەبەرکردووە. ڕەنگە ئەم کارتە هەستیار بێت و بەئاسانی بسوتێت، بەڵام وێنا دریژخایەنەکانی خۆی لەدەست نادات... ....ل14**



**ئاسۆ شابان: ڕێبەرە کوردەکانیش دەتوانن مل بە هەموو داواکارییە سەپێنراوەکان نەدەن و دەست بە بەهای پرسێکەوە بگرن کە چەندان ساڵە بەرخودانی بۆ دەکەن و قوربانیان بۆ داوە... ل15**



## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:

* دوو کرێکار بەهۆی نائەمنی شوێنی کارەوە بوونە قوربانی.......ل2
*سۆشیالیزم تەنها وەڵامە بە ناعەدالەتی کۆمەڵگەی سەمایەداری.... ل3
* وەرنە مەیدان بۆ پشتیوانی چەوساوەکان..........................ل5
* هەواڵی نارەزایەتییە کرێکاریی و جەماوەرییەکان..................ل8
*دیمانە لەگەڵ مەنسور حیکمەت سەبارەت بە ڕێکخراوە جەماوەریەکانی چینی کرێکار...ل9
سەرکەوتنێکی تر... ژمارەیەك لەکرێکارانی هەفت تەپە و هەڵسوڕاوی تر ئازاد کران...ل2
شۆڕشی ئۆکتۆبەرو دەوڵەتە سەرمایەدارەکان!...ل3
دیمانەی دیدگای سۆشیالیستی لەگەڵ عەبدوڵا مەحمود لە پەیوەند بەکشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاو پیشهاتەکانی جەنگ لەکوردستانی سوریا...ل 10ـ11
پرسی ژن ل6
کۆشەی ئەدەب و هونەر ل 7



## وتەی ژمارە

گرانی و لەپاڵیدا بێکارییەکی بێ وێنەیە، کەبەپێی ئاماری سندوقی نێودەوڵەتی ڕێژەی بێکاری لەناو لاواندا بەڕێژەی ٤٠% و ڕێژەی هەژاری بەپێی ئاماری ڕاپۆرتی هیومان رایتس وۆچ % ٤١. و هەلی کارکردنیش لەئاستی نەبوونیدایە، موچەی کریکاران و کارمەندانیش بەپێوانە بە نرخی بازار و بەڕێوەبردنی ژیان، لەئاستێکی یەکجار نزمدایە، خزمەتگوزارییە زۆر سەرەتاییەکانی وەکو ئاو و کارەبا، تەندروستی، خوێندن و پەروەردە، لەنێوان بوون و نەبووندان. باسێک لە بیمەی بیکاری و بیمەکانی تر نییە، ئەوە لەکاتێکدایە کە دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە چ وەکو حزبەکان و چ وەکو بەشداریان لە حکومەتدا بەوێنەی پەرلەمانتار، وەزیر، بەڕێوەبەرە گشتیەکان، سەرۆکایەتیەکان، بەرپرسانی سلکی سوپا و دەزگای ئاسایش و حەشدی شەعبی، لەگەڵ خانەنشینانی هەموو ئەوانە، چەندین دەمی کراوەیان بۆ لوشدان و چەندین گیرفانی پر نەبوویان هەیە... موچەی بەرزی خەیاڵی، ئیمتیازاتی چەند سەرە، کۆنترۆڵی بازارو بازرگانی، لەگەڵیشدا بێ پەروا دزی کردن و تالانی... عیراقی بۆ کەمایەتیەکی زۆر کەم کردۆتە بەهەشتێکی دنیا نەدیوو و لەبەرامبەریشدا بۆ زوربەی زۆری کۆمەڵگە بۆتە دۆزەخ و مەرگی شێنیەیی و سەرچاوەی دەیان و سەدان مەرگ و موسیبەت و کوێرەوەری.

دەسەڵاتی میلیشیایی، بەپێی پیکهاتەی سونی و شیعی، قەومی و مەزهەبی. لەنێوان خۆشیاندا باڵ و لاباڵی دژ بەیەک، لەجێگای بەفەرمی ناسینی دەوڵەت و حکومەت و یاسا، جغرافیا عێراقی چەند شەقە کردووە، بەپێی هەمان فۆرمی قەومی و مەزهەبی و دینی و تایفی.... ئەومیلیشیایانە هیچ دەسەڵاتێکی سەراسەری فەرمی بە رەسمی ناناسن و لەبنەرەتدا لەبەرامبەر بەهەوڵی قەوارەدانەوە بەعێراقێکی ئاسایی و پێناسەکردنەوەی هەویەی حکومی دەوەستنەوە. ئەم واقعیەتەش بوونی حکومەت، ئەنجومەنی وەزیران، پەرلەمان، دەسەڵاتی دادوەری، کردۆتە کاریکاتۆرێک لە دیموکراسی بۆرژوازی ئەم سەردەمەدا کە ئەمریکاو غەرب پشتیوانی دەکەن. ئەم دۆخەش نەک هیچ ئومێدەوارییەک نادات بە هاوڵاتیانی عێراق بۆ ئایندەیەکی باشتر، بەڵکو تۆوی بێمتمانەیی چاندووە.

جەنگ بۆ سازدانەوەی عێراق بە ئەجندای گروپ و میلیشیاکان، کە بەنیابەتی وڵاتانی ناوچەکە لە ململانێدان، تا ئێستا بەردەوامە و ئەمەش خۆی بنەمای سەرەکی جێگا خاڵی مانەوەی دەسەڵاتێکی سەراسەری و پێناسەکراوی نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیە. لەوەها حاڵەتیکدا تاکی عێراقی بەمانای وشە، بێبەشە لەهەر جۆرە حکومڕانیەکی باو و یاسایی وئاسایی. قوربانیانی نێوان ئەو ململانێ و هەلومەرجە نائاساییەیەش جەماوەری بێبەش و فراوان و هەرە زۆرینەی خەڵکی بێبەشی عێراقن.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا، کە لەلایەکەوە بیکاری و لەبەرامبەردا نەبوونی هەلی کار بۆئەو سوپا و ئۆردووە بەرینەی بێکاران نەبێت. گرانی بازاڕ دەست بنێتە بینەقاقای زوربەی هەرەزۆری جەماوەرەوە. ئا ئێستا کەمترین خزمەتگوازری لەچەشنی ئاو و کارەبا و خزمەتگوزارییەکان لەئاستی نەبوونیدا بن...موچەی کریکاران و کارمەندان کەم و بەشی بەڕێوەچوونی ژیان نەکات، بە مانای وشە لەجیگای دەسەڵاتی حکومیدا، دەسەڵاتی میلیشیا حزبیەکان باڵادەست بێت، دەستیۆردانی دەرەکی بە ئاشکرا ئیرادەی سیاسی خەڵکی عێراق، پایماڵ بکات. بێمافی و نەبوونی ئازادییەکان واقعیەتێکی ئاشکرای حاشالێنەکرا بێت و سەرکوتی توند و دڵرەقانە نارەزایەتی جەماوەری بکات... هیچ ڕێگایەک لەبەردەم جەماوەری برسی و بێکار و بێماف و ئازادییدا، نامێنێتەوە جگە لەوەی بۆ مانەوە لەژیان، ناچارن بڕژێنە سەر شەقامەکان و بە زۆر خواستەکانی خۆیان بەسەر دەسەڵات و حزبەکاندا بسەپێنن... ئەو خۆپیشاندانانەی کە تائێستا توانیوتەتی دەیان داخوازی دابسەپێنێت و بەردەوامیش دەسەڵاتی سیاسی بەڵێنی جیبەجێکردنی خواستی تر دەدات.

خۆپیشاندان و نارەزایەتی جەماوەری لەعێراقدا، لەگەڵ ئەوەدا بێکاری و نەبوونی هەلی کارو دزی و گەندەڵی سەرخەتی، چەغماغەدانی تورەیی جەماوەرییە، بەڵام لە بنەرەتدا رووی لەسەرجەم دەسەڵاتی سیاسی و حزبی و دەستیوردانی دەرەکیشە.

خرۆشانی جەماوەری، رەوایەو گومانیش لەوەدانییە، لە دڵی خۆپیشاندانەکانیشدا ململانێی حزب و میلیشیاکان، بەردەوام دەبێت و هێز گەلیکێش هەن، دەیانەوێت سواری تورەیی و نەفرەتی رەوای جەماوەری ببن، لە پێناو دەسەڵات و بەشی سیاسییان لە عێراقدا... بەڵام هەوڵ و نەخشەی هیچ حزب و لایەنێکی سیاسی بۆ خۆهەڵواسین بە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەرییەوە، ناتوانێت ناوەرۆکی شورشگێرانەو رەوای بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی عێراق، بشارێتەوە.

خەڵکی کوردستان، کە هەلومەرجی ژیان و گوزەرانیان، بەجیا لەدۆخی ئەمنی، جیاوازییەکی لەگەڵ هەلومەرجی ژیانی عێراقدا نییە، پێویستە پشتیوانی لە هاوچارەنووسەکانیان، لە کرێکاران و کارمەندان، لە ئوردی بێکاران و لاوانی ئامادەبەکار، لە ئازادیخوازان... بکەن. بزوتنەوەی نارەزایەتی لە عێراق و کوردستاندا کاریگەری بەرجەستەیان لەسەر یەکتری هەیە... بە هەر ئەندازە بزوتنەوەی جەماوەری لە عێراقدا بە ئاقاری سەرکەوتن و داسەپاندنی مافە رەواکانیدا سەرکەوتوبێت، بەهەمان ئەندازە کۆمەک بە بزوتنەوە جەماوەری نارازی لەکوردستاندا دەکات و دەبێتە سەرمایە و پشتیوانییەکی سیاسی. دیارە ئەوە بە پێچەوانەشەوە هەر دروستە... ئەرکی رابەرانی کریکاریی و چەپ و کۆمۆنیست و هەموو ئازادیخوازو رابەرانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە جەماوەرییەکانە، بە نەخشەو پلاتفۆرمی رۆشنەوە بێنە مەیدان، چ بۆ پشتیوانی لە بزوتنەوەی حەقخوازانەی جەماوەری عێراق و نیشاندانی هاوپشتی و هاوچارەنووسی بۆیان و چ بۆ هێنانە مەیدانی داخوازییە رەواو دەستبەسەرداگیراوەکانیاندا لەلایەن دەسەڵاتی تالانچی ومافیایی بزوتنەوەی کوردایەتیەوە.

**کۆتایی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩**

## ئەزموونێکی تر، سەرکەوتنێکی تر... ژمارەیەك لە ڕابەرانی کرێکاریی هەفتە تەپە ئازاد کران!!




لەدواین هەفتەی ئۆکتۆبەردا، هەریەک سپیدە قلیان، ساناز الهیاری، ئەمیر حسین محەمەدی، مەرزییە ئەمیری، عاتیفە رەنگزیر، ئەمیر ئەمیر قلی... بە کەفالەت تا دوبارە چاوخشاندنەوە بە پەروەندەکەیاندا، ئازاد کران ٣٠ ئۆکتۆبەریش ئیسماعیل بەخشی ... ئازاد کرا.

رژیمی هارو درندەی سەرمایە لە ئیران، دوای ئەوەی ئەو رابەرە کریکاری و هەڵسوراوە ژنان و میدیا کارانەی دەستگیر کرد، هەموو هەوڵێکی خۆی خستە گەر تا دۆسیەی پوچیان بۆ دروستبکات، و بۆ دەیان ساڵ لە بیانخاتە کونجی زیندانە سیخناغ لە ئازادیخوازان و نەیارانی دەسەڵاتی رەشی، بەڵام کاتێک ئەو هەوڵەشیان پوچ دەرهات، ویستیان لەڕێگای ترساندن و تۆقاندنەوە ورەی خەباتکارانەیان بروخێنن، تا لەورێگایەوە بزوتنەوەی کریکاریی و رابەرانی چاوترسێن بکەن و کۆمەڵگەش ترساو، بەڵام لە لایەکەوە بەهۆی راوەستاوی خۆیان و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی کاردانەوەی بزوتنەوەی کریکاری و بەتایبەتیش تەسلیم نەبوونی کرێکارای هەفت تەپەو بەردەوام بوونیان لە خەبات و بە پێداگریان لەسەر مافەکانی خۆیان و دریژەدان بە کۆبونەوەو مانگرتنەکانیان، پلانە چەپەکەکانی جمهوری ئیسلامیان تیک شکاند. هاوکات پشتیوانی بەشەکانی تری کرێکاران لە ئیران و هاتنەدەنگی ژمارەیەکی بەرچاو لە چەپ و کۆمۆنیستەکان و ئازادیخوازن لەناوخۆی ئیران و وڵاتانی ئەوروپادا، بوونە گوشارێکی کاریگەر تا دەسەڵاتی رەشی سەرمایە لە ئیران ناچار بکات، کە ئەم ژمارەیە لە رابەران و هەڵسواراوانی بزوتنەوەی کریکاری و بزوتنەوەی ژنان و چالاکوانانی مافی مرۆڤ و رۆژنامەنووسانی ئازاو ئازاد، ئازاد بکات. ئازاد بوونی ئەو پۆلە ئینسانە تیکۆشەرە، بەهۆی پێداگری لەسەر مافە رەواکانیان و پشتیوانی کرێکاران وئازادیخوازان لێیان، ئەزموونێکی گرنگە کە نیشانیدا چەندە کرێکاران یەکگرتوو ریکخراو بن، چەندە بەشەکانی تر هاوکار و هاوئاهەنگ بن، چەندە سور بن لەسەر خواستەکانیان، بەو ئەندازەیەش بەهێزن و لەوەش واوەتر دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ راکیشانی پشتیوانی لە خۆیان و مافەکانیان. پێویستە ئەم ئەزموونە لە پێداگری و دەربرینی بەیانی هاوچارەنووسی و یەکگرتووی بەدەستەوە بگیرێت، لە پێناو گوشار دانان لەناوخۆی ئیران و دەرەوەی ئیران، بۆ ئازادکردنی تەواوی رابەران و هەڵسوراوانی بزوتنەوەی کریکاریی و بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی ترو سەرجەم زیندانیانی سیاسی و داسەپاندی پاشەکشەی زۆرتر بەسەر رژێمی دژە کریکارو دژە ژن و دژە ئازادی جمهوری ئیسلامیدا.

## دوو کرێکاریی تر بوونە قوربانی نائەمنی شوێنی کار



بەرواری ٢٠ ئۆکتۆبەر لە ناحیەی بازیانی سەر بە پارێزگای سلێمانی دوو کریکاریی تر لە کاتی کارکردندا گیانیان لەدەستداو بوونە قوربانی چاوچنۆکی و قازانج پەرستی سەرمایەو کۆمپانیاکان.

هەریەک لە "دلێر سەعید" لەدایک بووی ساڵی ١٩٨١ و "محەمەد یادگار" لەدایک بووی ساڵی ٢٠٠٠، لە کاتی کارکردندا لە پرۆژەیەکی بیناسازیدا لە بازیان لە بەرزکەرەوەیەکەوە دەکەونە خوارەوەو گیان لەدەست دەدەن.

لەم ساڵدا دەیان کرێکار بەهۆی نائەمنی شوێنی کار و نەبوونی پێداویستیە پێویستەکانی شوێنی کارەوە، بریندار یان کەم ئەندام بوون یانیش گیانیان لەدەستداوە، هۆکارێکی سەرەکی ئەو هەموو روداوی کارەو قوربانیانی، بێدەربەستی خاوەن کار و کۆمپانیاکان و سەرمایەدارەکان و دەسەڵاتی بۆژوازی کوردە، کە لەپێناو زۆرتری قازانجدا، چاویان کەم و کوڕییەکانی پێداویستیەکانی کار و نا سەلامەتی شوێنی کرێکاران نابینێ، بەو هۆیەشەوە ژینگەی جێگا کاری کرێکارانیان کردۆتە قەتڵگایەک بۆ کرێکاران...

# شۆڕشی ئۆكتۆبەرو دەوڵەتە سەرمایەدارەكان!



نووسینی: مستەفا باهیر

دوای ئەوەی لە ٢٥ ئۆكتۆبەری ساڵی ١٩١٧ بەلشەفیەكان بە ڕابەرایەتی لینینی مەزن توانیان، حكومەتی كاتی بروخێنن و لەجێگایدا حكومەتێكی شورای دروست بكەن. ئەم شۆڕشە مەزنە سەرتاپای جیهانی هەژاند، دەوڵەتە سەرمایەدارەكانی هێنایە لەرزە. بەتایبەتی دوای ئەوەی كە شۆرشی ئۆكتۆبەر بو بەخاوەنی هێزێكی كاریگەر و خاوەنی سوپای سور.

دانیشتوانی روسیا پێش شۆرشی ئۆكتۆبەر جگە لەوەی كە كۆمەڵێك كێشەی موزمینی چەندەها ساڵەی چارەسەر نەكراویان هەبوو، بەڵام بەدەست سێ كێشەی سەرەكیەوە دەیان ناڵاند كە كێشەی بنەرەتی بوون.

ئەویش كێشەی زەوی و زار بوو كە جوتیاران بەتەوایەتی بوبوون بە كۆیلەی خاوەن زەویەكان. كرێكاران رۆژانە لە ١٠ بۆ ١٤ كاتژمێر كاریان دەكرد بە كرێیەكی كەم. كێشەی جەنگ كە بەتەواوەتی ژیانی خەڵكی روسیای نا ئارام كردبوو، بەتایبەتی كرێكاران و جوتیاران. بۆیە پێویستیان بەوەستانی جەنگ هەبوو. هەربۆیە لە یەكەم رۆژی سەركەوتنی شۆرشدا لینین لەسەر ئەم كێشانە بڕیارنامەیەكی ئامادەكردو خستیە بەردەم كۆنگرەی سۆڤیتاتی روسیا، لە رۆژی ٢٧ئۆكتۆبەردا. كۆنگرەش بەتێكرای دەنگ جگە لەیەک دەنگ نەبێت هەرسێ بڕیارەكەیان پەسەند كرد.

بڕیاری یەكەم: هەڵوەشانەوەی خاوەنداریەتی زەوی، ئەوانەی كە خاوەنی زەوی و زارێكی زۆرن دەستبەجێ، بەبێ هیچ قەرەبوییەک، وە دابەشكردنی بەسەر جوتیاراندا. ئەم بریارە جوتیارە هەژارەكان ناگریتەوە.

بڕیاری دوهەم: هەڵوەشانەوەی موڵكیەتی تایبەت و كەمكردنەوەی سەعاتكار لە رۆژێكدا بۆ ٨ سەعات، زیاد كردنی موچەی كرێكاران.

بڕیاری سێهەم: وەستانی جەنگ بۆ ماوەی سێ مانگ لەگەڵ ئەڵمانیا، پاشان لە مانگی ٣ ی سالی ١٩١٨ بە گوێرەی پەیمان نامەی (برست-لیتۆفسك) شەڕكە بە یەكجاری كۆتاییهات.

ئەم شۆڕشە مەزنە دەسكەوتەكانی تەنها بۆ خەڵكی روسیا نەبوو، بەڵكو سەرتاسەری جیهانی گرتەوە. لیرەدا بەكورتی پەنجە بۆ چەند خاڵ رادەكێشین. شۆرشی ئۆكتۆبەر بوو بەهۆی وەستانی جەنگی جیهانی یەكەم كە ئەمە بوو بە دەسكەوتێكی گرنگ بۆ هەموو بەشەریەت لەسەرتاسەری جیهاندا، چونكە جیهان بەدەست ئەو جەنگەوە دەیناڵاند. ڕۆژانە بە ١٠٠ سەدان هەزار كەس دەبوون بە قوربانی ئەوجەنگە، مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلان. هەر لەدوای شۆرشی ئۆكتۆبەرەوە ئەم وڵاتانە بەبێ هیچ كێشەیەک لە روسیا جیا بوونەوە. (فنلاند، ئیستۆنیا، لاتڤیا، لیتوانیا، ئۆكرانیا،روسیای سپی ..هتد ) مافی منداڵان، بەخۆراییكردنی خوێندن، یەكسانی ژن و پیاو. هەڵوەشانەوەی ملكیەتی تایەبەتی، هەمواركردنی بواری یەكسان لەكاركردن، كۆمەڵایەتی كردنەوەی كاری ناوماڵ، بەڕێوەبردنی وڵات لەلایەن شوراكانەوە، بەرەنگاربوونەوەی ڕەگەزپەرستی، قەدەغەكردنی جیاكاری رەگەزی، بڵاوكردنەوەی پەیماننامەی سایكس- بیكۆ، بۆ ئاگاداركردنەوەی تەوای جیهان لەسەر شەڕی دەوڵەتە سەرمایەدارەكان و دابەشكردنی جیهان لەبەینی خۆیاندا....هتد .

جگە لەمانە لینین هەر لەسەرەتای جەنگی جیهانی یەكەمەوە بە كرێكارنی جیهانی ڕاگەیاند كە ئەم جەنگە جەنگی ئێمە نییە، پێویستە لولەی چەكەكانتان بكەنە سەرمایەدارانی وڵاتەكانی خۆتان. ئەم دەسكەوتانەی شۆرشی ئۆكتۆبەر، بەتەواوەتی دەوڵەتە سەرمایەدارەكانی هینایە لەرزە، چونكە لە بڵاوبوونەوەی ئەم شۆرشە دەترسان كە كرێكارانی



دەوڵەتانی جیهان وەک كرێكارانی روسیا بەهاوكاری بەلشەفیەكان بتوانن لەو وڵاتانەدا شۆرش بەرپاكەن و دەوڵەتەكانیان بڕوخێنن. بۆیە لەگەڵ ئەوەی كە لەناو روسیا هەوڵێكی زۆریاندا لەگەل جەنەڕاڵەكانی سوپای روسیا، ئاغاو، دەربەگ و، سەرمایەدارەكان كە دژی ئەم شۆرشە بوەستنەوە، بۆ ئەومەبەستەش سوپایەكیان دروستكرد بە ناوی سوپای سپی. بەشێكی زۆری ئەو جەنەراڵانەی كە دەوڵەتە هاوپەیمانەكان یارمەتیان دەدان و سوپاكەیان بۆ دروستكردن هەر یەک لە، ئەلسندرا كولتشاك،جەنەرال ئەنتۆن دینیكین، جەنەرال سیمینۆف، جەنەرال. فرانغل، جەنەرال یودونیش ئەم جەنەرالە بەهێزێكی زۆرەو دووجار هێرشیان كردە سەر پایتەخت، بەڵام هەردووجارەكە توشی شكستێكی گەورە بوو لە لایەن سوپای سورەوە... دوای ئەم شكستە كۆمەڵیک جەنەرالی تر پەیوەست بوون بە سوپای سپیەوە كەهەریەک لە، جەنەرال فلادیمێر كاپل، جەنەرال كرسنۆف، جەنەراڵ كەسییف زۆری تر لەم جەنەرالانە.

جگە لەوەی كە كۆمەكی زۆری ئەم سوپایەیان دەكرد. دەوڵەتەكان ناچاربوون، بۆ سەركوتكردنی ئەم شۆرشە خۆشیان هێزی سەربازی بنێرن. من لێرەدا بەباشی دەزانم كورتە مێژوویەک لەسەر ئەو سوپایانەو ئەو دەوڵەتانەی كە هێزیان ناردوە بۆ روسیا باس بكەم. ئەو دەوڵەتانەی كە راستەوخۆ دەوریان هەبوو سوپایان ناردوە بۆ روسیا هەریەكە لە (یابان، بەریتانیا، فەرەنسا، كەنەدا، ئیتالیا، ئەمەریكا، ئەڵمانیا، ئوستralیا، یۆنان، چیكۆسلۆفاكیا، ڕۆمانیا، چین)

سەرەتا لە ریگای فرۆكەوە ٦٠٠ سەربازی فەرەنسی وبەریتانی لە ناوچەی ئەرخانجیلسك دابەزین، پاشان ژمارەیەكی تری بەریتانی رۆشتن بۆ ناوچەی فلادیفۆستوك، ژمارەیەك لە سوپای رۆمانی بۆ ناوچەی بیسارابیا ڕۆشتن، زیاتر لە ٢٣ هەزار سەربازی یۆنانی چونە ناوچەی نیوە دۆرگەی قورم و ئۆدیسا. زیاتر لە ١٣ هەزار سەربازی ئەمەریكی چوونە ناوچەی ئەرخانجیلسك. بۆ كۆمەككردن بە سەربازانی سوپای فەرەنسی و بەریتانی، سەربازنی ئیتالیا بەرەو ناوچەی سیبریا رۆشتن ئەوانیش نزیک بە ٣٠٠٠ سێ هەزار سەرباز دەبوون. سەربازانی سوپای صینی ئەوانیش نزیک بە ٣٠٠٠ هەزار دەبون چوونە ناوچەی فلادیفۆستۆك، ١٥٠ سەربازی ئوسترالی لەناوچەی سیبریا ١٥٠٠٠ پازدە هەزار سەربازی یابانی لەناوچەی رۆژهەلاتی وڵات بڵاوبوونەوە، نزیک بە ١٢٠٠٠ دوازدە هەزار سەربازی لیتوانی چونە ناوچەی باكوری رۆژ ئاوای روسیا، ٤١٩٢ سەربازی كەنەدی چونە ناوچەی فلادیفۆستوك،٦٠٠ سەربازیتریشیان بۆ ناوچەی ئەرخانجیلیسك نارد.

بەم شێوەیە دەوڵەتەكان و سەربازەكانیان كە تا دوێنی شەریان بوو لەبەینی خۆیاندا، ئێستا جگە لەوەی پێكەوە هاوكاری جەنەراڵەكانی سوپای روسیا دەكەن، خۆشیان سەربازێكی زۆریان ناردوە بۆ تێكشكاندنی بەلشەفیەكان. لەلایەكی ترەوە سوپای ئەڵمانیا ئەویش لەگەل چەند جەنەراڵیكی روسی پەیوەندی هەبوو بۆ لەناوبردنی شۆرش، هەروەها كۆمەكی سوپای سپی كرد لە فنلاندا بۆ لەناوبردنی كۆمۆنیستەكان. سوپای سپی بە ١٠ یان هەزاری كۆمۆنیستی لە فنلاند كوشتار (قەتلو عام) كرد كە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون.

بەشێك لە جەنەراڵە ڕوسەكان هێرشیان كردە سەر ناوچەی سیبریا بەكۆمەكی دەوڵەتانی هاوپەیمانی و زیاتر لە ٤٠ هەزار سەربازی چیكۆسلۆفاكی توانیان دەستبگرن بەسەر زۆربەی ناوچەی سیبریا و حكومەتی بەلشەفیەكان لەوی هەڵوەشێننەوە، ژمارەیەكی زۆریشیان لە سێدارە بدەن. دوای ئەوەی كە توانیان شاری قازان بگرن، و دەست بگرن بەسەر جبەخانەو هەموو ئالتونی یەدەگی كاتی قەیسەر كە لەو ناوچەدا بووە. جەنەراڵ كولتشاك لەمانگی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩١٨ لە سیبریا دەوڵەتێكی دروستكردو ناوی نا روسیا یەككگرتوو و خۆیشی كرد بە سەرۆكی ئەو وڵاتە و توانی هەموو ئەو ناوچانە بخاتە ژێردەسەلاتی خۆی، بەشێكی زۆری جەنەراڵەكان پاڵپشتیان كرد و دوای كەوتن. لەبەهاری ساڵی ١٩١٩جەنەراڵ كۆلتشاك هێرشێكی بەرفراوانی كردە سەر ناوچەی ئۆراڵو توانی بەشێكی زۆری ئەو ناوچەیەش بگرێت. سوپای سور بەهاوكاری جوتیارانی ناوچەكە توانیان لە سالی ١٩٢٠ شكست بەم هێزە بێنن و ئەو جەنەراڵەش لە سێدارە بدەن لە شاری ئیركۆتسك لە سیبریا. دوای جەنەرال كۆلتشاك، جەنەراڵ دینیكین بوو بە بەرپرسی سوپای سپی. هێزێكی ١٠٠ هەزار كەسی كۆكردەوە بەپاڵپشتی دەوڵەتانی هاوپەیمانی هێرشی كردە سەر مۆسكۆ، بەڵام بەلشەفیەكان توانیان شكستێكی گەورەش بەسەر ئەم سوپایەدا بێنن، جەنەرال خۆی رایكرد بۆ بەریتانیا لەرێگای توركیاوە. دوای ئەمیش جەنەراڵێكی تر بوو بە بەرپرسی سوپای سپی. شەڕو پێكدادان بەهاوكاری ئەو دەولەتانەی باسمان كرد بەردەوام بوو تا سالی ١٩٢٢ بەلشەفیەكان توانیان شكست بەهەموو ئەو هێزانە بێنن و تەواوی دەوڵەتەكان ناچار بكەن كە بكشێنەوە، جگە لە سەربازانی یابانی نەبێت تا ساڵی ١٩٢٥ مانەوە ئەوانیش لەو ساڵەدا دەركران. دوای ئەوەی كە دەوڵەتەكان ناچاركران كە روسیا بەجێبێڵن هەریەک لە بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئەمریكا. بریاریاندا كە ئەو دەسەڵاتەی لە روسیا هەیە بە رەسمی نەناسن و گەمارۆی بخەنە سەرو هیچ ئاڵوگۆڕێک لەبەینیاندا نەبێت.

لەلایەكیترەوە جەنەرال كالدین كە خۆی خەڵكی ناوچەی قەوقاز بوو، زۆریش دژە بەلشەفیەكان بوو، بەهۆی ئەوەی كە قەوقازەكان زۆر پابەندی دینی ئیسلام بوون، بەلشەفیەكانیان بە بێدین ئەژماردەكرد، هەروەها بەشێكی زۆری ئاغاكان و دەربەگەكان لەترسی زەوی و زارو سەروەت و سامانەكانیان دژی بەلشەفیەكان بوون. بۆیە هەموویان پشتیوانی جەنەراڵ كالدینیان دەكرد. ئەمانیش بەهەمان شێوەی بەلشەفیەكان توانیان شكستیان پێبینن.

لەلایەكیترەوە دەوڵەتی پۆڵەندا هێرشی هێنا بۆ بەلشەفیەكان لەرێگای وڵاتی بیلا روسیا و ئۆكرانیا كە سوپای ئەو دەوڵەتانەش هاوكاری پۆڵەندایان كرد. بەلشەفیەكان توانیان پاشكەشە بەم سوپایەش بكەن تا وەكو وارشو راویان بنێن. بەڵام لە هێرشێكی پێچەوانەدا سوپای پۆلۆنیا توانیان شكستێكی گەورە بەسەر سوپای سوردا بێنن، بۆیە هەردولا ناچار بوون كە دانوستاندن بكەن. لە مانگی مارسی سالی ١٩٢١ توانیان پەیماننامەیەكی ئاشتی لەگەڵ پۆلۆنیا مۆربكەن لە شاری ریگای پایەختی لاتڤیا.

لەناوخۆی وڵاتیشدا سۆسیالیستە شۆرشگیرەكان دژی بەلشەفیەكان كاریان دەكرد یەكێك لە كارەكانیان تیرۆركردنی بەرپرسانی بەلشەفی بوو. یەكێك لەوانەی كە هەوڵیاندا تیرۆری بكەن لینین بوو. لەرۆژی ٣٠ مانگی ئابی ساڵی ١٩١٨ كاتێك لینین كۆبونەوەی بەكرێكارانی كارگەیەک دەكرد، پاش هاتنە دەرەوەی لەكارگەكە. ژنێك بەناوی فانیا كابلان بانگی لینین دەكات بەناوی خۆیەوە واتە بەناوی ڤلادیمیر ئیلچ، پاش ئەوەی كە لینین ئاوڕ دەداتەوە بۆ لای، بەر فیشەكی دەدات و سێ گوللە بەر لینین دەكەویت. لە دوای ئەوە لینین باری تەندروستی تا كاتی مردنی جێگیر نابێت.

لەلایەكیترەوە كۆمەڵێك كێشە بۆ بەلشەفیەكان دروست دەكرێت یەكێك لەوانە شاردنەوەی دانەوێڵە وەک گەنم و جۆ لەلایەن بەشیك لە دەربەگ و، كۆلاكەكان و، بەشێك لە جوتیارانەوە. بۆیە ئەمەش دەورێكی كاریگەری زۆر خراپی دەبێت لەسەر خەڵكی كرێكارو هەژاری روسیا بەتایبەتی دانیشتوانی شارەكان. بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشەیە بەلشەفیەكان ناچار دەبن كە دەست بگرن بەسەر هەموە ئەو مەخزەنانەدا و دانەوێلەكان دابەشی بكەن بەسەر خەڵكی روسیادا.

بەكورتی ئەودەوڵەتانەی كە باسمان كردن لەسەرەوە بەتایبەتی بەریتانیا، یابان و ئەمریكاو، فەرەنسا. بەهاوكاری جەنەراڵەكانی سوپای قەیسەر، بەهاوكاری و یارمەتی دەربەگ و ئاغاو سەرمایەدارەكانەوە بۆ لەناوبردنی بەلشەفیەكان و سۆڤیتاتی روسیا، هەوڵیكی زۆریاندا، بەڵام سوپای سور توانی هەموو ئەم هێرش و پەلامارانە شكست پێبێنێت و بەتەوایەتی كۆنترۆلی هەموو ڕوسیا بكات و لەهەموو ناوچەكان سۆڤیتاتی كرێكاران و سەربازان و جوتیاران دامەزرێنیت. ئەم شەرو پەلامارانەی دەوڵەتان وای كرد لە لینین نەتوانێت بە شێوەیەكی كرداری (عملی) كۆمەكی كرێكارانی دەوڵەتانی تر بكات، بۆ بەرپاكردنی شۆرشی كرێكاریی. لەلایەكی ترەوە باری تەندروستی لینین دوای هەوڵی تیرۆركردنی ڕۆژ بەرۆژ خراپتر دەبوو لەساڵی ١٩٢٢ بەتەواوەتی باری تەندروستی خراپ بوو، لەزمان كەوت نەی دەتوانی قسەبكات. چەندەها جار توشی سەكتەی دڵ بوو تا لە مانگی یەكی سالی ١٩٢٤ بۆ دواجار ژیانی لەدەستدا. شەری ناوخۆ و باری تەندروستی لینین ڕیگربوون بۆ ئەوەی بتوانیت بەشێوەیەكی كرداری كۆمەكی كرێكارانی وڵاتانی تر بكات.

**بەرزو بەرێزبێت یادی ١٠٢ ساڵەی شۆڕشی ئۆكتۆبەری مەزن.**

**بژی كۆمۆنیزم، بژی لینین...**



# سۆشیالیزم تەنیا وەڵامە بە نا عەدالەتی کۆمەڵگەی سەرمایەداری!

**نووسینی: نوری بەشیر**

بەچاوگێڕانێکی خێرای ئەم ڕۆژانە بە هەواڵی میدیاکانی جیهان، هەلومەرجێک کە دنیای ئەمڕۆی کۆمەڵگەی پێدا تێدەپەڕێت و بەربەریەتێک کە لەلایەن سیستەمی سەرمایەداریەوە بەڕێخراوە بەدژی مرۆڤایەتی، هیچ جێگایەک ناهێڵێتەوە بۆ هیچ کەسێک ئەگەر کەمێک لایەنگری لە خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتی کۆمەڵگە بکات، کەسێک ئەگەر نیگەران بێت بەبینی تراژیدیاکانی ئەم ڕۆژانەی کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی کوردستانی سوریا، کوشتاری خۆپیشاندەرانی عێراق، چیلی، یەمەن، لیبیاو زیندان و ئیعدامی جمهوری ئیسلامی ئێران و دەخالەتی کۆنەپەرستانەی لە ناوچەکەدا، ژیانی هەژاری و بێدەرتانی خەڵکی زۆربەی وڵاتانی هندستان، پاکستان، ئەفغانستان. ئەگەر ئەوە واقعیەتی ئەو وڵاتانە بێت بەجیا لەسەرکوتی بێپەردەی بۆرژوازی وڵاتەکان، ئەوا دەوری وڵاتە ئیمپریالیزمەکان و فەزایەکی جەنگ و برسێتی و ئاوارەیی کە لەدنیادا بەڕێیان خستووە بەتایبەت لەلایەن ئەمریکاو روسیاو یەکێتی ئەوروپا و هاوپەیمانەکانیانن لەدنیادا وەک چەند قوتبێکی سەرمایەداری کە چ کارەساتێکیان بەسەر کۆمەڵگەی ئینسانیدا هێناوە، بۆیە ئینسان ناتوانێت نەفرەتیان لێ نەکات و خوازیاری روخانی دەسەڵاتی سەرمایەداری نەبێت و دڵخۆش نەبێت بە جێگرەوەی بە کۆمەڵگەیەکی شایستەی ئینسانی.

ئەو هەلومەرجە نائینسانیەی کە لەباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیاو ئەفریقادا بەڕێیان خستووە لە جەنگ، برسێتی، کوشتنی بەکۆمەڵ، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، ئاوارەیی ملیۆنی خەڵک، سەپاندنی هێزی میلیشیایی و سەربازی، دزینی سەروەت و سامانی کۆمەڵگە، گەڕان بەدوای دۆزینەوەی بازاڕ بۆ ساغکردنەوەی خراپترین کاڵا بۆ سودی زیاتر، گەڕان بەدوای بازاڕی هەرزانی هێزی کاردا، هەڕەشەی نەخۆشی و مردن لە دەیان ملیۆن ئینسان لە یەمەن، شەڕو کوشتاری لیبیا و کۆیلەکردنی ئینسانەکان، خراپترین هەلومەرجی ئینسانی چەندین ساڵەی سوریا و هێرشی فاشیانەی و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دەوڵەتی تورکیا بۆسەر خەڵکی مەدەنی، ناڕەزایەتی ملیۆنی عێراق و لوبنان و کوشتارو برینداری زۆر لەعێراق، کوشتارو سەربڕین و ئاوارەیی و سەپاندنی خراپترین هەلومەرجی نا ئیسنانی بەسەر ژنانەوە لەلایەن هێزە ئیسلامیەکانی؛ قاعیدە، داعش، بۆکۆحەرام، حوسیەکان، حەرکەی شەباب و حەشدی شەعبیەوە. هەموو ئەمانە دنیایان لەبەردەم مەترسیەکی گەورەو ئایندەیەکی تاریکتردا راگرتوە، کە هەڕەشەن بۆسەر مرۆڤایەتی و لە دنیادا. کۆمەڵگە لەلایەن کەمایەتیەکەوە کەبەشوێن بەرژەوەندی ئابوری و دەسەڵاتی سیاسی خۆیان و مانەوەی سیستەمی سەرمایەداریەوەن، بانگەوازی بۆ دەکرێت و بە کردار بەڕێوە دەبرێت.

ئەمانە لایەکی هاوکێشەکەن کە دەسەڵاتداران و میدیاکانی بۆرژوازی تراژیدیاو روخساری ترسناکی دنیا دەخەنە ڕوو بۆترساندنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بۆ مانەوەی خۆیان لەدەسەڵاتدا هەزاران چەواشەکاری و خۆڵکردنە چاوی کۆمەڵگە ئەنجام دەدەن بۆ خستنەڕووی دەسەڵاتی نەگریسی سەرمایەداری و سیستەمە دژی ئینسانیەکەیان. بەڵام ئەولای هاوکێشەکە بەپێچەوانەی خواستەکانی بۆرژوازی و میدیا چەواشەکارەکانیانەوەیە. ئەوەی لەبەرامبەر

ئەو هەلومەرجەدا کۆمەڵگە لەژێرەوە وەک بورکان وایە و لێرەولەوێ دەتەقێتەوە و ریزی ملیۆنی خەڵک شەقامەکان داگیر دەکەن، لە ناڕەزایەتی بەدنیای جەنگ و کوشتارو هەژاری و برسێتی و زیندان و تیرۆر و ئاوارەیی سەرمایەداری، راستی بەرەیەکی فراوان دەردەخات کە هیچ نزیکایەتیەک و بەرژەوەندیەکیان بەچینی دەسەڵاتدارەوە نییە. بەرەیەکی چینایەتی مەوجود لە کۆمەڵگە کە بەدەنگی بەرز هاوار دەکەن و دەڵێن دنیای ئەمڕۆ دنیای شایستەی ئینسان نییە، دەسەڵاتەکانی ئەمڕۆ دەبێت بڕۆن و گۆڕیان گومکەن، هاواری دنیایەک دەکەن کە دنیای خۆشگوزەران و یەکسان و ئازاد بێت بۆ هەموون.

ئەگەر ناڕەزایەتیەکانی هەر ئێستاو لەمساڵدا وەرگرین لە ناڕەزایەتی کرێکاران و باقی بەشەکانی کۆمەڵگەی ئێران، ناڕەزایەتیەکانی ئەم مانگەی عێراق و لوبنان، ڕژانە سەرشەقامی ملیۆنی خەڵکی کرێکارو لاوان و ژنان لە شارەکان و داوای ڕوخانی دەسەڵات دەکەن و ترسیان خستۆتە ناو دڵی هەموو حزبەکانی بۆرژوازی دەسەڵاتدار بە ئیسلامی و قەومیەوە، ناڕەزایەتیەکانی ئەم ماوەیەی چیلی بەدژی فەسادو حکومڕانی گەندەڵ کە دەسەڵاتداران ترسیان لەم ناڕەزایەتیانە هەیەو بەدوژمنی چینایەتی خۆی دەزانێت و نایشارێتەوە، ناڕەزایەتیەکانی سودان کە دەسەڵاتی ناچار بەپاشەکشەکرد، ناڕەزایەتیەکانی ئەم ڕۆژانەی یۆنان و هێڵەک زەردەکانی فەرەنسای چەند مانگە، ناڕەزایەتیەکانی کرێکارانی ئەمریکاو بەریتانیاو باقی وڵاتانی ئەوروپا، بەدژی بێکاری و کرێی کەم و جەنگ و دژی خراپی ژینگە بە دژی گرانی، ناڕەزایەتیەکان بۆ دیفاع لە پەنابەران، ناڕەزایەتیەکان بەدژی کارکردنی ڕۆژانەی مندالان و گەورە ساڵان لە وڵاتانی پاکستان، ئەفغانسان و بەنگلادش رۆژی بە یەک دۆلار لە لایەن خاوەنداریێتی سەرمایەدارەکانی ئەم وڵاتە زلهێزانەوە و سەعات کاری زۆر، ناڕەزایەتیەکان بەدژی نایەکسانی ژنان… ئەمانەو سەدان ناڕەزایەتی تری چینی کرێکارو کەمدەرامەتی کۆمەڵگە کە ڕۆژانە دەڕژێنە سەر شەقامەکان و کە پانتایی لاپەڕەی میدیاکان داگیر دەکەن. هەموو ئەو ناڕەزایەتیانە چ لە وڵاتانی زلهێزی ئابوری و چ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا و ئاسیادا، ناڕەزایەتیە بۆ ژیانێکی باشتری ئینسانی و ئازادی و دابینکردنی کارو کرێیەکی شایستە بە ژیانی ئینسانی سەردەم و دژی جەنگ و کوشتارو ئاوارەیی و تیرۆر و سەرکوتە. بەڵام دەسەڵاتداران لەمە دەترسن و دەزانن ئەم ناڕەزایەتیانە هەڕەشەیە لە ئایندەی دەسەڵاتیان و ئەم ناڕەزایەتیانە بە تارمایی سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم دەبینن بەسەر سەری خۆیانەوە.

ترمپ و بۆریس جۆنسن و نایجل فراژ، تا دەگاتە بۆرژوازی میلیشیاو بنەماڵەیی وڵاتانی ڕۆژهەڵات بەئاشکرا خەتەری ئەم سۆشیالێزم و کۆمۆنیزمە لە ئایندەی ناڕەزایەتیەکاندا دەبینن بەدژی دەسەڵاتی خۆیان، ناڕەزایەتیەکانی لوبنان و عێراق لەوەی هەڕەشەی ڕوخانی دەسەڵات دەکەن، بە ئاشکرا دەسەڵات و حزبەکان پاشەکشەی زۆریان کردووەو بەڵێنی زۆریان داوە. لەو ناڕەزایەتیانەدا کەبەدژی دەخالەتی جمهوری ئیسلامی ئێرانە لە عێراق و لوبنان، حەسەن نەسروڵای لەبەرامبەر خۆپیشاندەراندا راگرتووەو لە عیراقیش میلیشیاکانی سەر بەئێران و حەشدی شەعبی و سەدری خستۆتە بەردەم ترس و نیگەرانیەوە، ترەمپ و جۆنسن ترسی ئەم ناڕەزایەتیانەو بەهێزبوونی چەپێکی سۆشیالیست لەخوارەوەی کۆمەڵگە دەبینن و بۆیە بە راشکاوانە لە مناسەبات و کۆنفراسەکانی خۆیاندا هێرش بۆ سەر سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم ناشارنەوە، واتە بۆرژوازی هەر بزوتنەوەیەک بەدژیان بێتە مەیدان و هەر حزبێکی ئۆپۆزسیۆن لەبەرژەوەندی خەڵکەوە دواکاری چاکسازی بکات ئەوە بە سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم ناوزەدیان دەکەن.

نەک تەنها ئەوە، بەڵکو دنیای ئێستا کە دنیای دەورەی چەند قوتبیەو چاوەڕێی جەمسەری ترو جێگۆڕکێی وڵاتان لەم جەمسەرانە لە وینەی بەریتانیا و جیهێشتنی قوتبی رۆژئاواو هەوڵی رۆشتنی بەرەو ئەمریکا، هەروەها جێگۆڕکێی جێگای هاوپەیمانان، بۆیە بۆرژوازی ریزە یەگرتوو و بەهێزەکانی لە جەمسەرەکاندا نەماوە، نەک ئەوەی بەریتانیا یەکێتی ئەوروپا جێدەهێڵێت بەڵکو، بۆرژوازی لەهەلومەرجێکی ئەزمەی سیاسی و ئابوریدایە، هەتا لەناوخۆیاندا کە ئەگەر سیاسەتی بەرامبەرەکەی بەدڵ نەبێت ئەوا بە کۆمۆنیست ناوزەدی دەکات، نموونەی ئەم ڕۆژانەی نایجڵ فراژ لە حزبی برێگزت لە پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپادا لەبەرامبەر هەندێ کاندیدی وڵاتەکاندا هەڵدەستێتە سەرپێ و بۆ کۆمۆنیست ناوزەدیان دەکات.

هەلومەرجی ئێستا لە ئەوەی ئەمریکاو ترەمپ لەهەڵکردنی گڵۆپی سەوز بۆ فاشیەتی دەوڵەتی تورکیا و ئوردوگان، هەڵوێستی دووفاقی روسیا لەسەر سوریاو سەردانەکانی روسیا بۆ سعودیە و پەیوەندی خۆشکردن لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی، لاوازی دەوری غەرب لەئاستی ناوچەکەدا، لەسایەی بەرژەوەندی و چاوچنۆکی ئەم قوتبانەو هاوپەیمانەکانیاندا، بێ ئیعتبار بوونیان لەئاستی دنیادا بە ناڕەزایەتی و بەردبارانکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا و کوردستاندا، ناڕەزایەتیەکانی جیهانی تەقاندۆتەوەو کۆمەڵگەی جیهانی لەبەرامبەر هێزە ئیمپریالیستی و بۆژوازیە ناوچەیی و محلیەکاندا بەشێوەی بەرچاو و ڕوو لەسەر داناوە. نەک هەرئەمە، بەڵکو ریزی قوتبەکان (جەمسەرەکان ) و هاوپەیمانەکانی لەبەریەک ترازاندووە و ڕیزەکانی بۆرژوازی یەک وڵات و هەتا یەک حزبی بۆرژوازی دەسەڵاتداریشی لەبەریەک هەڵوەشاندۆتەوە، هەموو ئەوانە دەرگای بە ئاوەڵایی بۆ جێگۆڕکێی هێزو وڵاتانی جەمسەرەکان و هاوپەیمانیەتەکان کردۆتەوە. ئەم هەلومەرجە جیهانیە بەهەمانشێوە هەلومەرجێکی هێناوەتە مەیدانەوە کە دەرگای بەڕووی کرێکاران و ژنان و لاوان و جەماوەری کەمدەرامەت و نارازی کۆمەڵگە کردۆتەوە بۆ ناڕەزایەتی فراوانترو هەتا هەڵپێچانی سیستەم و دەسەڵاتداریێتی ئەمڕۆ، داوکاریەکانی ڕۆشتی دەسەڵات، نا بۆ حکومی میلیشیا و بنەماڵە، نا بۆ هەژاری و نەبوونی نەداری و ئاوارەیی و بەدژی چەکی کیمیایی و نا بۆ سەرمایەداری و بەڵێ بۆ ئازادی و خۆشگوزەرانی، کۆمەڵگەی لەبەردەم ئەلتەرناتیڤێکی تردا راگرتووە.

هاتنەمەیدان و داواکاریەکانی ئازادی و خۆشگوزەرانی لەدنیادا بۆخۆی لە خواستەکانی سۆشیالیزمە، وە لە کۆمەڵگەکانی لوبنان، عێراق، چیلی، ئێران، سودان، تونس و ئەفغانستان، زۆرێک لەمانە لە زۆرێک لە وڵاتەکاندا وەکو ئەوەی ترسیان لەسەر حزبوڵای لوبنان و جمهوری ئیسلامی، موقتەدا سەدر و بۆریس جۆنسن و ترمپ و هێزەکانی تاڵیبان، دەسەڵاتی یۆنان و چیلی داناوە. بەڵام ئەمە هێشتا سەرەتای کارێکە کە بەشی خوارەوەی کۆمەڵگە داوای دنیایەکی شایستەی ئینسانی بۆ خۆیان و نەوەکانیان دەکەن، واتە هێشتا لەسەرەتای کارێکدان چەندە پاشەکشە بە دەسەڵاتداران بکەن و چەندە خواست و داواکانیان بسەپێنن دەستکەوتە، بەڵام ئەمە ئایندەیەکی باشی ئینسانی لەژێر چاکسازیەکانی بۆژوازیدا کە لەژێر فشاردا ئەنجامی دەدەن، بۆ هەمیشە مسۆگەر ناکات.

ئەم هاتنە مەیدان و داوایانە کە بۆ ئایندەیەکی باشتری ئینسانی بۆ هەموو کۆمەڵگەیە، کە تاکەکان دەتوانن لەویدا بەهرەمەند بن لە ژیانێکی باشتر، ئەمەش بە ڕوخانی سیستەمی سەرمایەداری و جێگرەوەی بە سیستەمێکی نوێی سۆشیالیستی بەدەست دێت، کە بۆ ئەمەش لەمەیداندا بوونی کرێکارانی وشیارو ڕێکخراو بوونی جەماوەری کەمدەرامەتی کۆمەڵگە کە ئێستا لە شەقامەکاندان، بە رابەرایەتی حزبی کۆمۆنیستی و مارکسی بە سەرئەنجام و سەرکەوتن دەگات. هەربۆیە ئەوەی دەوترێت دەسەڵات دەبێ بڕوات باشە، بەڵام دەبێ چ هێزو دەسەڵاتێک شوێنی بگرێتەوە مەسەلەیەکی گرنگ و حەیاتیە. هەڵپێچانی سیستەمی سەرمایەداری و دەسەڵاتداریێتی بۆرژازی بە خەباتی فەردی و جەماوەری بەرشوبڵاو و ناڕێکخراو چەندە فراوانیش بێت کە ئێستا لەدنیادا ریزی سەدان ملیۆنی ئینسانەکان هەوڵی بۆدەدەن بەبێ ڕێکخراو بوون و لەدەوری ئەلتەرناتیڤی سۆشیالیستی و بەبێ بزوتنەوەیەکی کرێکاری و بزوتنەوەیەکی کۆمۆنیستی مەیداندار، لە بازنەیەکدا دەخولێتەوە و دووبارە دەبێتەوە و دەسەڵات هەر لە دەستی بۆرژوازیدا بە ڕەنگ و جۆری ترەوە ئاڵوگۆڕ دەکات.

٢٨/١٠/٢٠١٩

# وەرنە مەیدان بۆ پشتیوانی چەوساوەکان

**نووسینی: عبدالرحمن ڕەسول**



شۆڕشی چەوساوەکان لەلایەن خەڵکی بەشمەینەت وچەوساوە و هەژارو کرێکاران و زەحمەتکێشان هاوشانی تێکۆشەرانی ئازادیخوازو یەکسانیخوازو مرۆڤدۆست بەردەوام لەبەرخۆدان و تێکۆشاندایەو گەشەی پێدەدرێت. ئەم تێکۆشان وبەرخۆدانەش لەئەنجامی هەبوونی دەسەڵات و سیستەمی گەندەڵ و دز وچەوسێنەرو نابەرابەرو نایەکسان و سەرکوتگەرەوەیە. لەهەر وڵات وکۆمەڵگەیەک هەژاری وبێکاری ودزی و گەندەڵی وچەوسانەوە هەبێت تێکۆشان درێژەی دەبێت و شۆڕشی چەوساوەکان ناوەستێت. بۆ سەرکەوتنی شۆڕش و گەشەی تێکۆشان لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازی لەئاستی گەشەی وشیاری خەڵکی چەوساوەدایە لەچۆنێتی تێکۆشانیان وڕێکخراوبوونیان بۆ هێنانەدی نان، کار، ئازادی دایە، هەربۆیە ئەنجامی تێکۆشانەکانی خەڵکی چەوساوە بەرهەمەکەشی جیاوازە. بەڵگەیەکی ئاشکرا هەیە کەسیستەمی چەوسێنەرو نایەکسان و نابەرابەرو سەرکوتگەر لەهیچ کۆمەڵگەیەکی جیهان ناتوانێت هەر بەدەوام بێت. قەیران و کێشەکان جیهانی مرۆڤایەتی گرتۆتەوە ئەمەش بەهۆی زاڵبوونی سیستەمی چەوسێنەری سەرمایەدارییەوە کە چەندەها ساڵە توشی قەیران و کێشەی جۆراوجۆری ئابووری و ژینگەی و سیاسی و ئیداری بۆتەوە، ئەمەش لەبەرئەوەیە لەسەرجەم سیستەمەکانی سەرمایەداریدا تەنها گرینگی بە قازانج و کۆکردنەوەی پارەو سامانیان دەدەن. کۆکردنەوەو قازانجی پوڵ و سەرمایەشیان لەسەر بناغەی چەوسانەوەی کرێکاران و خەڵکی بەشمەینەتی هەژاری کۆمەڵگەکانی جیهاندایە، کە بەجۆری دزی و گەندەڵی و نابەرابەری وچەوسانەوە پوڵ وسامانەکەیان بەدەستی دەهێنن. هەربۆیە کاتێک سەرمایەداران و بەرپرسانی باڵای دەوڵەتەکان وحکومەتەکان وحیزبەکان سەرمایەکانیان زیاد دەکات و دەبنە سەرمایەداری بەناوبانگ کەژمارەی پێوانەی تۆماربکەن لەئاستی سەرمایەدارانی جیهان و ناوچەییدا، لەهەمان کاتدا ڕێژەی گەشەی بێکاری و زیادبوونی هەژاری و نەخۆشی وپیسبوونی ژینگەی کۆمەڵگەکەیان بەردەوام زیاد دەکات. گاڵتەجاری دەوڵەتان لەوەدایە کە بەناوی (خەڵاتی ئاشتی نۆبێل) ماوەی مانگێک نابێت بەر لەئێستا، دەوڵەتی ئێتیۆپی خەڵاتی ئاشتی نۆبێلی وەرگرت، کەچی لەئێستادا لەخۆپیشاندانی نارەزایەتییەکانی خەڵکدا لە ئادیسا بابای پایەتختی ئەو وڵاتەدا زیاتر ٦٠ کەس بوونەتە قوربانی، بە گوێرەی هەواڵ و سەرچاوەکانی ڕاگەیاندن کە بڵاوکراوەتەوە ئەو ژمارەیە تەنیا لە ماوەی ڕۆژی چوارشەمە تا هەینی دا کوژراون لە٢٥-١٠-٢٠١٩. واتە لەماوە یەک هەفتە کەمتردا. ئەمە نیشانەی هەبوونی دەسەڵاتێکی مرۆڤکوژ نیشان دەدات، نەک دەسەڵاتێکی ئاشتیخواز کە خەڵاتی جیهانی ئاشتی پێبدرێت. ئەمە ئەوپەڕی گەمژەیی دەسەڵات و موبەلیغانی بەخشینەوەی کاربەدەستانی باڵای بەناو خەڵاتی ئاشتی نۆبێل دەردەخات. کە لەئێستادا بێ هەڵوێستن لەئاست ئەوقەسابخانەیەو کۆمەڵکوژیانەیە کە لەلایەن سەرۆک وبەرپرسانی دەوڵەتانەوە بەڕێوەدەچێت، نموونەش وەک جەنگ و کومەڵکوژی و ئارارەیی کە ڕوبەڕوویی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان بۆتەوە کەدەوڵەتی فاشیزمی تورکیا ئەنجامی داوە. کەچی دەوڵەتانی پێشکەوتوو لەئاستیدا بێ هەڵوێستن، هیچ نەخشەڕێگای چارەسەری ئینسانیان بۆ ڕۆژئاوای کوردستان لەسووریا نەخستۆتە ڕوو. خەڵکی ناڕازی و چەوساوەی شیلی بەهۆی هەبوونی سیستەم و دەسەڵاتێکی گەندەڵ ودزو سەرکوتگەرەوە ڕژانە سەر شەقامەکان بۆ هێنانەدی ژیانێکی باشتر. یەک ملیۆن دەنگی نارەزایەتی کرێکار و فەرمانبەر و خوێندکار و خەڵکی هەژاری شیلی لە ساناتیاگۆ دژی بە حکومەتی نیولیبراڵ دەڵێن یان گوێبگرە یان دەست لەکاربکێشەوە. ئەگەرچی بەدەست لەکارکێشانەوەش چارەسەری قەیران وکێشەکانی خەڵک ناکرێت، بەڵکو پێویستە خەڵک خۆی بەشداربێت لە ئیدارەدان وبەڕێوەبردن و دەرکردنی یاساکاندا.

خۆپیشاندانەکانی کرێکاران وچین وتوێژە جیاوازەکانی ئێران و ڕۆژ هەڵاتی کوردستان بۆ هێنانەدی ماف وئازادییەکانیان زۆرێک لەشارەکانی ئێرانی گرتەوە لەساڵانی ڕابردوو، لەئێستاشدا نارەزایەتی کرێکاران لەچەند ناوەند و کارگەو شارێک بەردەوامە، خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی ئێران داوای گوڕانکاری لەدەسەڵات وسیستەمی چەوسێنەری ئیسلامی لەئێران دەکەن. خۆپیشاندان و نارەزاییەتی خەڵکی کرێکار و بێکارو زەحمەتکێش و هەژاری عێراق لە بەغداد و شارەکانی باشور ئەنجامدرا و بەهۆیەوە ٧٠ کەس گیانیان لە دەستداوە و٣٠٠٠ هەزار کەسیش بریندداربوون. ٧٠ باڵەخانە سووتاون. "عادل عەبدولمەهدی" سەرۆک وەزیرانی عێراقیش پارێزگارەکان سەرپشک دەکات لە ڕاگەیاندنی قەدەغەکردنی هاتوچۆ لە پارێزگاکانیاندا. سەرچاوەکانی هەواڵ بڵاویانکردەوە، کەنزیکەی ٣ هەزار خۆپیشاندەریش چوونەتە بینای حکومەتی خۆجێیی "ناسریە" و سوتاندویانە. لە "بەسرە"ش نەخۆشخانەکان خراونەتە حاڵەتی ئامادەباشییەوە بۆ وەرگرتنی برینداران و چارەسەرکردنیان. دوای ئەوەش لە بەسرە و زیقار و دیوانیە قەدەغەکردنی هاتوچۆ ڕاگەیەندرا، "عادل عەبدولمەهدی" سەرۆک وەزیرانی عێراق، پارێزگارەکانی سەرپشک کرد لە ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتوچۆ لە ناوچەکانیاندا. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە خەڵکێکی فراوان دەستی بەنارەزایەتی وخۆپیشاندان لەدژی دەسەڵاتداران و بەرپرسانی باڵای حکومەتی عێراقی کردووە. "عەلی سیستانی" مەرجەعی باڵای شیعەکانی عێراقیش ڕایگەیاند، پێویستە هێزە ئەمنییەکان خۆپیشاندەران بپارێزن و دەبێت خۆپیشاندانیش بە شێوەیەکی ئارام بەڕێوەبچێت، هاوکات سیستانی داوای پێکهێنانی بەرەیەکی سەربەخۆی کردووە بۆ گفتوگۆکردن لە نێوان خۆپیشاندەران و حکومەت بۆ سەرپەرشتیکردنی چاکسازییەکانی حکومەتی عێراق. ئەوەی عەلی سستانیش دەیڵێت بۆڕاکێشانی سەرنجی خەڵکی ناڕازی یە بۆئەوەی بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاریان بهێنێت، ئەوە هێزە چەکدارە میلشیا ئیسلامییەکانن لەسایە دەوڵەتی سەرکوتگەری عێراقدا خەڵکی خۆپیشاندەرو ناڕازی بەر فیشەک دەدەن و دەکەنە قوربانی وشەقامەکانی شارەکان بەخوێنی هاوڵاتیانیانی ناڕازی سوور دەکەن. کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤیش ڕایگەیاندووە، بارەگای عەسائیب ئەهلی حەق و ڕەوتی حیکمە و حزبی دەعوە و ڕێکخراوی بەدر لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە سوتێنراون. بەپێی کۆمسیۆنەکە، هێزە ئەمنییەکان لە گۆڕەپانی "تەحریر"ی "بەغداد" گازی فرمێسکرێژ و گوللەی لاستیکیان بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران، بەکارهێناوە. هۆشیاریی و شارستانییەتی کۆمەڵگە و هێزە چەکدارەکانی دەوڵەت، لە دۆخێکی وەهادا دەردەکەوێت. زۆر بەداخەوە بەردەوام خەڵک دەبێت قوربانی زیاتر بدات. خۆپیشاندان لە زۆربەی شارەکانی ناوەڕاست وباشووری عێراق لە دژی گەندەڵی، هەژاری، بێکاری بەردەوامە، بەگوێرەی هەواڵەکان لە ماوەی دوو ڕۆژ زیاتر لە٧٠ هاوڵاتی کوژراوە،٣٠٠٠کەسیش بریندداربووە. لە هەندێک شوێن بۆتە شەڕی نێوان میلشیای هێزە شیعەکان بەتایبەتی عەسائیبی ئەهلی هەق و سرایا، خۆپیشاندەران چەند باڵەخانەی حکومی و پارێزگایان ئاگر تێبەرداوە، لە موسەناش ئاگریان لە بارەگای ئەم حیزب و ڕێکخراوانە بەرداوە المقرات المحترقة الى الان في السماوة ١- سرايا الخراساني ٢- حزب الفضيلة ٣- حركة البشائر ٤- تيار الاصلاح ٥- مقر العصائب ٦- تيار الحكمة ٧- مقر منظمة بدر ٨- كتائب سيد شهداء ٩- حزب الدعوة الإسلامية ١٠- مكتب مجلس الاعلى الاسلامي ١١- ائتلاف النصر ١٢- مكتب مفوضية الانتخابات. ئەمەی ڕوودەدات نارەزایەتی خەڵکی چەوساوەی کرێکارو زەحمەتکێش وبێکار وهەژارانە لەدژی دەسەڵات وسیستەمی سەرکوتگەرییە، تەنها لەیەک کۆمەڵگە و ناوچەدا نییە، ئەمەی ڕوودەدات دەنگ وسەدای خەڵکی وشیاری چەوساوەیە بۆ نەمانی چەوسانەوە. ئەم ڕاچڵەکینە لە ئەمریکای لاتین تا ئسپانیا و بەرشەلۆنە و فەرەنسا و ئێران و عێراق و لوبنان و ئاسیا و ئەوروپا هەموو لایەکی گرتۆتەوە. لەسەرجەمیان چەوساوەکان تێکۆشان بۆ هێنانەدی ژیانێکی باشتر دەکەن کە نان، کار، ئازادی بۆهەمووان بەبێ جیاوازی دەستیان پێ ڕابگات. ئومێد بە ژیانێکی باشتر لەسەرکەوتنی ئەم خەباتە جیهانیەی چینی چەوساوەکانی ئێمەدایە. نارەزایەتیەکان و مانگرتنی شیلی بەدژی حکومەت و دەسەڵاتی فەسادو گەندەڵ بەردەوامەو درێژەی هەیە، دەسەڵات هەموو هێزی خستۆتە کار بۆ سەرکوتکردن و وەڵام نەدانەوە بەخواستەکانی خەڵک و بە جەنگی گەورەی دادەنێ و ترسی زۆری لەهاتنە مەیدانی هێزی فراوانی جەماوەری چەوساوەکان وکرێکارو بێبەشی کۆمەڵگە هەیە.

لەبارودۆخی ئێستا باشترین نەخشە ڕێگا کە خەڵکی ناڕازی کوردستان و عێراق جێبەجێی بکات لەپێناو نەمانی چەوسانەوەو نابەرابەری ونایەکسانی وگەندەڵی ودزی، کارکردنە لەسەر گەشەدان بەبزووتنەوەی شوورایی جەماوەری خەڵکەکە لەناو نارەزایەتییەکانی خەڵکی ناڕازی دابمەزرێت. بەئاراستەی گۆڕانکاری لەدەسەڵات وسیستەمی دزو گەندەڵ وچەوسێنەر، دواتر بەدامەزراندنی سیستەمی حکومڕانی شوورایی خەڵک، کە لەجۆری ئیدارەدانی کۆمەڵکاری شوورایيدا. شووراکان دەبێت خەڵک خۆی هەڵی بژێرێت نەک حیزبەکان، بۆڕەخساندنی بارودۆخیش ئەویش هەر دەبێت خەڵک خۆی دروستی بکات. بزووتنەوەی شوورایی دەبێت لەناو نارەزایەتییەکانی خەڵک دابمەزرێت، بۆ ئەوکارە هەموو ئەوانەی کەباوەڕیان بەئیرادەی ئینسانی مرۆڤەکان هەیە کە کۆمەڵگە بەڕێوەبەرن دەتوانن هاوکارو هاندەربن لەگەشەدان و خولقاندنی بارودۆخێک کە کۆمەڵگە ئاراستە بکات بەرەو دەسەڵاتی خەڵک لەشێوەی شوورایيدا. بۆئەمەش چەپ وکۆمۆنیست وشیوعی ئازادیخوازو مرۆڤ دۆستان دەتوانن هاوکاربن بەمەرجێک دڵسۆزانە لەخەمی هێنانەدی نان و کارو ئازادی هەمووانداد بن، بەبێ جیاوازی. لەئێستادا بزووتنەوەی کرێکاری ئەگەر لاوازیش بێت دەتواندرێت بەتێکۆشانی جەماوەری بێکاران وزەحمەتکێشان و چەوساوەکانی کۆمەڵگە پڕبکرێتەوە، بەمەرجێک لەگەڵ خواست و داواکارییەکانیان و لەئاستی تێگەیشتنیان نەخشە ڕێگای ئینسانی بخرێتە ڕوو. شەپۆلی ئەمجارەی نارەزایەتییەکانی خەڵکی چەوساوە شەپۆلێکی ئینترناسیۆنالیستیە کە عێراق و لوبنان و میسرو شیلی و بۆلیڤیاو هتدی گرتۆتەوە، وە دوای درێژترین قۆناغ دێت لە کەقەیرانی ئابووریی سەرمایەداری لە ٢٠٠٨ تێکەوتووە ناتوانێت چارەسەری بکات. ئەم نارەزایەتی و شۆڕشە زۆرێکی تری وڵاتانی تریش دەگرێتەوە کە گیرۆدەی کێشەو قەیرانی گەندەڵی و دزی و نابەرابەری وسەرکوت وچەوسانەوەن. سەرکەوتنی نارەزایەتی لەئێران وعێراق بەندە بەگەشەی وشیاری خەڵکی ناڕازییەوە. لەبەرئەوەی لەئێران زیاتر لەچل ساڵە سیستەمی دینی زۆر بێ ڕەحمانە تاکەکانی کۆمەڵگە دەچەوسێنێتەوە وئازادییەکان قەدەغە دەکات. هەمان مۆدیلی سیاسی ئیسلامی لەڕێگەی بەرپرسەکانی خۆیەوە گۆستەوە بۆ عێراق، لەعێراقیش هەروەک ئێران گیرۆدەیە بەسیستەمێکی مەزهەبی سەرکوتکەر کە بەدرێژایی تەمەنی دەسەڵاتی گەشە بەدزی و گەندەڵی وگەشە بە بیروباوەڕی کۆنەپەرستی ودژە ئینسانی دراوە. سەروەت وسامانی گشتی عێراق بۆ خزمەت و گەشەی ڕەوتە کۆنەپەرست ومەزهەبییەکان تەرخان کراوە، گرووپە میلیشاکانی پێ دروستکراوە دواتر خەڵکیان کوشتووە و ئاسایش و ئارامی خەڵکی عێراقیان تێکداوە. خەڵک لەمانە نارازییە دەیەوێت بڕۆن و دەسەڵات و سیستەم بگۆڕێت. کەواتە ئەرکی هێزە چەپ وکۆمۆنیست وشیوعی و ئازادیخوازەکانە کار لەسەر هێنانەکایەوەی بەدیلی ئینسانی بکەن، ئەویش لەڕێگا گەشەدان و کارکردن لەبزووتنەوەی شووراکانی خەڵک لەئێستایی قۆناغی نارەزایەتییەکاندا. هانی خەڵکی ناڕازی بدرێت لەناو مەیدانەکانی خۆپیشاندا شووراکانی خۆیان پێکبهێنن، لەهەر ناوچەو شوێنێک بێت دەسەڵاتی شوورایی خەڵک دابمەزرێنن، بەهاوکاری و هەرەوەزکاری ئیدارەی کۆمەڵگە بەڕێوەبەرن. ئەم جۆرە خۆسەری ئازادیخوازییە هەنگاو بەهەنگاو سەرجەم کومەڵگەی عێراق و کوردستان بگرێتەوە. بەمەش لەکۆتاییدا کۆمەڵگە دەکەوێتە دەست خەڵک، خەڵک خۆی لەڕێگای شووراکانی خۆیەوە حکومەت بەڕێوەدەبات ...



## پرسی ژن ؟

توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن
بۆ پەیوەندی و ناردنی بابەت: shwana.journalist@gmail.com



# سۆشیاڵ میدیا و توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان لەژێر پاساوی شەرەف

## نووسینی: شوانە حەسەن

سۆشیاڵ میدیا دەستەیەک کاراکتەری بەهێزە لە کۆمەڵگە. دەزگا ڕاگەیاندنەکان، بە نووسراو و بینراو و بیستراو یاخود پلاتفۆرمەکانی ئینتەرنێتی توانای ئاگادارکردنەوە و ڕەخساندنی بوار بۆ دیبەیت و تاوتوێ. بۆیە ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینن لە پرۆسەی فەرمانڕەوایەتی و دروستکردنی ئایدیۆلۆژیا و کەلتوور بۆ بڕیاردان. بەهەمان شێوە، سۆشیاڵ میدیا دەتوانێت ڕۆڵێکی کارای هەبێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری گشتی و گۆڕینی بۆچوونی خەڵک دەربارەی ڕۆڵی جێندەر و بیرۆکەی شەرەف. بەجۆرێک، میدیا دەسەڵاتی چوارەم پێک دەهێنێت. چۆنیەتی بەکارخستنی (بەگەڕخستنی) ئەم دەسەڵاتە گرنگی زۆری هەیە بۆ تێگەیشتن لەو سنوور و لەمپەرانەی کە خراونەتە بەردەم تێکۆشانی ئافرەتی کورد بۆ ئازادی و یەکسانی جێندەری و دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

لە ماوەی دەیەی ڕابردوو، تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندی نوێ کاریگەری بەهێزی هەبووە لەسەر ژیانی تاکەکان لە کوردستانی عێراق، لە دروستکردنی پەیوەندی و کارلێککردنی نێوان خەڵک. میدیای ئینتەرنێتی، کە گشت جۆرەکانی بڵاوکراوە و کارلێکەکانی سەر ئینتەرنێت لە خۆدەگرێت، کاریگەری دووتوێیان هەیە لەسەر ئافرەتان. لە لایەکەوە، بۆشاییەکی نوێیان بۆ ئافرەتان دروستکردووە بۆ گەیشتن بە جیهانی دەرەوە و بەشداربوون لە جۆرێکی تری کارلێککردن. لە ڕێگەی ئەم بۆشاییە نوێیە و جۆری پەیوەندیەوە، ئافرەتان توانیویانە بێدەنگی بەرامبەر توندوتیژی جێندەری بشکێنن، لە نێویاندا تاوانەکانی لە ژێر ناوی شەرەف، وە توانیویانە ئەو جوگرافیایە تێبپەڕێنن کە تێیدان، بەشداری بکەن لە دیبەیتی ئینتەرنێتی و دروستکردنی تۆڕی هاوسۆزی و بەشداریکردن لە سکاڵانامە و کامپەینی نیشتیمانی و نێودەوڵەتی، لەسەرووی هەمووشیانەوە کارێکی وابکەن کە دەنگیان ببیسترێت.

لە لایەکی ترەوە، ئەم جۆرە نوێیەی پەیوەندی و کارلێککردن ئافرەتانی ڕووبەڕووی ئاستەنگی نوێ کردۆتەوە، کە بە پشتبەستن بە بنەمای شەرەفەوە سەرچاوەیان گرتووە. ئەم تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندی نوێیە بۆشایی ڕەخساندووە بۆ بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی پێکهاتەیی و نەریتە کەلتووریەکان و شێوازی باوکسالاری کارلێککردن کە بۆتە هۆی توندوتیژی لەسەر بنەمای شەرەف.

بەهەمان شێوە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی "کاراکتەری نەناسراو" کە یاری لەسەر بنەمای شەرەف و هاوکێشەی شەرەف و لەکەدارکردن دەکەن. دەرئەنجامی ئەو توێژینەوەیە ئەوە دەردەخات کە بەکارهێنانی ئینتەرنێت و تەلەفۆنی مۆبایل بونەتە هۆکارێک بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگۆ و ئارەزوویەکی بەهێز بۆ قسەوقسەڵۆک و ویست بۆ "لەکەدارکردن". ئەوە گرنگ نییە کە ئەو ڕاپۆرتانە ڕاست بن یاخود ناڕاست، کێشەکە ئەوەیە هەبوونی بابەتێکی لەو چەشنە لە فەزای گشتی، ژیانی ئەو ئافرەتانە دەکەونە مەترسیەوە، لەنێویاندا کوشتن لە ژێر ناوی شەرەف.

زۆربەی ئەو ئافرەتانەی کە تووشی ئەم جۆرە توندوتیژیە بوونەتەوە بریتین لە کەسایەتی دیار، کە متمانەی خەڵک پێیان و وێناکردنیان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پێگەی گشتیان. لە کۆمەڵگەیەک کە ئابڕوو و متمانەی خەڵک بەرچاوترین سەرمایەیە بۆ ئافرەت، دوورنییە کە ئەو ئافرەتانە و خانەوادەکانیان دەخرێنە ژێر فشاری بەکۆمەڵ کە لەوانەیە بە گۆشەگیرکردن، خۆکوشتن وە تەنانەت کوشتن کۆتایی بێت لەوکاتەی کە ئەندامە نێرەکانی خانەوادە بڕیاری پاککردنەوەی شەرەفی خێزانەکەیان دەدەن.

"یاریەکە" بڵاوکردنەوەی وێنەی 'لەکەدارکەر' و 'دەستکرد' و ڤیدیۆی ئافرەتان لە ڕێگەی ئینتەرنێت و تەلەفۆنی مۆبایل لەخۆدەگرێت، وە نووسینی ڕاپۆرت و بابەتی ناوزڕێنەر لە دژیان لە خۆدەگرێت کە لەسەر ئینتەرنێت بڵاوکراونەتەوە، هاککردنی هەژمارە تایبەتیەکانیان لە تۆڕی فەیسبووک و ئیمەیلەکانیان و بڵاوکردنەوەی داتا نهێنیەکانیان و هەڕەشەلێکردنیان و بەدواکەوتنیان و بەکارهێنانی چەوساندنەوەی سایکۆلۆژی و سۆزداری. لە ڕووی سیاسەتێکی وردی گەوجاندن (دیمەگۆجی)، دەیانەوێت هەستی خەڵگی گشتی بوروژێنن، توڕەیان بکەن و هانیان بدەن بەرامبەر بە ئافرەتان.

ئامانجی سەرەکی ئەم جۆرە نوێیە لە توندوتیژی بریتیە لە بەگەرخستنی هێز، خستنی ئافرەت بۆ



ژێر سیستەمی کۆنترۆڵکردن و چاودێری و پەلاماردان و تۆقاندن. بەهەمان شێوە، ئەم جۆرە هێرشانە بەشێوەیەکی سەرەکی ئافرەتانی بەرچاو لە کایەی سیاسی و میدیا و چالاکوانان دەگرێتەوە، ئامانج لێی بێدەنگ کردن و پەراوێز خستنیانە. لە کۆمەڵگەیەک کە شەرەف و ئابڕوو بە بەهاترین سەرمایەی ئافرەت ئەژمار دەکرێت، ئامانجی سەرەکی هێرشبەرانی تۆڕی ئینتەرنێتی بریتیە لە لەکەدارکردنی هەمیشەیی و ئابڕووبردن، کە لەوانەیە ببێتە سەرچاوەی کوشتن، بەشێوەیەکی سیمبوڵی یاخود ڕاستەقینە. ئەو بارودۆخە چالاکوانانی مافەکانی ئافرەتانی سەرقاڵ کردووە بە ڕێکخستنی کامپەین لە دژی ئەم جۆرە کردارانە و داخوازی کردن لە دەسەڵات بۆ گرتنەبەری ڕێکاری نوێ بۆ پاراستنی ئافرەتە بەئامانج کراوەکان. لە ساڵی ٢٠٠٨، پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە ٦ [قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن] پەسەندکرد، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ناوزڕاندن و خراپ بەکارهێنانی ئامرازە نوێکانی پەیوەندیکردن. ئامانج لە یاساکە قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردنە، بەتایبەتی ئەگەر ببێتە هۆی لەکەدارکردن و پێشێلکردنی "ژیانی تایبەتی" کەسەکان و دروستکردنی مەترسی بۆسەریان. بەڵام، توێژینەوەکان ئەوە دەردەخەن، هەمووکات بەدۆکیومێنکردنی بەڵگەی لەم جۆرە چەوساندنەوەیە و جوڵاندنی پۆلیس و دادوەری بۆ پاراستنی ئەو ئافرەتانەی کە دووچاری چەوساندنەوەی ئینتەرنێتی بوون، ئاسان نییە. بەدەنگەوەهاتنی دەسەڵاتەکان، لەسەر هەردوو ئاستی یاسادانان و پۆلەسی، بۆ ئەم جۆرە نوێیە لە توندوتیژی ئینتەرنێتی چڕوپڕ نەبووە. ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەش دەردەخات کە میدیا لە کوردستان نەیتوانیوە ستراتیژیەتێکی پەرەسەندووی یەکسانی جێندەری پەیڕەو بکات بۆ لەخۆگرتنی ڕێکاری میدیایی پڕۆفێشناڵ بەستانداردی نێودەوڵەتی، لەنێویاندا ئێتیکی پیشەیی و بابەتی بوون، دروستی و یەکسانی لە رووماڵکردن و خۆ بەدوورگرتن لە ڕووماڵی دراماتیکی و باوک سالاری کە دەبێتەهۆی بەرهەم هێنانەوەی توندوتیژی.

## لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.
* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.
* بابەتی بڵاوبوەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. ڕاسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.
* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی ڕاگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.
هەڵەبری وتارو بابەتەکان، ئەرکی خاوەنی بابەت و وتارەکانە و بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی بابەتەکان... بۆیە هەرکەسێک کە بابەت یان وتار بۆبۆپێشەوە دەنێریت، ئەرکیەتی هەم هەڵەبری ئیملایی و هەم ڕەچاوی ڕێنوسی زمانی ستانداردی کوردی بکات بۆ ئەوەی دەرفەتی بڵاوبونەوە بۆ وتارەکەی بکاتەوە.
* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا ساڵح، حەکیم میرزا



## خۆزگە وەك ئاو دەڕژام

خۆزگە وەك ئاو دەڕژام
...................
من لەوێبووم
لەوێ بەشێك لەجەستەم
لێکەوتە خوارەوەو
هەموو شتێکم لێبوو بەئاو
وابزانم هەمووشتێك گاڵتە جاڕیەو
ڕۆژێك دێت تۆش دەخرێیتە مەزاتەوەو
تۆش وەك سەگێکی پیر بەدوای خۆیاندا
ڕادەکێشن
...............
من گاڵتەم بەهەمووشتێك دێت
ئەوەی کەمنی بەستۆتەوە بەتۆوە
بارانە باران
ئێمە یەکتریمان بۆناناسرێتەوە
کەچی پایزێکی دوورو درێژ
هەرمێ تەزیوەکانی ئەو دیو پەنجەرەی
ڕۆح دەنوسێێن بەسنگمانەوەو
گۆرانیەکی کاڵو کرچ لەتەك خۆمانا دەخەوێنین
.............
من لەوێبووم
ئەوکاتەی دار زەیتونەکانی
ئەو دەڤەرەیان بەردباران کردو
زەردە خەنەی کچەکانی سەرکانیان
بەپێوە خنکاند
من سەرم بەناو کۆشمدا شۆرکردبۆوەو
داڵغەم بەگۆڕستانەوە لێدەدا
ئەزانم تۆ تێمناگەیت نازانیت
من بۆچی ئەم
تابوتە بەتاڵە بەدوای خۆمدا ڕادەکێشم و
بەدەنگێکی بەرزەوە هاوار دەکەم
ئەم بزمارانە تەنگیان لەبەر هەڵچنیوم
بێزارم بێزار
ئەمەوێت بونو نەبونی خۆم بخەمە
کۆڵە پشتەکەمەوەو
ئێرە بەجێبێڵم
..............
هەموو شتێك
دەکوژرێت
چاو بەبێ چاوی لەبەردەرگا فڕێدەدەن
سەر بەبێ سەری دەخەنە تەنەکەی
خۆڵەوە
ئەزانم جەستەی منیش مێرولەی ڕەش
تێیدەدات و
دڵێشم دەبێتە ماڵی قالۆنچە سورەکان
.............
من لەوێبووم
بەلایەکی چاومەوە سەیری
ئەملاو لای خۆم دەکرد
لەبەر خۆمەوە لەگەڵ ئاوێنە ماتەکە دەدوام
دڵم دەخستە سەربالی ئەوپەپولانەی
کەبەزەنگی کلێساکان ڕادەچلەکین و
بەبانگی بەیانیان
دەگریان
.............
سەرم پڕە لەخۆم
پڕە لەدوکەڵی ئەم هەموو غوربەتەو
پڕە لەداگەڕان بەناو ئەم هەموو غەدرانەداو
پڕەلەعارەقی سەرناوچەوانی
کچە شەنگالیەك
من لەوێبووم
بەبێ ئەوەی بەخۆم بزانم
بووبوم بەنامەکەی ناوگیرفانی
عومەری خاوەر
...............

حەکیم میرزا
ئۆکتۆبەری ٢٠١٩/٢٢

## بەرهەمی تازەی هونەرمەند هیوا ساڵح




## بەرهەمی تازەی هونەرمەند عومەر دەرویش



# هەواڵی ناڕەزایەتییە کرێکاریی و جەماوەرییەکان

## ئامادەکردنی: ئاراس ڕەشید

### ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی عێراق



لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەرەوە خۆپیشاندانەکان لە شارەکانی خوارووی عێراق دەستی پێکرد، و لە ٢٤ی ئۆکتۆبەرەوە پێی نایە دەورەیەکی تازە لە خۆپیشاندان ناڕەزایەتی. هۆکاری سەرەکی بەرزبوونەوەی ئاستی تووڕەیی خەڵک لە سیاسەتی گشتی تایەفی و گەندەڵی ڕژێمی سیاسی عێراقەوە سەرچاوەی گرتووە کە شۆڕبۆتەوە بۆ نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی ئاو و کارەبا و بێکاریەکی زۆر و بەفیڕۆدانی سامانی وڵات دەستێوەردانی وڵاتانی ناوچەکە وەک ئێران و سعودیە و تورکیا تا دەگات بە ئەمەریکا. لە ساڵی ٢٠١١ ەوە ناڕەزایەتی لە ئاستە جۆراوجۆرەکان کراوە و ڕێکخراوە و لەلایەن هێزە سیاسیەکانەوە سوودی لێبینراوە. بەڵام ئەمجارە خەڵک لەو گەمە سیاسیە مەزهەبی و تایەفی و قەومیە باشتر تێگەیشتووە، هەر بۆیە تاوەکو ئێستا نەیانهێشتووە لایەنەکانی ناو عەمەلیەی سیاسی عێراق دەخالەت بکەن. شایانی باسە ناڕەزایەتیەکانی لوبنان و شیلیش کە هاوکات بوون، کارکردی خۆی هەبوو لە ئاستی گشتیدا و لە شێوەی ڕێکخستن و هاتنە ناوەوەی سونەت و شێوەکاری تازە.

خۆپیشاندانەکانی ئەمجارەی ئۆکتۆبەر سیما و ئامانجی نوێی سیاسی و کۆمەڵایەتی و شێوەکاری لەخۆگرتووە و جێگەی سەرنج و ڕاوەستانە لەسەری. چونکە ماوەی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و هاتنی دەسەڵاتی سیاسی مەزهەبی و تاییفی قەومی سەر ئێران و سعودیە و تورکیا و دەستێوەردانی ئەمەریکا لە ٢٠٠٣ ەوە نائارامی لە شارەکانی خواروو هەر ماوەو سەردەمێک بە بیانوویەک. کێشەکانی سوونە لە شارەکانی فەلووجە و ئەنبار تادەگاتە دواییینیان کە داعش بوو. ئەم هەلومەرجە وڵات بەگشتی و خەڵکی بەتاییبەت زۆر بردە دواوە لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی سیمای مەدەنیەوە، بەتاییبەت مەسەلەی برەودان بەمەزهەب بە تاییبەت مەزهەبی شیعەو ژیانەوەی لە لایەن ئێرانەوە و بەهێزبوونی جێ پێگەی ئێران، ئەمەش بەئێرانکردنی عێراقی پێوە دیار بوو لە ڕووی مافی ژنان و منداڵ و مەدەنیەت تا دەگاتە سەرکوتی سیاسی و ڕۆژنامەگەری و بیروڕا.

لەم خۆپیشاندانەدا زۆرێک لەم سیمایانە بەرچاون بەنموونە (بەشداری زۆری ژنان، هاوکاری یەکتر لەلایەن خۆپیشاندەران لە مەسەلەی خواردن و تیمارکردن و گواستنەوە و دیارنەبوونی شیعارە مەزهەبی و قەومی و تایەفیەکان، پشتیوانی خوێندکاران و مامۆستایان و بەشێک لە کرێکارانی گازی بەسرە، هەروەها فراوانبوونەوەی بۆ زۆرێک لە شارەکان کە دوایینیان شاری دیالە (بەعقوبە) بووە، دەستگرتن بەسەر زۆرێک لە بارەگای حزبەکانی ناو دەسەڵات و بینایەی پارێزگا و قایمقامیەت و شوێنە حکومیەکان، هەروەها وەڵامدانەوەی دەسەڵاتداران و هاتنە سەرخەتی پەرلەمان و حکومەت بە بەشێک لە داواکاریەکان، گۆڕینی داواکاریەکان بەپێی چوونەپێشی تەوازن هێز، واتە بەرزکردنەوەی داواکاریەکان کە دوایینیان داواکردنی هەموو دەسەڵاتێک بۆ خەڵک. لەبەرامبەردا دەسەڵاتداران لە ڕێگەی هێزە ئەمنیە سەرکووتگەرەکانیانەوە بە دڕەندەترین شێواز وەڵامی خۆپیشاندەرانیان داوەتەوە و زۆرترین قوربانی و بریندار و گرتنی لێ کەوتۆتەوە. بەپێی ئامارەکانی مافی مرۆڤی عێراق پتر لە ٢٥٠ کوژراو ٥٥٠٠ بریندار و ژمارەیەکی نادیار لە گیراو هەیە. ئەم ژمارانەش زۆر دروست نین ڕەنگە زۆر لەوە پتر بن، چونکە دەسەڵات ڕێی بەهیچ نەخۆشخانەیەک نەداوە کە ئامار بدەن بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن. شایانی باسە کە لە ٧٠٪ ی بریندار و قوربانیەکان لەسەر و سینگی هاوڵاتیان بووە. دوایین ڕاپۆرت ئاماژە بە ١٤٩ هاوڵاتی و ٨ لەهێزە ئەمنیەکان دەکات.

هەروەک دەڵێن ڕۆژانی شۆڕشگێڕی دەرس و تەجروبەی بەقەدەر دەیان ساڵی ڕۆژانی ئاسایی تێدایە و کۆمەڵگە بۆ گۆڕانکاری پاڵ پێوە دەنێت.

### ئێران... لێدان و دەستگیرکردنی کرێکارانی ناڕازای لە نزیک تاران



دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ئێران ڕایانگەیاند کە هێزە ئەمنیەکان ڕۆژی یەکشەممە ٢٧ی ئۆکتۆبەر هێرشیان کردۆتە سەر کرێکارانی ناڕازی لە شاری ئاراکی نزیک تارانی پایتەخت، دوای ئەوەی کرێکاران هێڵی شەمەندەفەری نێوان باکوور و باشووریان داخستبوو. ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوەدەکەن کە هێزە ئەمنیەکان لە کرێکارانی کارگەی"ئازەر ئاب" یان داوە، کاتێک ئەو کرێکارانە بۆ ڕۆژی ١٣هەم لەسەر یەک ناڕەزایەتیان دەربڕیوە بەهۆی نەدان و دواکەوتنی مووچە و دەرماڵەکانیان.

بەپێی ئاژانسی" ئایسنا" ی خوێندکارانی ئێرانی، ڕۆژانی یەکشەممە و دووشەممە دەسەڵات ژمارەیەکی لە کرێکارانی ناڕازی گرتوون، بەپێی قسەی چالاکوانان ژمارەی کرێکارانی دەستگیرکراو دەگاتە ٤٠ کرێکار.

لەو کرتە ڤیدیۆیانە دەردەکەوێت کە چالاکوانان لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە بڵاوی دەکەنەوە، کە چۆن هێزە ئەمنیەکان هێرش دەکەنە سەر ئەو کۆمەڵگەی کرێکاران، بەهۆی بەکارهێنانی گازی فرمێسک ڕژێن و لێدان لە ناڕازیان، بووە هۆی بریندارbوونی ژمارەیەک. بەپێی ڕاپۆرتەکان، هەندێک لەوکرێکارانە گواستراونەتەوە بۆ نەخۆشخانەی ئاراک، بەڵام هێزە ئەمنیەکان بەدوایانەوە بوون و ژمارەیەکی لێ دەستگیر کردوون. بەپێی قسەکانی ئەندامی ئەنجومەنی شاری ئاراک بۆ ئاژانسی"فارس" کرێکاران داوای ڕوونکردنەوەیان کردووە سەبارەت بە داهاتووی کۆمپانیاکە و خاوەنی پشکەکان و چارەنووسی کارەکانیان. لەئێستادا، بانکی کشتوکاڵی ( کشتوکاڵ) بە شەریکی سەرەکی کۆمپانیاکە دادەنرێت، کرێکارانیش جەخت لەوە دەکەنەوە ئەم بانکە گرنگی نادات بە مووچە و داهاتووی کرێکاران. ئەندامی ئەنجوومەنی شارەکە ڕەخنەی لە نەدانی مووچەی ٣مانگی کرێکارن گرت، و ئەوەشی زیادکرد" لەئێستادا هەموو هێڵەکانی بەرهەمهێنان لە کۆمپانیای ئازەر ئاب لەکار کەوتووە بەهۆی کەمی داواکاری و بەرهەم، هەربۆیە کرێکاران نیگەرانن لە داهاتوویان".

شایانی باسە کە ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکاران لە سەرتاسەری ئێران بەشێوەیەکی زۆر ڕوو لە هەڵکشاندایە، و هەموو کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاریەکانی گرتۆتەوە، ئەوەش لە ئەنجامی نەدانی مووچە و بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاو خۆراک و هەڵئاوسانەوە. بەپێی ئاژانسی" هەر ئانا" ی سەربە کۆمەڵێک هەڵسوڕاوی مافی مرۆڤی ئێرانی، ئەم چەند ڕۆژەی ئێران چەندان خۆپیشاندان و مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاری لە ژمارەیەک شار بەخۆوە بینیوە، لەوانە گردبوونەوەی خانەنشینانی کارگەی ئاسن لە ئەسفەهان بەهۆی نەدانی مووچەکانیان.



### خۆپیشاندانەکانی لوبنان ٢٠١٩

خۆپیشاندانەکانی لوبنان ٢٠١٩ زنجیرەیەک ناڕەزایەتی جەماوەری بوو لە ١٧ی ئۆکتۆبەر ٢٠١٩ دەستپێیکرد، بەدوای شکستهێنانی حکومەتی لوبنانی بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو قەیرانە ئابووریەی کە تێی کەوتووە. خۆپیشاندانەکان سەرەتا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەهۆی ڕاگەیاندنی پلانەکانی حکومەت بۆ سەپاندنی باجی زیاتر بۆ سەر بەنزین و توتن هات، هەروەها باجی بۆ هێڵی تەلەفۆن و ئەنتەرنێت ئەو ئەپانەی بەکاری دێنن وەک (وەتس ئەپ). کە بڕیار بوو لە ٢٢ی ئۆکتۆبەر دەنگی لەسەر بدرێت، هەروەها سوتانی دارستانەکان لە پتر لە ١٠٠ ناوچە و نەتوانینی ئیدارەکردنی کوژاندنەوەی، و قەیرانی دۆلار و لیرەی لوبنای، هەموو ئەم کێشانە لە ماوەی ئەم هەفتانەی ڕابردوو، ناڕەزایەتیەکان فراوان بوونەوە و داوای ڕووخانی هەر سێ سەرۆکایەتیەکانیان کرد لە لوبنان.

پاشخان:

ئەگەر سەرنجی خۆپیشاندانەکان بکەیت، لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی ئەو قەیرانانە بوو کە لەماوەی ئەم چەند هەفتەیەی ڕابردوو سەریان هەڵدا. لە قەیرانی دۆلار تا دەگات بە وێستگەکانی سووتەمەنی کە زیانی لە پتر لە ١٠٠ شوێن بەرکەوت لە کاتی سووتانی دارستانەکان کە هۆکارەکەی ناتوانایی لە دەستبەسەراگرتنی ئاگرکەوتنەوەکان، ئەویش بە هۆی نەبوونی نۆژەنکردنەوەی هەلیکۆپتەری ئاگرکوژێنەوەکان، هەروەها سەپاندنی باج بۆسەر بەنزین و تەلەفۆن لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە. ناڕەزایەتیەکان لە هەڵکشاندا بوون بە ژمارەی بچووک لە دەوروبەری بەیروت لە کۆتایی مانگی سپتامبەر. لە ١ی ئۆکتۆبەر بانکی ناوەندی لوبنانی پلانێکی ستراتیجی ئابووری گرتەبەر، ئەویش بە پێشکەشکردنی دۆلار بۆ هەموو ئەو کۆمپانیانەی لە بواری هاوردەکردنی گەنم و بەنزین و دەرماندا کاردەکەن، بۆئەوەی بتوانن بەردەوام بن لە کارەکانیان. شیکەرەوە ئابووریەکان پیان وابوو ئەمە چارەسەرێکی کورت ماوەیە.


لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران لە ١٧ی ئۆکتۆبەر و گفتوگۆی ٣٦ بەند لەبەرنامەی کاردا بوو، لەگەڵیدا حکومەت پێشنیاری زیادکردنی بوودجەی وڵاتی کرد بۆ ٢٠٢٠. یەکێک لە بەندەکان زیادکردنی باجی نرخی زیادە( (VATبە ڕێژەی ٢٪ بە هاتنی ساڵی ٢٠٢١ و ٢٪ بە هاتنی ساڵی ٢٠٢٢، کۆی ئەمەش دەگاتە ١٥٪. سەرەڕای ئەوە، هەروەها ٢,٠ لەسەر تەلەفۆن بە ئەنتەرنێت وەک وەتس ئاپ و فەیس تایم ...تاد زیادکرا. بڕیار بوو کۆبوونەوەی کۆتایی بۆ ڕەشنووسی بودجە لە ١٨ی ئۆکتۆبەر بەڕێوەبچێت. بەڵام لەسەر داوای سەرۆک وەزیران سعد الحريری و سەرۆک میشال عون ڕەتکرایەوە.

ناڕەزایەتیەکان

شەوی پێنجشەممە ١٧ی ئۆکتۆبەر نزیکەی ١٠٠ چالاکوانی مەدەنی ناڕەزایەتیان دژ بەو باجە تازانە کرد، ئەمە بووە هۆی داخستنی شەقامە گرنگەکانی کە دەبێتە هۆی بەستنەوەی خۆرهەڵات بە خۆرئاوای بەیروت.وەزیری پەروەردە ئەکرەم شەهیب و پاسەوانەکانی لەو شوێنەی خۆپیشاندانەکەی تێدا دەکرا تێپەڕبوون، و خۆپیشاندەران ئۆتۆمۆبیلەکەی وەزیریان تەقاندەوە. یەکێک لە پاسەوانەکانی وەزیر تەقەی هەڕەمەکی کرد و ئەوە بووە هۆی تووڕەکردنی خۆپیشاندەران، سەرەڕای نەبوونی بریندار. جێی ئاماژەیە کە وەزیر ئەندامی حزبی پێشکەوتوخوازی سۆسیالیستی لوبنانیە .PSPسەرۆکی حزب لە تویتێکدا بۆ وەزیر داوایکرد کە پاسەوانەکە بەپێی یاسا ڕادەستی پۆلیس بکەن. پاشان بووە هۆی بەدیارکەوتنی زۆرتری خۆپیشاندەران لە مەیدانی شەهیدان و نەجمە و شەقامی سورو هەروەها لە زۆرێک لە ناوچەکانی دیکە لە سەرتاسەری لوبنان. سەرۆک وەزیران کۆبوونەوەیەکی لە ناکاوی ڕاگەیاند لەسەر پێشنیاری سەرۆک مشیل عون. دوای نیوەڕۆی ڕۆژی دوایی ١٨ی ئۆکتۆبەر خۆپیشاندانەکان ترسناکتر بوون، و وەزیری پەروەردە بڕیاری داخستنی هەموو خوێندنگا و زانکۆ گشتی و تایبەتەکانیدا لە ١٨ی ئۆکتۆبەر. لە دەوروبەری کاتژمێر ١١ی شەوی ١٧ی ئۆکتۆبەر، مەحەمەد شەقیرە وەزیری گەیاندن پێشنیاری باجی تەلەفۆنی ئەنتەرنێتی وەک WhatsApp tax ی هەڵوەشاندەوە. ڕۆژی ٣٠ی ئۆکتۆبەر سەرۆک وەزیران سعد الحريری دەستی لەکارکێشایەوە.

بەپێچەوانەی شۆڕشی ئەرزی ساڵی ٢٠٠٥ کاتێک پشتیوانی سەرەکی کێشەی سیاسی لەگەڵ حزبە سیاسیەکان و دابەشبوونی کۆمەڵایەتی و ئایینی لە نێوان ئیسلامی سونە و شیعە بوو لە لوبنان. هەروەها ناڕەزایەتیەکانی ٢٠١٥ بە ڕەخنەگرتنی سەرۆکەکانی ناو کۆمەڵگە لە بەرامبەر حزب الله. ناڕەزایەتیەکانی ٢٠١٩ ئەم دابەشبوونە کۆمەڵایەتیانەی تێپەڕاند، بەجۆرێک بزووتنەوەیەکی جەماوەری ڕاستەقینە بوو هیچ حزب و لایەنێک لەپشتیەوە نەبوو وەک تایفە بە مان گشتیەکەی وەک ساڵی ٢٠١٥. بەڵکو ناڕەزایەتیەکان بریتی بوو لە" ترس لە لەناوچوون" بۆ " حکومەتی لوبنانی و نوخبەی سیاسی" و شۆڕش. ....

بۆ لاپەڕە ١٦



# دیمانەی مەنسور حیکمەت لەگەڵ بڵاوکراوەی کۆمۆنیست سەبارەت بە ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی چینی کرێکار

## بەشی سێهەم

**کۆمۆنیست: هەوڵدان بۆ پێکهێنانی سەندیکا لەبارودۆخێکدا کە کرێکاران لە هەموو جۆرە ڕێکخراوێکی جەماوەری بێ بەشن بەو مانایە نییە کە لایەنگرانی سەندیکا ئەیانەوێت لە چوارچێوەی سەرمایەداریدا بمێننەوە. دەکرێ بەڵگەشیان ئەوە بێت کە ئەگەر کێشەی بنەڕەتی ڕێکخستنی کرێکارانە لە ڕێکخراوە جەماوەریدا، پێویستە رووبکرێتە ئەو شێوازە ناسراوە لە ڕیکخراوبوون. چونکە ئاسانتر دەتوانرێت بوونی بەدەوڵەت قبووڵ بکرێت. ئەم کارە گونجاوەو لەزۆر رووە بە کردەوە دەرهاتنی گونجاوە. ئاشکرایە کاتێک کۆمەڵگەو چینی کرێکار ڕووبکەنە شۆرش، سەندیکاکانیش بەپێی بارودۆخە نا متەعارف" نائاساییە" واتە گونجاوی دەگرێتە ئەستۆ. لەبەرامبەر ئەم بەڵگە هێنانەوانەدا چی دەڵێن؟**

**مەنسور حیکمەت:** بوارم بدەن با خاڵێک رۆشن بکەمەوە. ئایا سەندیکا لە کۆتایدا "ڕێکخستنی ناسراوە" یان نا، بەپێی ئارەزویی دامەزرێنەرەکانی دەگۆڕدرێت؟

بەبۆچونی من یەکەمیان دروستە و سەندیکا بیگۆڕن بە ئۆرگانی دەسەڵات وکاری ڕاستەوخۆی جەماوەری. ڕەوتی خەباتی چینایەتی سیناریۆی لەم شێوەیە پەسەند ناکات. ئەوە بنیاتنەرانی سەندیکا نین کە چارەنوسی داهاتوی سەندیکا دیاری دەکەن، بەڵکو تایبەتمەندیەکانی خودی جوڵانەوەی سەندیکالیستی وتواناکانی سەندیکایە وەک "شێوەیەکی ناسراو" کەمەرج دادەنێ بۆ درێژەی کاری سیاسی و خەباتی داهاتوی، ڕابەرانی و کرێکارانی ڕێکخراو تیایدا.

بزوتنەوەی سەندیکایی، هەتا ئەو ئاستە کە لەگەڵ ئەوەشدا لە پێکهێنانی وشیاری سیاسی کرێکاراندا دەور ئەگێڕن، ئەوان بە ئاسۆو ڕۆحیەتی سەندیکایی بار ئەهێنێت. ئەمە پێناسەی سەندیکایە بۆ خۆی و ئەو پێگە کۆمەڵایەتیە کە هەیەتی ئەو مرۆڤانە دەکێشێتە مەیدان کەلەگەڵ خۆیا دێنەوە دەیانکاتە هەڵسوڕاوانی خۆی. نازانم ئایا بەڕاستی ڕەوتێک بەڵگەی گریمانەیی ئێوەی بۆ بەرگری لە سەندیکا پێشنیار کردوە یان نا. لەگەڵ ئەوەشدا وەڵامی من ئەوەیەکە ئەم جۆرە بەڵگانە پشتیان بەستووە بە دەربرینی زەهنی و بەهای بە بەراورد لەگەڵ ئەڵتەرناتیڤی سۆشیالیستی وڕادیکاڵ بۆ هەر ئەم بارودۆخەی ئێستایە. ئێمە تەنها لەبەر ئەوە نەبووینەتە لایەنگری شورا چونکە درووست "سبەینێ" شورا کاری شۆڕشگێڕانە دەکات و سەندیکا نایکات. بەڵکو ئاوەها و لەوەش گرنگتر بەدەلیلیەی کە هەر ئەمرۆ بزوتنەوەی شورایی و بزوتنەوەی کۆبونەوەی گشتی توانای ڕێکخستنی کرێکارانیان هەیە بۆ بەرگریکردن لە ماف و بەرژەوەندیەکانیان. ئەڵبەتە ئەبێت جارێکی تر ئاماژە بەوە بکەم کە ئەو سەندیکالیستانەی کە ئەیانەوێت لە سبەینێی شۆڕشدا کاربکەن، ئەمرۆ بەپێچەوانەی نمونەکەی ئێوەوە، نەک باس لەسەندیکای ئاشکراو یاسای و جەماوەری ناکەن، بەڵکو باسی لە سەندیکای نهێنی دەکەن. وەک وتم ئەمە پێشێل کاریەو هەڵهاتنە لە کێشەی پێوستی کرێکارانی ئێران بۆ ڕێکخراوبونی جەماوەری لەگەڵ توانای خەباتی ئاشکرا و فراوان. ئەو کیشانەی کە بەبڕوای ئێمە بزوتنەوەی کۆبونەوەی گشتی دەتوانێت وەڵامی پێبداتەوە.

> **ئامانجی ئێمە ئەوەیە کەبزوتنەوەی کرێکاری هەرچی زیاتر بەهێز بێت لەبەرامبەر بۆرژوازیدا. ئەگەر سیاسەتی ئێمە ببێتە سیاسەتێکی هەمەلایەنەی ناو دەرونی چینی کرێکار، دڵنیاین کە هێزی کرێکاران دەگات بەباشترین شێوە. بەڵام مادام کە هاوکات لەگەڵ ئێمەدا مەیلی خەباتکاریتر لە ناودەرونی بزوتنەوەی چینەکەدا دەست بۆ کاری پێکهێنانی شێوازی تر لەیەکگرتن ببەن. ئێمە هاوکاریان دەکەین وە لەهەمان کاتدا هەوڵ ئەدەین بزوتنەوەی کۆبونەوەی گشتی و شوراکان زۆرترین کاریگەرک و متمانە لەنێو کرێکاراندا بەدەست بهێنن.**

شێوازێکی ناسراوی ڕێکخستنی کرێکارانە و "بەوردی وتەی ئەمڕۆی ئەنجومەنی دامەرزێنەری سەندیکایە. گریمانەی ئێمە لەسەر بنەمای ئەوەی سەندیکا لەسەردەمی شۆڕشگێڕانەدا شێوەکاری دەگۆڕێت. بەجۆرێک کە گونجاو بێت یان هەلومەرجی تردا، بۆ نمونە ڕادیکاڵتر ئەبێت یان لەقەبارەیەکی تردا و بەشێوەیەکی تر کاردەکات، بەهایەکی کردەیی زۆری نییە، هەر بەوشێوەی کە ئێمەش ناتوانین ئەمڕۆ بەبیانوی سەرکوتەوە حیزبێکی ڕیفۆرمیست دروست بکەین وپەیمان بدەین کە لەسەروبەندی شۆڕشدا لە کاتی خۆیدا بیگۆڕین بە حیزبێکی کۆمۆنیست، لایەنگرانی سەندیکاش ناتوانن ئەمڕۆ سەندیکای ڕێپێدراو دروست بکەن (واتە سەندیکای جێگای ڕازیکردنی دەوڵەت) وە بەڵێن بدەن لە سبەینێی تەنگژەی سیاسیدا خۆبەخشانە "لۆنیاریستی" لەتایبەتیەکان و تایبەتمەندیەکانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بەشیوەیەکی گشتی و بزوتنەوەی کرێکاریی بەشێوەی تایبەتی.

بەڵام باسی بنەڕەتی من ئەوەیە کە بەهیچ شێوەیەک ئەم بەڵگەیە گرێی ئێمە ناکاتەوە، لەبەر ئەوەی بەبۆچونی من مەرجی شیاوی ڕێکخستنێکی جەماوەری لە ئێرانی ئەمڕۆدا ئەمە نییە کە بێ ئەملاولا لە سبەینێی شۆڕشیشدا ئۆرگانی کاری شۆڕشگێڕانەش بێت. بۆ ئێمە تەنانەت هەرەوەزیەک و سندوقیکی کریکاریش نرخ و بەهای تایبەتی خۆیان هەیە. کیشەکە لێرەدا نییە. کیشەکە لەسەر واقعی بونی ئەو ئەڵتەرناتیڤە، جدی بوونی لەپەیوەند بە ئاستی خەبات و داخوازییە کرێکاریەکان و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی زاڵ بەسەر کۆمەڵگەو نرخی و

**کۆمۆنیست: لەگەڵ ئەم وردەکاریەدا ئەو خاڵەی بڕیارنامەکە دەڵێ ئێمە پشتیوانی لە هەوڵی کرێکاران بۆ دامەزراندنی سەندیکا دەکەین. لەڕوی کردەیەوە زیاتر ڕوون بکەنەوە. ئایا لەیەک کاتدا هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ڕێکخستنی شورایی و لە هەمان کاتتدا بەرگریکردنی چالاکانە لە کرێکارانێک کە هەر لەو جێگایەدا بەنیازی دروستکردنی سەندیکان لەکردەوەدا ڕووبەڕووی کیشە نابێتەوە؟**

**مەنسور حیکمەت:** ئێمە پشتیوانی لەهەوڵی کرێکاران دەکەین بۆ پێکهێنانی سەندیکا، چونکە بەجیا لەڕاگەیاندنی هەڵوێستی حیزب بەقازانجی شوراو بەجیا لەوەی کرێکارانی ڕادیکاڵ و کۆمۆنیست بەدوای بزوتنەوەی کۆبونەوەی گشتی و ئەڵتەرناتیڤی بزوتنەوەی شورایەوەن، هەموو کرێکاران لەپشت سەری ئێمەوە ڕیز نابەستن. چینی ئێمە هەر بەجۆرە لە شێوازی جۆراوجۆردا خەریکی کاری سەنگەر لێدانە لەبەرامبەر بۆرژوازیدا، یەکێک لەو شێوازانە هەوڵدانە بۆ دروستکردنی نەقابەکان، چ نهێنی و ئاشکرا یان هیتر. ئیمە پشتیوانی لەهەر سەنگەر لێدانێکی کرێکاران دەکەن وە هەوڵ ئەدەین بۆ بەهێزکردنی. ئیمە هەردوو خشتێک کە کریکاران لەخەباتیاندا لەسەریەک دایان نابێت تێکی نادەین، بەڵکو هەوڵ ئەدەین بە بەشداری خۆمان، لەگەڵ پشتیوانیەکانمان و فیداکاری لە ڕیزی هەر ڕوبەڕوبونەوەیەکی چینایەتی، ئەم هەوڵانە بەرەو ئەولایە بەرین کە بڕوای ئیمە بەرژەوەندیە واقیعیەکانی کرێکاران لەوێدا دەستەبەر دەبێت.

ئامانجی ئێمە ئەوەیە کەبزوتنەوەی کرێکاری هەرچی زیاتر بەهێز بێت لەبەرامبەر بۆرژوازیدا. ئەگەر سیاسەتی ئێمە ببێتە سیاسەتێکی هەمەلایەنەی ناو دەرونی چینی کرێکار، دڵنیاین کە هێزی کرێکاران دەگات بەباشترین شێوە، بەڵام مادام کە هاوکات لەگەڵ ئێمەدا مەیلی خەباتکاریتر لە ناودەرونی بزوتنەوەی چینەکەدا دەست بۆ کاری پێکهێنانی شێوازی تر لەیەکگرتن ببەن. ئێمە هاوکاریان دەکەین وە لەهەمان کاتدا هەوڵ ئەدەین بزوتنەوەی کۆبونەوەی گشتی و شوراکان زۆرترین کاریگەری و متمانە لەنێو کرێکاراندا بەدەست بهێنن، چونکە باوەڕمان وایە کە کرێکاران لەم ڕێگەیەوە دەستیان دەگات بەهێزو توانای واقعی خۆیان لەخەباتی ئێستا و لە خەباتدا بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی. ئەگەر ئەمڕۆ کرێکارانێک بیانەوێت سەندیکایەک ڕێکبخەن، بەدڵنیاییەوە ئێمە سەرنجی ئەوان بۆ ئیجابی بوونی هەوڵدان بۆ پێکهێنانی شوراکان رادەکێشین، لەڕیگای پەرەپێدانی بزوتنەوەی کۆبونەوە گشتیەکان، بەڵام ئەگەر کەسانێک هەر ئێستا چەند هەنگاو لەم ڕێگایەدا چووبنە پێش، ئەگەر بەڕاستی هەنگاوێک بەرەوپێکهێنانی نەقابەی چی مەبەستیان چووبنە پێش، دەتوانن کرێکارانی کۆمۆنیست وەک پارێزەرو بەهێزکەری خۆیان لەقەڵەم بدەن، هەڵبەت لە بارودۆخیکی ئاواشدا، هەر بەو شێوەیەی لە بڕیارنامەکەدا هاتووە، ئێمە هەوڵ ئەدەین جوڵانەوەی سەندیکایی بەهۆی هەمان خاڵە لاوازە نەریتیەکانی نەقابەکان توشی تێکشکان نەیەت و لەتاقیکردنەوەی ئیجابی بزوتنەوەی شورایی، وەک پشت بەستن بەدیموکراتی راستەخۆ و ئیرادەی کرێکاران، خۆپاراستن لە بیرۆکراتیەت، پاراستنی مەودا لەگەڵ ڕەوتە ریفۆرمیستەکان و شتی تر کەڵک وەردەگرێ.

جگە لەوەش، لەبڕیارنامەکەدا هاتووە کە لەهەندێک باری تایبەتیدا خۆمان راستەوخۆ هەوڵدەدەین بۆ پێکهێنانی نەقابەکان. بەڵام هەوڵ ئەدەین کە ئەم نەقابانە لەداهاتودا پەیوەندیەکی بەهێزیان لەگەڵ بزوتنەوەی شورایدا هەبێت بەگوێرەی هەندێک پێوەری دیاریکراو پێیانەوە پەیوەست بن.

**ماویەتی**

**وەرگێرانی: کاوە عومەر**

**چاوپێداخشاندنەوەوهەڵەبڕی: بۆپێشەوە**



# کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و پێشهاتەکانی جەنگ لەکوردستانی سوریا

## گفتوگۆ لەگەڵ عەبدوڵا مەحمود

## بەشی یەکەم

**کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەسوریا، ڕەوتی ڕوداوەکان وجەنگ لەکوردستانی سوریای ڕاکێشاوەتە نێو گۆڕانکاریەکی خێراو دراماتیکیەوە، لەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر ناوچە کوردنشینەکان وپاساوەکان بۆ پێکهێنانی ناوچەی ئارام، نارەزایەتی و ڕیزبەستنی دەوڵەتانی ئەوروپا بەرامبەر بەم لەشکرکێشیە، ڕۆڵی تازەی ڕوسیا ولایەنگری لەتورکیا، کاردانەوەی هەسەدە بەرامبەر بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و پاشان ڕێکەوتنی سەربازی لەگەڵ دەوڵەتی بەشارئەسەددا، کۆبونەوەی نێوان ئەردۆغان وجێگری ترامپ وئیمزاکردنی ڕێکەوتنامەی تازەی نێوانیان، سەرەنجام ئاگربەست لەسوریا... ئەمانە بەشە سەرەکیەکانی ئەو گۆڕانکارییە تازانەن کەلەدۆخی سوریادا بەخێرایی دەچنە پێشەوە. دیدگای سۆشیالیستی بەمەبەستی ڕاوەستان ولێکدانەوە لەسەر هەریەك لەوێستگەکانی ئەم ئاڵوگۆڕانە، ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ عەبدوڵا مەحمودا سازداوە ...**

**دیدگای سۆشیالیستی ژمارە ١٤**

**دیدگای سۆشیالیستی: سەرئەنجام بەدوای بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی فورات، تورکیا دەستی دایە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنیکی سەربازی، بۆ سەر ناوچە کوردنشینەکان... هۆکاری ئەم کشانەوەیە چیە وئەمریکا بۆچی بڕیاری لەم شێوەیە دەدات؟**

**عەبدوڵا مەحمود:** بۆ هۆکاری پاشەکشەی سوپای ئەمریکا، پێویست دەکات بەخێرایی چاوێک بە پاڵنەرەکانی هاتنی ئەمریکا بۆ سوریا و ناکامیەکانی بخشێنینەوە.

لەسەرەتای ئەزمەی سوریاوە، بەدیاریکراوی دوای ئەوەی خەڵکی سوریا لەچوارچێوەی ڕاپەرین و خرۆشانە جەماوەرییەکانی وڵاتانی باکوری ئەفریقیا "بەهاری عەرەبی"!! هاتنە مەیدان بۆ ڕوخاندنی دەسەڵاتی فاشیستی ڕژێمی سوریا، ئەمریکا و ناتۆ و غەرب بۆ بەلاڕێدا بردنی شۆڕش و لەباربردنی هاتنە ناو دۆخی ئەزمەگرتووی سوریاو هەوڵیاندا کە شۆڕش بدزن. بەم هەوڵەشیان لەلایەکەوە توانیان ڕەوت و ئاڕاستەی شۆڕش بگۆڕن و مەیدانی سوریا بکەنە گۆڕەپانێک بۆ ململانێیەکی بەرینتر لەگەڵ نەیارەکانیان لە ئاستی دنیادا. لەلایەکی تریشەوە سوریایان کردە ژینگەیەک بۆ بەیەکدادانی تیرۆریستی و گۆڕەپانێک بۆ جەنگی دەسەڵات و شەڕی بەوەکالەت. لەجەرگەی ئەم هەلومەرجەدا هێزێکی وەکو داعش پێی گرت و بووە ئەو هێزەی کە هەڕەشە لە کۆمەڵگەی سوریا و وڵاتانی ناوچەکە بکات و پەل و پۆش بکوتێ بۆ ناو پانتایەکی بەرینتری دنیا بۆ ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی. بەم شێوەیە لەلایەکەوە دزینی شۆڕش و لەلایەکی ترەوە سەرهەڵدانی گروپی داعش، لەپاڵ شکستی ئەمریکا لە عێرقدا، بوونە هۆی ئەوەی ئەمریکاو غەرب بەتایبەتیش ئەمریکا، ئاستی دەستێوەردانەکانی لە سوریا و ناوچەکەدا بباتە سەرەوە و هێزی سەربازی وهەوالگری تیادا جێگیر بکەن. ئامانجیشیان لە جێگیرکردنی سوپا و دەستێوردانی سیاسی و هەولگری، لەلایەکەوە بۆ لابردنی بەشار ئەسەد لەدەسەڵات و جێگرتنەوەی بە بەدیلی دڵخوازی خۆیان، کە ئارامی ناوچەکە بپارێزێت و نەبێتە هەڕەشەش بۆ سەر ئیسرائیلی هاوپەیمانیان لە ناوچەکەدا، لەلایەکی تریشەوە بۆ کورتکردنەوەی دەورو ڕۆڵی ئێران بوو لە ناوچەکەدا، کە بەدوای ناکامی ئەمریکا لە عێراقدا، وەکو قوتبێکی ناوچەیی و نزیک لە بلۆکی ڕوسیا، قاچەکانی قودرەت نیشاندان و ڕایەڵەکانی دەستێورەردانی لەناوچەکەدا جێگیر کردبوو. ئەو ئامانجەی ئەمریکا و ئەو نەخشەیەی داینابوو بەزوویی کەوتە بەرامبەر قوتبە دژەکەی کە ڕوسیا بوو بەپاڵپشتی هاوپەیمانەکانی، وەکو چین لە ئاستی دنیاو ئێران و گروپەکانی سەر بەئێران لە ئاستی ناوچەکەدا. ئەم بلۆکە نەیارەی ئەمریکا، بە کەڵک وەرگرتن لە شکستی ئەمریکا لەعێراق و لەناوچەکە، کەوتە وەستانەوە بەڕووی سیاسەت و نەخشەی ئەمریکادا و بەرۆشنی ئامانج و نەخشەکانی ئەمریکای کردە ئامانج بۆ مایە پوچکردنی. پارێزگاری کردن لەمانەوەی ڕژێمی ناسونال-فاشیستی بەعسی سوری و بەشار ئەسەد و هاوکات ڕۆڵ بەخشین بە ئێران کە لە کێبەرکێیەکی بەردەوامدا بوو لەگەڵ ئەمریکادا... ئەوانە بوونە سەنتیزی ئەو ململانێی قوڵ و جیهانییەی کەسوریا و ناوچەکە گۆڕەپانێکی سەرەکی بەرامبەرکێکەی بوو، بەڵام لەپێناو باڵادەستی و زامنکردنی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوریەکانی داهاتوویان لەسەر ئاستی دنیاو ناوچەکەو لەدڵی ئەو گۆڕانکاریانەی لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا دەچووە پێشەوە. دیارە پرسی داسەپاندنی هەژموونی سیاسی، لایەنی میحوەری بوو.

ئەمریکا و غەرب، لەم ململانێیەدا دەیانویست لە ڕێگای ڕوخاندنی ڕژێمی سوریا و دورخستنەوەی بەشار ئەسەدەوە، هەژموونی خۆیان لە ناوچەکە باڵادەست بکەن و قەرەبووی شکست و ناکامیش لە عێراقدا بکەنەوە، بەڵام دەستێوەردانی ڕوسیا و هێنانی هێزی سەربازی و بنکە و پایەگا دامەزراندن لەچوارچێوەی جەنگ لە دژی داعشدا!! و وەستانەوەی بەکردەوەی ڕوسیا و هاوپەیمانەکانی بەڕووی سیاسەتی ئەمریکاو غەربدا و بەرگریان لە ڕژێمی سوریا، توانی خەونی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بزڕێنێت و ببێتە دارعاسایەکیش بۆ بەهێز کردنەوەی ڕژێمی ئەسەد و گێڕانەوەی زوربەی ئەو ناوچانەی کەلەلایەن هێزە نەیارەکانی سوریاوە دەستی بەسەدا گیرابوو. لێرەوە ڕەوتێکی بەرەوخوار و پاشەکشەی ئەمریکاو شکستی لە نەخشەیەکدا کە دای نابوو بووە واقعیەتیکی ئینکار نەکراو. دوای ئەوەی ئەمریکا شکستی خوارد لە نەخشەکەی کە لابردنی بەشار ئەسەد و کورتکردنەوەی دەستی ئێران و دەستێوەردانەکانی بوو لە سوریا و ناوچەکدا، ئەمجارەیان لە قوڵێکی ترەوە لە جغرافیایەکی تری ناو پانتایی سوریادا، لەباکوری رۆژهەڵاتی سوریادا، کە ناوچەیەک بوو بەدەست هێزە کوردیەکانەوە ودەسەڵاتێکی خۆجێیان تێدا دامەزراندبوو، ئەمریکا لەژێر ناوی جەنگ لەدژی هێزی تیرۆریستی داعشدا، ڕێکەوتنێکی نەنووسراو و ناڕاگەیەنراوی لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە خۆجێیەدا دامەزراند. دیارە بەهەمان شێوەش ڕوسیا ڕێکەوتنی نەنووسراو و ڕانەگەیەنراوی لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە خۆجێیەدا هەبوو، بەڵام لە چوارچێوەی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ژێمی سوریادا.

سەرئەنجام دوای شکستی سەربازی داعش، و بەهێزبوونەوەی ڕژێمی ئەسەد، و کورت هێنانی ئەمریکا لە بەرامبەر نەخشەو سیاسەتەکانی ڕوسیادا، ئەمجارە ئەمریکا تەماحە ئابورییەکانی بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ تورکیا و هەوڵی بۆ دوورخستنەوە یان کەلێن دروستکردن لەنیوان تورکیاو ڕوسیادا، هەوڵیدا فرسەت بداتە دەوڵەتی تورکیا وبۆ ئەمەش کەوتە ڕیکەوتن لەگەڵ ئەردۆغان و بەبڕیارێکی خێرا بەشێکی زۆر لە هێزە سەربازییەکانی لە باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا پاشەکشە پێکرد و بەمەش دەستی دەوڵەتی تورکیای ئاواڵاکرد بۆ هێرش بردنە سەر کانتۆنەکانی سوریا و دەسەڵاتی خۆجێی لە باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا.

**دیدگای سۆشیالیستی: تورکیا ئیدعا دەکات کە ئامانج لەم ئۆپەراسیۆنە پاککردنەوەی تیرۆریستان وجێبەجی کردنی ناوچەی ئارام و جێگیرکردنی ئاوارەکانی سوریایە لەم ناوچەیە، ئایا ئەم پاساوانە ڕاستیان تێدایە یان تورکیا بەشوێن ئامانجی ترەوەیە؟**

**عەبدوڵا مەحمود:** پاساوی پاککردنەوەی تیرۆریستان!!، دروستکردنی پشتینەی ئەمنی و دامەزراندنی ناوچەی ئارام!!، جێگیرکردنی ئاوارەکانی سوریا!!، هەموویان خۆراکێکی تەبلیغاتین بۆ دەستدانە هێرشی سەبازی و ڕەوایەتی بەخشین پێی لە پێناو ئامانجی تردا. لەڕاستیدا ئەردوغان و دەسەڵاتی ئاک پارتی، وەکو هێزی پشتیوانی لە تیرۆریزم و داعش ناسراون. سەدان وهەزاران بەڵگە لەسەر هاوکاری و پشتیوانی لەڕەوتی تیرۆریستی داعش لەلایەن دەسەڵاتی تورکیاوە بڵاوکراونەتەوە و لەبەردەستی دەزگا هەوڵگرییەکانی ئەمریکا و غەرب و ڕوسیادایە ... بەپێی دواین لێدوانی نوێنەری پێشوی سەرۆکی ئەمریکا بۆ شەری دژی داعش لە تورکیا ئەوەیە کەدەڵێت: تورکیا ڕێگەی بە ٤٠ هەزار داعش داوە تا لە ١١٠ وڵاتی جیاوازی جیهانەوە بێنە سوریاو داعش دابمەزرێنن. لەلایەکی تریشەوە بە درێژایی دەسەڵاتی خۆجێیی کانتۆنەکان لە سوریا، بۆ یەکجاریش نەک هێرش تەنانەت فیشەکێک لەو سنورانەوە بەدژی دەوڵەتی تورکیا، نەتەقێنراوە. بەپێچەوانەی ئەو بانگەشەیەوە، ئەوە هێز و گروپە تیرۆریستەکانی کرێگرتەی تورکیا بوون کە بوونەتە بەشێک لە هێزی ڕەش و تیرۆریست لە ململانێی ناو سوریادا و ئەوە سوپای تورکیایە کە تیرۆریزمی دەوڵەتی لەدژی دەسەڵاتی خۆجێی کانتۆنەکان و هێزە سیاسیەکان و جەماوەی سڤیل پیادە دەکات. هێرش بۆ سەر عەفرین و ئێستاش بۆ سەر ناوچەکانی تری ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سوریای دیموکرات بەشێکن لەو تیرۆریزمە دەوڵەتیەی ئاشکرایەی کە تورکیا بەڕێوەی دەبات.

دروستکردنی ناوچەی ئەمنی یان پشتێنەی ئەمنی، بەهەمان شێوە درۆیەکی ئاشکرایە. هیچ شتێک وەکو دەستێوردانی ناراستەوخۆی و ڕاستەوخۆی سەربازی تورکیا مایەی نائارامی سنورەکانی نێوان تورکیاو سوریا و دەسەڵاتی خۆجێی کانتۆنەکان و تەنانەت ناوخۆی سوریا نییە. لایەنێکی سەرەکی بۆ گێڕانەوەی دۆخی ئارامی ناو سوریا و سنورەکان، دورخستنەوە و دەرکردنی هێزە کرێگرتەکانی سەر بە تورکیا و هێزە سەربازییەکانی تورکیایە. دەوڵەتی تورکیا هەموو بزوتنەوەیەکی سیاسی و هەر ئەزمونێک و هەر هێزو لایەنێکی سیاسی نەیاری، تەریب و ناوزەد بە تیرۆریست دەکات و لەلیستی تیرۆردا دای دەنێت، تا تیرۆریزمی دەوڵەتی خۆی و پشتیوانی لە هێزە تیرۆریستە ئیسلامی و کۆنەپەرستەکانی خۆی پێ بشارێتەوە و ڕەوایش بدات بە کردەوەی سەربازی و تیرۆریستی خۆی و هێزە کریگرتەکانی.

پرسی ئاوارەکانی سوریا، درۆیەکی ترە، بەشێکی زۆری ئاوارەکانی سوریا قوربانی دەستێوردانی سوپای دەوڵەتی تورکیا و هێزە بە گرێگیراوەکانیەتی، پرسی جێگیرکردنیشیان لە ناوچەی ئارام، هەوڵێکی بەنەخشەیە بۆ گۆرینی دیمۆگرافیای ئەو ناوچانەو تەعریب کردنیان و بچووکردنەوەی قەوارەی دەسەڵاتی خۆجێی و دەسەڵاتی کانتۆنەکان. بەکورتی پاساوەکانی دەوڵەتی تورکیا، زۆر لەوە پوچترن هیچ کەسێکێ هوشیار فریوبدات.

ئامانجی تورکیا لە دەستێوردان و ئەم هێرشە بەردەوامانەی بۆسەر سنورەکانی دەرەوەی خۆی بۆسەر کوردستانی ئێراق، بۆسەر سوریا و ناوخۆی سوریا... لەلایەکەوە لە پێناو گواستنەوەی سەرنجی رای گشتی ناوخۆی و دەرەوەیە لەسەر کێشە قوڵە ناوخۆییە یەخەگیرە چارهەڵنەگرەکانی، لەلایەکی تریشەوە بۆ بەهرەبەرداریە لەدۆخی سیاسی دوای شکستی...

سەربازی داعش لەسوریا، بۆ تێکشکاندنی ئەزموونی خۆبەڕێوەبەری سوریا و وەستانەوەو جەنگی دەستەو یەخەیە بەدژی پرسی کورد لە تورکیا و تەواوی ناوچەکەدا.

ئەردوغان و ئاک پارتی، وەکو حزبی سیاسی دەرگیرە لەگەڵ ئەزمەیەکی قوڵی سیاسی و ڕێکخراوەییدا. نزیک بە یەک ملیۆن ئەندامی ئەو حزبە وازیان هێناوە، کە لەناویاندا دەیان کاراکتەری سیاسی و ناسراو هەن، کە خەریکی دروستکردنی قوتبێکی سیاسی و حزبی نەیار بە ئاک پارتی و ئەردۆغانن. لەباری سیاسییەوە بۆرژوازی تورکیا دەرگیری ئەزمەیەیەکی قوڵی حکومی و ناوخۆییە، لەکێشەی ڕیزەکانیەوە بۆ کیشەی ئیدارەدانی ئەزمەکانی و دۆزینەوەی دەرچەیەک بۆ دەربازبوون لەو دۆخە سیاسیەی تێی کەوتوون. کێشەی دارِمانی ئابوری و لیکەوتەکانی، لە گرانی، بێکاری، هەژاری، دارِمانی بەهای دراوەکەی، بەرین بوونەوەی ڕۆژ بەڕۆژی نارِەزایەتی جەماوەری. کێشەی نائارامی سیاسی ناوخۆیی و بەرخوردی ئەو دەسەڵاتە لەگەڵ حزبە توندرِەوە قەومیەکانی لەسەر دەسەڵات، دۆڕاندنی ئەستنبوڵ لە هەڵبژاردنەکاندا، بن بەستی لەگەڵ پرسی کورد و سەرکوتی سیاسی بەردەوام، جەنگ لەگەڵ پەکەکە لە دەرەوەی سنورەکانی و ململانێی فراوانی دەسەڵات لەگەڵ هەدەپە لەناوخۆی تورکیا، پاشەکشەی ئیسلامی سیاسی بەهۆی داسەپاندنی بەزۆری بڕیارو یاسای ئیسلامی، شکستی داعش و پشت خاڵی مانەوەی تیرۆریزمە دەوڵەتیەکەی، دوورکەوتنەوەی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و تەریک کەوتنەوەی، کۆتاییهێنان بەخەونی چوونە ناو یەکیتی ئەوروپا... هەموو ئەمانە ئەو گرفتە سەرەکیانەن کە بۆژوازی توکیا و دەسەڵاتی ئاک پارتی لەگەڵی بەرەو ڕووە. جەنگ بۆ تورکیا لە سنورەکان و دەستوەردان لەدۆخی ناوخۆی وڵاتانی ناوچەکەو لەگەڵ هێزەکانی نەیار و دەرەوەی خۆی لە دەرەوەی تورکیا، بۆ خۆدروخستنەوەیە لە جەنگە هەمەلایەنە ناوخۆییەکانی.

دیارە تورکیا دەمێکە لەهەوڵی هێرش بۆسەر کانتۆنەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریایەو بواری بۆ هێرشی بەردەوام لەبەردەمدا سنوردار بووە، بە پاشەکشەی سوپای ئەمریکا، ئەو بوارەی بۆ بەرینتر بۆتەوە، تا هێرشەکانی بەدەست ئاوەڵایی زۆرترەوە دەست پێبکات.

**دیدگای سۆشیالیستی: هەیە ئەم جەنگەی کەتورکیا لەناوچەکەدا بەرپای کردوە، لەچوارچیوەی کێشەی کوردو نیزاعی پەکاکا ودەوڵەتی تورکیادا لێکدەداتەوە.. ئێوە چ چوارچیوەیەک دەبینن لەسەرهەڵدانی ئەم جەنگەدا؟**

**عەبدوڵا مەحمود:** هیچ شتێک و هیچ هێزو لایەنێک هێندەی بوونی پەکەکە، نەبۆتە مایەی کەڵک وەرگرتنی تورکیا بۆ هێرش و سەرکوتی سیاسی خەڵکی کوردستان، بەڵام بەستنەوە وگرێدانی ئەم جەنگەی ئێستا بەبوونی پەکەکەوە ناتوانێت پاساوی جەنگ و ملهوڕی دەوڵەتی تورکیا بدات. ئەگەر بوونی پەکەکە هۆکاری جەنگە، ئەی هۆکاری زیندانی کردنی دەیان هەزار ئینسانی سیاسی و ڕۆژنامەنووس، چالاکوان و هەڵسوڕاوی سیاسی، داخستنی دەیان گۆڤار و ڕۆژنامەو ڕادیۆ و کەناڵی میدیایی... چییە؟ تەریب کردنی کیشەی کورد بە پەکەکەو و لکاندنی ئەوپرسە بە پەکەکەوە، هەوڵی بەنەخشەی دەوڵەتی تورکیایە بۆ وەستانەوە و ئینکارکردنی پرسی سیاسی و خەڵکی کوردستان. ئەگەر پرسی سیاسی کورد لە تورکیا بەرەو چارەسەر بڕوات و بوونی پەکەکەش دەبێتە شتێکی زیادە، بەڵام بوونی پرسی کورد و زوڵمی نەتەوایەتی لەسەر خەڵکی کوردستانی تورکیا، لەلایەکەوە بۆتە هۆی ئەوەی بزوتنەوەی کوردایەتی بەگشتی و پەکەکە وەکو هێزو ڕەوتێکی سیاسی ئەو بزوتنەوەیە بۆ ئامانجی تر خۆی بە پرسی کورد هەڵبواسێت، لەلایەکی تریشەوە، بۆتە پاساو بەدەست دەوڵەتی تورکیاوە بۆ سەرکوتی هەر نارِەزایەتی و بزوتنەوەیەکی سیاسی و جەماوەری لەسەر ئاستی تورکیاو کورستانی تورکیا لە ڕێگای لکاندنی بە پەکەکەوە.

ئەوە لە کاتێکدایە هەر بەهۆی ئەو پرسەوە، کوردستان میلیتاریزە کراوە، خەڵک ئاوارە دەکرێت و بەدەیان و سەدان گوند تێکدراون، ماوە ماوە عورفی سەربازی لە شارو شارۆچکەکان ڕادەگەیەنن، زیندانەکان سیخناغ کراون، سەرکوتی سیاسی بۆتە بەرچاوترین دیاردەی ناوخۆیی تورکیا، خودی پەکەکەش بەناوی پرسی کوردەوە هاتوتە مەیدان. بەڵام ئەم لەشکرکێشیەی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر کوردستانی سوریا ناکرێ بە پاساوی بوونی، پەکەکە یان پەیوەندی پەکەکە بەهێزەکانی یەپەگە و هەسەدەوە، ببەسترێتەوە.

ئێوە تەماشا بکەن، لەهەموو دنیا خەڵکی ئازادیخوازو ئینسان دۆست بەفراوانی هاتوونەتە سەر شەقامەکان دژی ئۆپەراسیۆن و لەشکرکیشی تورکیا، بەڵام هەدەپە لە ناو تورکیا و کوردستانی تورکیادا، جوڵەییان لەخۆیان بڕیووە، ڕۆڵی چاودێرێک و هێزی داماو بۆ پاڕانەوە لە دەوڵەتی فاشیستی تورکیا دەگێڕن. پەکەکە و هەدەپە، بۆ ئۆجەلان، بۆ یادی نەورۆز، بەسەدان هەزار کەس دەهێنە سەرشەقامەکان، بەڵام بۆ پشتیوانی لە کێشەی کورد لە کوردستانی سوریا، بۆ هاوکاری کوردانی ڕۆژئاوا، بەدژی لەشکرکێشی دەوڵەتی تورکیا، بێدەنگن. ئەمە چ مانایەک دەبەخشێت، جگە لە خزمەت بە دەوڵەتی فاشیستی تورکیا و ئاک پارتی، لەپێناو بەشداری پێکردنیان لە دەسەڵاتی سبەی لەگەڵ ئەو فاشیستانەدا، لەڕێگای خۆ هەڵواسین بەپرسی سیاسی خەڵکی کوردستاندا.

دیارە مەسەلەی میحوەری دەوڵەتی تورکیا لە جەنگی بەردەوامی لەگەڵ خەڵکی زوڵملێکراوی تورکیا، وە ئۆپەراسیۆن و هێرشی سەربازی فروانی بۆسەر کوردستانی سوریا، بەجیا لە کیشەو ململانێ ئەزمەی ناوخۆیی تورکیا، بوونی کیشەی کوردە، کێشەیەک کە دەوڵەتی تورکیا حاشا لەبوونی دەکات و لە عیراق و ئێران و سوریاشدا، سەرسەختانە لەدژی ڕاوەستاوە و ڕادەوەستێت. گومانییشی تیا نییە، ئەگەر دەوڵەتی تورکیا بتوانێت ئەزموونی خۆرئاوایی کوردستان شکست بدات، دەستی ئاوەڵا دەبێت بۆ دەستێوردانی زۆرتر لە کوردستانی عێراق و تەنانەت هەوڵی بۆ کۆتاییهینان بەو هەلومەرجەی لە ساڵی ١٩٩١ وە هاتۆتە ئاراوە.

**دیدگای سۆشیالیستی: هەسەدە بانگەوازی ئەوە دەکات، کە ئەمریکا پشتی تێکردون، سەرەڕای ئەوەی کە ئەمان پابەندبون بە بەڵێنەکانی خۆیانەوە، ئایا توانای تورکیا بۆ دەست بردن بۆ ئەم جەنگە لەخیانەتی ئەمریکاوە سەرچاوەی گرتوە وەک هەسەدە دەڵیت، یان بەرئەنجامی ڕەوتێکی سیاسی و ستراتیژیە کە ناسیونالیزمی کوردو پەیەدە هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانی سوریاوە لەسەری ڕاوەستاوە؟**

**عەبدوڵا مەحمود:** دەستبردنی تورکیا بۆ ئۆپەراسیۆن و هێرشی سەربازی، پەیوەست نییە بە پاشەکشەی سوپای ئەمریکاوە یان پشت تێکردنی دەوڵەتی ئەمریکا!! لە یەپەگەو هەسەدە، تورکیا بە درێژایی ئەزمەی سوریا، چ ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بەڕێکەوتن لەگەڵ ئەمریکا و ڕوسیا، یان بە سەرەڕۆیی خۆی، کاراکتەرێکی سیاسی و سەربازی ناو هەلومەرجی سوریا بووە. ئامانجی دەوڵەتی تورکیا بەش پێبڕانە لەدۆخی سیاسی سوریای پاش داعش، شکستدانی دەسەڵاتی کانتۆنەکان و بەرگرتن بەچارەسەری پرسی کورد. دیارە پاشەکشەی دەوڵەتی ئەمریکا، یان داگریساندنی گڵۆپی سەوز کارئاسانی بەخشیوە بە ملهوری زیاتری تورکیا و دەستی زۆترت ئاوەڵا کردووە، بەڵام پەیوەست کردنی بە پاشەکشەی ئەمریکا دروست نییە.

تا ئەو جێگایەی دەوترێت ئەمریکا پشتی کردۆتە پەیەدو هەسەدە، لە بەڵێنەکانی پەشیمان بۆتەوە، دەبێ بپرسین کام بەڵێن؟ لەکوێ و بەپێی کام ڕێکەوتننامەی نووسراو ڕاگەیەنراو، ئەمریکا بەلێنی داوە، ئەوان بپارێزێت، یان دەسەڵاتی خۆجێی و کانتۆنەکان بەرگری لێبکات؟ ئەمریکا و باقی زلهێزەکانی تر و لەپێناو داسەپاندنی هەژموونی سیاسی لەناوچەکە، بەرژەوەندی ئابوری دوای ئاسایی بوونەوەی سوریا، لەژێر ناوی "جەنگ لە دژی تیرۆر و داعش"دا، هاتوونەتە سوریا و ناوچەکە. لەوەش زیاتر چ ئەمریکا و ڕوسیا و چ وڵاتانی ئەوروپا و ناتۆ... بۆ یەک جاریش لەچوارچێوەی بەرگری و بەڕەسمی ناسین و چارەسەکردنی پرسی سیاسی کورد، دەور و دەخاڵەتیان لە سوریا و باکوری خۆرئاوایی سوریادا نەکردووە، تا بە پاشەکشەی ئەمریکا و یان ڕوسیا، بوترێت پشت کرایە پرسی کورد و خیانەت لە کورد!! کرا.

جەنگی سەربازی دژی داعش تەواو بوو، بڕگەیەکی دیاریکراو لە دۆخی سوریا تێپەڕی و بڕگەیەکی نوێ دەستی پێکردووە، لەو ململانێیەدا لە نێوان بلوکی ئەمریکا و غەرب لەلایەک ڕوسیاو هاوپەیمانەکانی، بلۆکی ڕوسیا و هاوپەیمانەکانی براوە بوون، و بوونە دارعاسا بۆ ڕزگارکردنی ڕژێمی ئەسەد. بەهێزکردنەوەی تا ئەو ڕادەیەی کە پرسی گێڕانەوەی سوریا بۆ ناو کۆمکاری عەرەبی، بۆ ناو کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی، لە ئارادایە. شکست خواردووەکان نایانەوێ لەو مەیدان و گۆرەپانەدا بمێنەوە، کە خێری بۆیان نەبووە و نەماوە. بۆ ئەمریکا پاشەکشە بووە بە ئیجباری ئەگەر زۆر شەرماوەریش بێت، وە دەستگرتن بە تورکیاوە بۆ نەچوونی تەواوەتی بۆ باوەشی ڕوسیا و ترسی دەرچوونی لە ناتۆ، بۆتە مەسەلەیەکی میحوەری بۆ ئەمریکا.

دیارە لەهیچ شوێنێک و هیچ کات ئەمریکا بەڵێنی بەکەس نەداوە تا هەتا هەتایە، لە سوریا دەمێنێتەوە. ئەمریکا کە هیچ کام لە ئامانجەکانی بۆ وەدی نەهات و ئایندەش لەو ناوچەیە بۆی نادیار ماوەتەوە، ناچار بەوە کراوە پاشەکشە بە هێزەکانی بکات و ئەو جغرافیایە بۆ نەیارەکانی جێ بهێڵێت. لایەن و کەسانێک کە نیگەرانی پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکان دەیانەوێت ئەمریکا بە ویستی خەون و ئەجندای ئەوان سیاسەت بکات، نەک بەرژەوەندیەکانی خۆی... ئەمەش ئەو لایەن و هێزانە دەکاتە قوربانی کورتبینی سیاسی و ڕوئیایان بۆ ڕووداوەکان. لەوەش واوەتر هەر هێز و لایەنێک کە مایەی خۆی بە حزوری ئەمریکا و یان هێزی تر ببەستێتەوە، دەبێتە قوربانی گۆڕێنی سیاسەت و نەخشەکانیشیان. بەجیا لەوانەش لەکوێی دنیا بەدرێژایی مێژووی دەوڵەتی ئەمریکا، حزوری سیاسی و سەربازی ئەمریکاو زل هێزەکانی تر، بۆتە مایەی ئارامی و ڕزگاری، ئاشتی و زامنی مافی هیچ نەتەوەو گەلێک، تا ئێستا چاوەڕوانی لە ئەمریکا بکرێت، ببێتە فریاد ڕەس.

**دیدگای سۆشیالیستی: کاردانەوەی ڕوسیا بەرامبەر بە ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیا چۆن لێکدەدەنەوە؟ دەوترێت ئەم ئۆپراسیۆنەی تورکیا بەرئەنجامی ڕێکەوتنی حکومەتی ڕوسیا وسوریایە، بۆ ئەوەی تورکیا ئەم ناوچانە لە ژێر هێرشی سەربازی رابگرێت وهەسەدە ناچاربکات بە گەڕانەوە بۆ لای حکومەتی سوریا، بەکەمترین دەسکەوت یاخود بەبێ دەسکەوت؟**

**عەبدوڵا مەحمود:** گومان هەڵنەگرە، کە هێرش و ئۆپەراسیۆنی تورکیا، بێ ڕەزامەندی ڕوسیا نەبووە. ڕوسیا لەهەوڵی ئەوەدایە تا دۆخی سوریا ئاسایی ببێتەوە و تورکیاش هێندەی تر لە ئەمریکا و تەنانەت لەناتۆ دوربخاتەوە و پەیوەندی نێوان سوریا و تورکیاش ئاسایی بکاتەوە. واتە خودی تورکیا کەیسێکی تایبەتە لە ململانێی نێوان ڕوسیا و ئەمریکادا. هەر بۆیەشە لە کۆبونەوەی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان لە پەیوەند بە ئیدانەکردنی هێرشی توکیا بۆسەر کوردستانی سوریا، ئەمریکا و ڕوسیا، هاودەنگ بوون. هاودەنگ بوون بۆ ململانێ لەسەر کیبەرکێی ڕاکێشانی تورکیا بۆ لای خۆیان. تورکیا کە لەباری مێژوویەوە سەر بە قوتبی ئەمریکی و ئەندامی ناتۆیە، لە ئەزمەی سوریا بەدواوەو تا هاتووە لە ئەمریکا دوور کەوتۆتەوە و لەڕوسیا نزیکتر بۆتەوە، بۆ ڕوسیا ڕاکێشانی زۆرتری تورکیا بۆ باوەشی خۆی و لەڕێگای پێدانی ئیمتیازات و چاو پۆشین لە بەشێکی زۆر لەسەرە ڕۆیەکانی، زۆر لەسەرکەوتنی ڕوسیا لە سوریا گەورەتر و کاریگەرترە و گورزەکەشی بۆ ئەمریکا زۆر لە شکستی لە سوریا بەزەبر ترە. چوونی تورکیا بەرەو بلۆکی ڕوسی، دەتوانێت گەورەترین قوتب لەناوچەکەدا بە سودی ڕوسیا پێک بینێت و ناوچەکە بەتەواوەتی بخاتە ژێر هەژموونی سیاسی و لە ئایندەشدا باڵادەستی ئابوری ڕوسیاوە.

ڕێکەوتنی سوریا و ڕوسیا، بە خێرایەکی یەکجار زۆر یان هاوکات لەگەڵ بڕیاری پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکا، سەرەتای ئاڵوگۆڕێکی گەورە لە دۆخی سوریا و دەستپێکی دەورەیەکی تازەیە. دەورەی هەنگاو نان بەرەو ئاسایی کردنەوەی هەلومەرجی سوریا، پێناسە بەخشینەوە بە سنورەکانی، گەڕانەوەی بۆ ناو ناوەندە دەوڵەتی و نێودەوڵەتیەکان، لەو نێوەشدا هەوڵدان بۆ کۆتاییهینان بە کانتۆنەکان.

دیارە ئەوە ڕۆشنە چارەسەری پرسی کورد، یەکلایی کردنەوەی دەسەڵاتی خۆجێی، پرسێکی ناوخۆی سوریایەو کاریگەری دەرەوە هەرچەندێک بێت و هەر جۆرێک بێت وەڵامەکەشی بەهەر ئاراستەیەکدا بێت، لە ناوخۆی سوریادا دەبێت. سەرئەنجام یەپەگە و هەسەدە دەبێ لەگەڵ دیمشق دا، ڕێک بکەون.

کاردانەوەی ڕوسیا لەبەرامبەر بە هێرشی دەوڵەتی تورکیا و بێدەنگەکردن لەو ئۆپەراسیۆنەی، گوشار دانانە لەسەر دەسەڵاتی خۆجێی سوریا، هەوڵێکە بۆ لاوازکردنی و هەروەها زەمینە خۆشکردنە تا لە پرۆسەی یەکلایی کردنەوەی ئەم ناوچەیەدا، بەتایبەت لە گفتوگۆی ناچاری داهاتووی نێوان کوردەکان و ڕژێمی سوریادا، بالانسی دەوڵەت و دەسەڵاتی دیمەشق سەربکەوێت و بەکەمترین ئیمتیازات ئەو ئەزموونە ماڵئاوایی پێ پێبکرێت.

**ماویەتی**



# تاهیر حەسەن: ناسیونالیزمی کورد کەیفی خۆیەتی ئومێدی بە دەسەڵات گەیشتنی، یان مانەوەی لە دەسەڵاتدا، پەتی ڕزیوی بە چ دەوڵەتێکەوە گرێ دەدات، کێشە ئەوەیە لەگەڵ هەر شکستێکی چاوەڕوانکراویدا، ژیانی خەڵکی کوردستانیش لەگەڵ کارەسات بەرەو ڕوو دەکات...

## گفتوگۆی بۆپێشەوە لەگەڵ تاهیر حەسەن، کادری کۆمۆنیزمی کرێکاریی سەبارەت بە هێرشی دەوڵەتی تورکیاو ئایندەی ناوچە کوردنشینەکانی سوریا

**بۆپێشەوە: ڕژێمی تورکیا، بە پاساوی پاراستنی سنوورەکانی وجەنگ لە دژی تیرۆریزم و گێڕانەوەی ئاوارەکان ودروستکردنی ناوچەیەکی ئارام بۆیان، هێرشی کردە ناوچە کوردنشینەکانی سوریا. تاچەند ئەوپاساوانەی دەوڵەتی تورکیا، هۆکارن بۆ ئەم هێرش وئۆپەراسیۆنە سەربازییە؟.**

**تاهیر حەسەن:** پووچی و ڕیسوایی ئەوبەهانانە زۆر لەوە ئاشکراترە، تا ئینسان پێویستی بە بەڵگەهێنانەوە هەبێت بۆئاشکراکردنی ناوەڕۆکی کۆنەپەرستانەو دژی ئینسانیەکەی. ئێوە سەیرکەن، بە پێشچاوی هەشت ملیارد ئینسانەوە، هێزێکی زەبەلاحی پڕچەک، بەسەدان هەزار سەربازو تۆپ وتانکەوە، بەپێشرەوی دەیان هەزار چەکداری بەکرێگیراوی سەلەفی هەوسارپچڕاوەوە، زەوی و ئاسمانی کۆمەڵگەیەک تەنانەت بە چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی ئاگرباران دەکەن، ماڵوحاڵی سەدان هەزار خێزان، کە بەچنگەکرێ بژێوی ژیانیان پەیدا دەکەن خاپوور دەکەن. قوتابخانەو خەستەخانەکان لەگەڵ خاک یەکسان دەکەن، لاشەی ناسکی منداڵان بەچەک فۆسفۆڕ دەسوتێنن، سەدان هەزار خێزان ناچار بەبەجێهێشتنی ماڵوحاڵیان دەکەن. دەیان هەزار ئینسان بریندارو کەم ئەندام دەکەن. هەر ئێستا بەکرێگیراوە ئیسلامیە داعشیەکانیان ماڵی خەڵک تاڵان دەکەن و بۆ شرەخۆری کەوتونەتە فەرهودی ماڵەچۆڵکراوەکانی ئەوناوچانە!.

ئەگەر کەسێک ویژدانی بەبەرژەوەندیەک نەفرۆشتبێ، باوەڕ بەوە دەکات. دەوڵەتێک کە خۆی سەرچاوەی ئاوارەبوونی خەڵک بێت، چارەسەری ئاوارەیی بکات؟!. دەوڵەتێک کە خۆی بەبەرچاوی دنیاوە لانکەی پشتیوانی ڕەشترین هێزی تیرۆریستی وەک داعش بووبێت، تا ئەو ڕادەیەی کە وەزیری دەرەوەی پێشووی تورکیاش دانی پێدا بنێت، ئێستالە سەنگەری دژی تیرۆردا بێت؟!. دەوڵەتێک کە خۆی سەرچاوەی نا ئارامی بێت لە ناوچەکەدا، چۆن دەکرێت دامەزراندنی ناوچەیەکی ئارامی بە جدی لێ وەربگیرێت!. ئەمانە بەهانەی زۆر پووچ و ڕەزیلانەن، لەوەش ڕەزیلانەترو شەرمئاوەرتر، ئەوەیە کە ئەمریکاو غەرب ڕۆژی سەدجار ئەوە دووپات دەکەنەوە، کە لەنیگەرانیەکانی دەوڵەتی تورکیا تێدەگەن ولەبەرچاوی دەگرن!!. بەڵام لەئاست دڵەڕاوکێ و نیگەرانیەکانی چەندین ملیۆن ئینسان لەکوردستانی سوریا کەڕو لاڵن!. ئەو ڕاستیە ئێستا ئیتر لە کەس شاراوە نییە کە حکومەتەکەی ئەردۆگان گەورەترین هاوکارو پشتوپەنای دەسەڵاتی ڕەش و تیرۆریستی خەلافەتی داعش بوو. سەدان هەزار چەکداری داعش لە سنوورەکانی تورکیاوە دەچوونە کوردستانی سوریاو عێراق، بریندارەکانی داعش لە تورکیا چارەسەر دەکران. هەر ئێستا زیاتر لە ٢٥ هەزار چەکداری بەکرێگیراوی سەلەفی (لەژێر ناوی سوپای سوریای ئازاد)دا خستۆتە پێش سوپاکەیەوە، کە هەموویان داعشن!.

کەسێک ناپرسێت باشە دەسەڵاتی خۆجێی لە کوردسانی سوریا چ خروقاتێکیان بەرامبەر سنوورەکانی تورکیا کردووە؟!. ئایا فیشەکێک ڕووەو سنوورەکانی تورکیا تەقێندراوە؟!. ئایا خەڵکێک لە ئەنجامی گوللەبارانی سەر سنوورەکانەوە ماڵی خۆیان جێهێشتووە؟!. ئایا بەڵگەیەک لەبەر دەستدایە، کە لەسنورەکانی کوردستانی سوریاوە ئەمنیەت و ژیانی خەڵکی ناوچەکانی دراوسێ خرابنە مەترسی؟!. بەڵام لەبەرامبەردا حکومەتە بۆرژوا فاشستەکەی ئەردۆگان هەموو ڕۆژێک بەسەدان بۆمب ومووشەک کوردستانی سوریا وێران دەکات. بە پێش چاوی کامێراکانی میدیا جیهانیەکانەوە، جێگایەک نا ئارام و وێران دەکات، کە ڕەنگە بە بەراورد بە ناوچەکانی تری سوریا، تەنیا جێگایەک بووبێت، کە منداڵان دەچوونە قوتابخانەو گلۆپی کۆڵانەکانی دەسوتان و خەبەرێک لە مافەکانی ژنان هەیە. پرسیار ئەوەیە لەشکری کۆنەپەرستی تورکیا لە وڵاتێکی ترو لەو دیو سنوورەکانی خۆیەوە چ دەکات؟. ئەو بەهانانەی دەوڵەتی تورکیا گوێگرێک پەیدا ناکات، ئامانجی پشتی پەردەی ئەم سیاسەتە کۆنەپەرستانەیەی حکومەتە فاشستەکەی ئەردۆگان زۆر لەوە مەترسیدارترەو یەخەی کوردستانی عێراقیش دەگرێت ئەگەر بۆی بچێتە سەرو لەجێگای خۆی دانەنرێتەوە.

**بۆپێشەوە: وەک دەزانین هێرشی حکومەتی تورکیا بۆ سەر کوردستانی سوریا، بە ئاگاداری ورەزامەندی ئەمریکاو ڕووسیا بوو. هۆکار چییە ئەمریکا دوای پێنچ ساڵ لە ستایشی یەپەگە و هەسەدە و هاوکاریان لەگەڵ یەکتر لەشەڕی داعشدا، ڕۆژئاوای جێهێشت و ڕێکەوتنی لەگەڵ ئەردۆگان کرد بۆ هێرش بۆ سەر ناوچە کوردنشینەکانی سوریا؟**

**طاهر حسن:** ئەوەی کە لای کەس شاراوە نییە، ئەوەیە کاتێک دەستی حکومەتی فاشستی تورکیا بۆ هێرشی بۆسەر کوردستانی سوریا ئاوەڵا بوو، کە چرای سەوزی ئەمریکاو ڕووسیای بۆ هەڵکرا. بەڵام چرای سەوزی ئەمریکاو ڕووسیا وەک یەک نین، تەنیا ڕەنگەکانیان لەیەک دەچێ. ئەمریکا بە ئارەزووی دڵی خۆی نەبوو کە سوریای جێهێشت، بەڵکو ناچاربوو. ئەو لێکدانەوەیە منداڵانەیە کە پێی وایە چوونە دەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا سیاسەتی سەرشێتانەی ئیدارەی ترامپە!. مەسەلەی جەوهەری ئەوەیە، کە سیاسەت و ئیستیراتیجی سیاسی وسەربازی ئەمریکا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شکستی خواردووە.

> **ئەو لێکدانەوەیە منداڵانەیە کە پێی وایە چوونە دەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا سیاسەتی سەرشێتانەی ئیدارەی ترامپە!. مەسەلەی جەوهەری ئەوەیە، کە سیاسەت و ئیستیراتیجی سیاسی وسەربازی ئەمریکا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شکستی خواردووە.**

ئەم شکستەش هی ئەمڕۆ نییە. لە سەرەتای دەورەی دووەمی ئیدارەی (جۆرج بووش) ی کوڕەوە دەستپێدەکات تا دەگات بە ئەمڕۆ. پاشەکشەی ئێستای ئەمریکا لە سوریا، ئاکامی ئەو شکستە سیاسی وسەربازیەیە کە بە جەنگی ئەفغانستان دەستی پێکرد تا دەگات بەعێراق وسوریا. ئێستا ئیتر دنیای تاک جەمسەری جیهانی کە بە کۆتاییهاتنی جەنگی سارد لە کۆتایی دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا دەستی پێکرد، نییە.

ڕووسیا و چین لەقوتبێک و ئەمریکاو ئەورپاو غەرب لە قوتبی بەرامبەر خەریکن لە هاوسەنگی هێزی جیهانی ئێستایاندا هاوکێشە سیاسیەکان و ناوچەکانی نفوزیان لە دنیادا پێناسە دەکەنەوە. ڕووسیا ئێستا بە کردەوە خاوەن ماڵی سەرەکیە لەسوریا، ئەمریکا وەک میوانێکی شکستخواردوو، بە تایبەتی دوای تەواوبوونی شەڕی داعش، هۆیەک بۆ مانەوەی لە سوریا نییە، دەبوو بڕوا. ڕێکەوتنی لەگەڵ تورکیادا، کە زیاتر لە دەهەیەکە حکومەتەکەی ئەردۆگان لە نێوان ڕوسیا وئەمریکادا یاری دەکات، هەوڵێک بوو لەو ڕاستایەدا، کە تورکیای ئەندامی ناتۆ زیاتر نەخزێتە کەمپی ڕووسیاوەو وەک هاوپەیمانی ئەمریکاو غەرب بمێنێتەوە.

بەڵام پێش ئەوەی مرەکەبی ڕێکەوتنەکەی ئەمریکا لەگەڵ حکومەتەکەی ئەردۆگان وشکبێتەوە، ڕووسیا ئەردۆگانی بۆ لای خۆی کێش کرد و تێی گەیاند، کە ئەگەر بیەوێت لە سوریادا پەنجە بکات بە ئاودا بەبێ ڕەزامەندی ڕووسیا ناکرێت. لێرەدا یەپەگە وهەسەدە کەئومێدی سیاسیان تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت لەسەر سیاسەتی ئەمریکا هەڵچنیوە، دەبنە قوربانی.

هەرچەندە لەسەر ناوچەکانی نفوز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ململانێی زلهێزە ئیمپریالیستەکان دەتوانێت زۆر بە خێرایی هاوسەنگی هێزەکان بگۆڕێت و لەگەڵ خۆیدا هەلومەرجی سیاسی ناوچەکە قڵپبکاتەوە، بەڵام سەرباری ئەمانە، ئاماژەکانی تا ئێستا وا نیشان دەدات، کە قەیرانی سووریا بەرەو کۆتایی بڕوات. لاشەی هەلاهەلای سوریا کەوتۆتە بەردەم کەڵبەی خوێناوی چەندین هێز و هەر یەک خەریکە بەشی خۆی لێ دەپچڕێ. بەپێی ئەو ڕێکەوتنانەی کە تا ئێستا کراوە. ڕژێمی تورکیا تەواوی کوردستانی سوریا بۆ خۆی دەبات و زیاتر لە سێ ملیۆن ونیو ئاوارەی ناوچەکانی تری سوریا لەوێ جێگیر دەکات، کە لە نێویاندا سەدان هەزار چەکداری سەلەفی داعشی هەن. بەم شێوەیە ئەو پاکتاوە قەومیەی کەچەندین ساڵە پارەی لەسەر خەرج دەکات لەماوەیەکی زۆر کەمدا بەدەستی دێنێ.

لەبەرامبەردا یەپەگەو هەسەدە کە زیاتر لە یانزە هەزار قوربانی و دەیان هەزار بریندارایان لە جەنگی قارەمانانە لەدژی داعشدا دا، نەک هەر نابنە خاوەنی هیچ، بەڵکو تەنانەت دانیشتن لە ماڵەکانی خۆشیان پێ ڕەوا نابینن!.

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕوانیتە ڕێکەوتنی ئەمریکاو تورکیاو هاوکات ڕێکەوتنی سوریاو ڕوسیا و دواجاریش ڕێکەوتنی ڕوسیاو تورکیا کە ٢٢ی ئەم مانگە ئیمزاکرا؟. پاشان پێت وایە کوژرانی ئەبوبەکر بەغدادی کاریگەری لەسەر ئەو ڕێکەوتنانە ببێت؟.**

**طاهرحسن:** ڕێکەوتنی سوریاو ڕووسیا ڕابردویەکی کۆنتری هەیە. هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی ئەوەی پێی دەڵێن بەهاری عەرەبیەوە، ڕووسیا سوریای کرد بەدەروازەی تەواجدی سیاسی وسەربازی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە ئەورووپاش ئۆکرانیای کرد بە دەروازە بۆ هێزنواندن لە

**یەك جێگام لەسەر ئەم گۆی زەویە نیشان بدە، کە دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا هێزیان بۆ بردبێت ودەروازەی خۆشبەختی بە ڕووی دانیشتوانەکەیدا کرابێتەوە!. شیکردنەوەی ناوێت، سەیری عێراق کەن دوای دوو دەهە چ سەرەنوێڵکێك لەسەر کورسی دەسەڵات دانیشتووەو قانوون دەنووسێ!. سەیری ئەفغانستان کەن، دوای زیاتر لە چارەکە سەدەیەك و لەبەریەك هەڵوەشاندنی کۆمەڵگە، تازە دەڵێن سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسی لەو وڵاتەدا بەستراوەتەوە بە ڕازیبوونی تاڵیبان کە لە پرۆسەی سیاسیدا بەشداری بکات!.**

ئەورووپای ڕۆژهەڵاتداو خۆنمایشکردن بە وێنەی قوتبێکی جیهانی دوای جەنگی سارد. ڕێکەوتنی تورکیاو ڕووسیا خستنە سەر کاغەزی ئەو هاوکێشەو هاوسەنگی هێزەیە کە ئێستا لەسەر زەوی سوریا هەیە. من پێشتر وتم ڕێکەوتنی ڕوسیاو تورکیا بە کردەوە بووە ئەڵتەرناتیڤی ڕێکەوتنی تورکیاو ئەمریکا.

وەرن با پێکەوە برێک بگەڕێینەوە بۆ دواوەو بچینەوە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانی سوریا. دوای ئەوەی کە خۆپیشاندان و خرۆشانی هەقخوازانەی خەڵکی دەست تەنگ و بەشمەینەتی سوریا بە ساوایی لەباربراو چەندین هێزی جیهانی وناوچەیی بەناڕەوا خۆیان خزاندە سوریاوەو خەڵکی خرۆشاویان بەدەستی بەستراوەوە ناردەوە بۆ ماڵەوە، ڕژێمی دیکتاتۆری ئەسەد بەمەبەستی کەمکردنەوەی بەرەکانی جەنگ بەڕووی سوپاکەیدا، کوردستانی سوریای چۆڵ کرد. لەم کەتەدا یەپەگە فرسەتی ئەوەی بۆ هەڵکەوت بە خێرایی ناوچەکانی کوردستان پڕ بکاتەوەو دەسەڵاتێکی خۆجێی لەو ناوچانەدا دامەزراند. کە ئینسان دەتوانێت لەنێو مەئسات و مەرگەساتی ناوچەکانی تردا، دەست بخاتە سەر چەندین لایەنی موسبەت و ئینسانی کردەوەکانی ئەو دەسەڵاتە. ئێستا و لەدوای تەواوبوونی جەنگ لەدژی داعش، بە پیلانێکی دژی ئینسانی زلهێزە بۆرژوا ئیمپریالیستەکان، دەیانەوێ قەیرانی سوریابە یەک کاسەکردنەوەی دەسەڵات بە قازانجی ڕژێمی بەعس یەکلایی بکەنەوە. بۆ ئەمە خەریکن خەڵکی کوردستانی سوریا دەخەنە نێوان دوو بەرداشتی لەناوچوونەوە. یان شەڕکردن تا مردن، یان چۆڵکردنی کوردستان بۆ سەدان هەزار چەکداری هەوسارپچڕاوی سەلەفی بەکرێگیراوی تورکیا.

من پێم وایە ئەم چارەنووسە ڕۆژێک یەخەی هەرێمی کوردستانی عێراقیش دەگرێ. ئەوە دەسەڵاتی پووچ و فاسدو داوەشاوی عێراقە کە شانسی درێژکێشانی تا ئێستای بە وەزعیەتی هەڵواسراوی هەرێمی کوردستان داوە. دەنا هەرکاتێک خۆی کۆکردەوە بە دانی تیژ گاز دەگرێ. ڕووداوی ١٦ ئۆکتۆبەر هەوڵێکی بۆرژوا ناسیونالیستی ئیسلامی عێراقی بوو بۆ یەک کاسەکردنەوەی دەسەڵات لە عێراقدا، نەک شتێکی تر.

دەربارەی کاریگەری کوژرانی ئەبو بەکر بەغدادی لەسەر ڕێکەوتنەکان، من پێم وایە هیچ کاریگەریەکی نابێت. بەغدادی بە کردەوە دەمێکە مردووە. ئەم هەرایەی ئێستای ئیدارەکەی ترامپ جگە لە هەڵمەتێکی ڕاگەیاندن بۆ کەمکردنەوەی فشارەکانی دیموکراتەکان شتێکی تر نییە. ترامپ دەیەوێ بە کوشتنی بەغدادی بە دیموکراتەکان بڵێ کە، منیش هیچم لە ئۆباما کەمتر نییە.

ئەوە بێجگە لەوەی کە پەیامێکیشە بۆ ڕووسیا، کە لەو شوێنەی تۆ دەسەڵاتی ڕەهات هەیە، ئێمە توانای گێڕانی مانۆڕمان هەیە.

**بۆپێشەوە: دەنگێک لە ناو ڕیزەکانی بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کورد وتەنانەت لە ئاستێکی فراواندا بەرز بۆتەوەو بەو پەڕی بێزاریەوە هاوار دەکات ئەمریکا و ڕووسیاپشتیان لە کورد کرد. تۆ لەو بارەیەوە دەڵێی چی؟.**

**طاهرحسن:** جادەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا و ڕووسیا کەی ڕوویان لە خەڵکی کوردستان بووە تا ئێستا پشتیان تێ کردبێ؟!. ئەگەر کەسێک لای خۆیەوە ئومێدێکی لەسەر سیاسەتی ئەمریکا هەڵچنیوە، ئەوە باجی خۆشباوەڕی خۆی دەدات!. کە ئەمە سەرتاپای مێژووی سەد ساڵی سەرانی بزووتنەوەی کوردایەتی بووە.

وەرە تەنیا یەک جێگایەکم لەسەر ئەم گۆی زەویە نیشان بدە، کە دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا هێزیان بۆ بردبێت ودەروازەی خۆشبەختی بە ڕووی دانیشتوانەکەیدا کرابێتەوە!. شیکردنەوەی ناوێت، سەیری عێراق کەن دوای دوو دەهە چ سەرەنوێڵکێک لەسەر کورسی دەسەڵات دانیشتووەو قانوون دەنووسێ!. سەیری ئەفغانستان کەن، دوای زیاتر لە چارەکە سەدەیەک و لەبەریەک هەڵوەشاندنی کۆمەڵگە، تازە دەڵێن سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسی لەو وڵاتەدا بەستراوەتەوە بە ڕازیبوونی تاڵیبان کە لە پرۆسەی سیاسیدا بەشداری بکات!.

ناسیونالیزمی کورد کەیفی خۆیەتی ئومێدی بە دەسەڵات گەیشتنی، یان مانەوەی لە دەسەڵاتدا، یان شەریک بوونی لە دەسەڵاتدا بە پەتی ڕزیوی چ دەوڵەتێکەوە گرێ دەدات، کێشە ئەوەیە لەگەڵ خۆیدا چارەنووسی خەڵکی کوردستانیش بەخۆیەوە گرێ دەدات، بۆیە لەگەڵ هەر شکستێکی چاوەڕوانکراویدا، ژیانی خەڵکی کوردستانیش لەگەڵ کارەسات بەرەو ڕوو دەکات.

لەسەرەتای گێچەڵی سەربازی تورکیاوە بۆسەر کوردستانی سوریا، زۆر کەس لەو باوەڕەدا بوو، کە پەکەکە بە هۆی نفوزێکەوە کە لە تورکیادا هەیەتی، دەست دەداتە نمایشی جەماوەری زۆر گەورەو شارەکانی تورکیا لێوان لێو دەکات. لەڕاستیدا پەکەکە ئاوها کارێکی لەدەست دێت. بەڵام ئەوەی کە نایکات، ئومێدێکە کە بە نێوانگیری ئەمریکا بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ حکومەتەکەی ئەردۆگان هەیەتی. نامە تەسلیم ئامێزەکەی ئۆجالان هەر ئەمەیە.

ئێستا ئەم قسەیەی کە ئەمریکا خیانەتی لە کورد کرد!، ئەمریکا کوردەکانی بەتەنیا جێهێشت!. ئەمریکا متمانەی لای هاوپەیمانەکانی لە دەستدا!. لە هەموو کەس زیاتر دیموکراتەکان کردویانەتە خۆراکی ڕاگەیاندن. ناسیونالیزمی کوردیش دڵی بەم هەرایەی کۆنگرێسی ئەمریکا زۆر خۆشە!!. دوو هاواری ناو کۆنگرێس بەوەی کوردەکان ئازان، چاو نەترسن، گیان لەسەر دەستن. بەسە بۆ بە کوشتدانی سەدان ڕۆڵەی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان. وەرن گوێ بگرن بزانن ئەو لایەنگرانەی یەپەگە وهەسەدە لە کۆنگرێسی ئەمریکا (کەتەیفێکی فراوانی سەرمەست کردووە) چۆن باسی ١١ هەزار کوڕان وکچانی نازداری قوربانی لە جەنگی دژی داعشدا دەکەن. ئەوان هیچ شەرم ناکەن دەڵێن "سەرۆک ترامپ چۆن دەبێ پشت بکاتە کوردەکان، ئەوان لەباتی سەربازەکانی ئێمە شەڕیان بۆ کردین و خوێنیاندا".!. (ترامپ)یش نایشارێتەوە دەڵێ بەبەلاش نەیان کردووە، لە بەرامبەردا پارەو چەکیان وەرگرتووە!. بەڕاستی خەتایەکی گەورەیە ئەوگیانبازیە بێ وێنەیەی کە لووتی داعشی شکاند، لەگەڵ کردەوە دژی ئینسانیەکانی سوپای ئەمریکا هەژمار بکرێت. ئەو هەموو ئینسانە شەریف و ئازادیخوازەی لە سەرتاسەری دنیاوە چوونە سوریاو لەڕیزەکانی یەپەگەدا شەڕی داعشیان دەکرد، لەبەر کورد بوونی یەپەگە نەبوو، بەڵکو لەبەر ئەوەبوو کە یەپەگە خەریکە شەڕی ڕەشترین هێزێک دەکات کەمەترسیە لەسەر تەواوی ئینسانیەت.

هەر ئێستا هیچ دوور نییە دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا بۆ دووبارە گێڕانەوەی هێزەکانی لەسوریاو قەرەبووکردنەوەی هاتنەخوارەوەی هەژموونی سیاسی وسەربازیەکەی، داعش لە ژێرناوێکی تردا زیندوو بکەنەوەو بەری بدەنە گیانی کۆمەڵگە.

**بۆپێشەوە: لەبەرامبەر هێرشو ملهوڕی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر کوردستانی سوریابەپاڵپشتی ئەمریکاو ڕووسیا دەبێ چی بکرێ؟.**

**طاهر حسن:** مەئساتی سوریا وعێراق و....هتد بەشێکە لە تراژیدیایەکی ئینسانی گەورەتر، کە کۆمەڵگەی ئینسانی لەم سەدەی بیست و یەکەداو لەسایەی نیزامی زاڵمانەو چاوچنۆکی سەرمایەدا بە نسیبی ملیارەها ئینسان بووە. برسێتی، گرانی، بێکاری، بێ دەرمانی، جەنگ و کوشت و کوشتار، ئاوارەیی و بێ خانەولانەیی، سیناریۆی نەبڕاوەی ژیانی ئینسانی ئەم سەردەمەن وهەموو ڕۆژێک ژیانی ملیۆنەها ئینسان هەڵدەلووشێ!. ملیۆن ملیۆن ئینسان پاروویەک نان و دەنکێک حەب شک نابەن، کەچی لەملاشەوە تەواوی سەروەت و سامانی دنیا لەدەستی چەند کەسێکدا کۆبۆتەوە!!. وجوودی فیزیکی ئینسان و تەنانەت گۆی زەوی لەسایەی ئەم بەربەریەتەی سەرمایەدا لەبەردەم هەڕەشەی لەناوچووندایە.

لە دوای هەڵگیرساندنی شۆڕشەکانی میسر وتونس، دیموکراسی بۆرژوایی غەرب، ئەو تەنیا نوزە دیموکراتیکە ڕوکەشەش کە هەیبوو لە دەستیداو لەبەرامبەر ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەدا کەوتنە پشت و پەنای ئیخوانەکان وسەلەفیەکان!. بەمەبەستی سەرکوتکردنی هەلومەرجێکی شۆڕشگێڕانە، ئامادەن بچنە ژێر باڵی دەیان هێزی وەک داعش و بەرەی نوسرەو تالیبان و قاعیدە. چاوەڕوانی لە دیموکراسی غەرب جگە لە خۆکوژی هیچ شتێکی تر نییە.


ئەوەی کە تەنیا ئومێدێکەو لە ڕاستیدا تەنها ڕێگایەکەو لە توانایدا هەیە تەواوی هەلومەرجی ئێستا قڵپ بکاتەوەو بەقازانجی ئینسانەکان بیگۆڕێت، پەرە گرتنەوەی ئەو شەپۆلە لە خرۆشانی جەماوەری وشۆڕشگێڕانەیە کە لەوڵاتانی ئەمریکای لاتینەوە دەستی پێکردووە، تا دەگات بە سودان ومیسر و جەزائیر وعێراق و لوبنان.

بە خۆدا هاتنەوەو بەرچاو ڕۆشنیەکی بەرچاو و دڵخۆشکەر بە نەبەردی ئەمجارەوە بەدی دەکرێت. ئەگەر کرێکاران وزەحمەتکێشان و لاوان وژنانی دڵپڕ لە هیوا بە ڕیزی سەربەخۆ و ڕێکخراوی خۆیان وبە ئاسۆی ڕۆشنی گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسی ودامەزراندنی ئۆرگانەکانی دەسەڵاتدارەتی خۆیان لە شوراکاندا بێنە مەیدان و کەمترین بوار بۆ ئەحزاب گەلی ڕەنگاوڕەنگی بۆرژوایی نەهێڵنەوە، کە سواری شەپۆلی ناڕەزایەتیەکانیان ببێت و بیکاتە دەستمایەی بەندوبەستیان لەگەڵ دەسەڵاتدا، ئەوکات دەروازەیەکی ڕووناک بە ڕووی کۆمەڵگەدا دەکەوێتە سەر پشت و دەریایەک لە تواناو داهێنان، کە ئێستا خنکێنراوە، بۆ بەگەڕخستنی کۆمەڵگە دێتەدەرەوە. تەنیا لەم ڕێگایەوە دەکرێ، تراژیدیای ژیانی ئەمڕۆ بە ژیانێکی باشتر بگۆڕێت وچیتر ژیان لە ژێر بەربەریەتی سەرمایەدا نەبێت.

تا ئەو جێگایەی بە کوردستانی سوریا دەگەڕێتەوە، هیچ ڕێگایەکی تر نییە، جگە لە مقاوەمەتکردنی قارەمانانە، کە لەوبارەیەوە نەک هەر هیچ کەمیان نەهێناوە، بەڵکو سەرچاوەی دەریایەک ئەزمونن بۆ کۆمەڵگەی ئینسانی. بەڵام هاوکات دەبێ ئەوکەمپینە جیهانیەی بۆ ڕسواکردنی حکومەتەکەی ئەردۆگان کەوتۆتەڕێ، هەرچی فراوانتر بکرێت، ئەو ڕێگریانەی دەبنە سنووردارکردنی دامێنە جیهانیەکەی بە دیقەتەوە لاببرێت. وەک قەومیگەرایی وحزبی بوون و ناو و وێنەی سەرۆکی حزب. دەبێ ئەو ئیمەیجە بخرێتە بەرچاوی جیهانیان، وەرن پشتیوانمان بن بۆ ڕاگرتنی جەنگێک کە بە ناڕەوا ڕژێمی تورکیا خەریکە دەیکاتە سەر ماڵ و ژیانی ملیۆنەها ئینسان و ئاوارەیان دەکات.

**٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩**

بۆپێشەوە FORWARD



# وەلید عومەر: شەڕڤانەکانی ڕۆژاڤا، بەهۆی شەڕی داعشەوە جۆرێك لە کارتی نێودەوڵەتییان بۆ خۆیان دەستەبەرکردووە. ڕەنگە ئەم کارتە هەستیار بێت و بەئاسانی بسوتێت، بەڵام وێنا درێژخایەنەکانی خۆی لەدەستنادات...

## گفتوگۆی بۆپێشەوە لەگەڵ وەلید عومەر، نووسەر و وەرگێر سەبارەت بە هێرشی دەوڵەتی تورکیاو ئایندەی ناوچە کوردنشینەکانی سوریا

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕواننە ڕۆڵی یەکێتی ئەوروپا و وڵاتانی ئەوروپا، بۆ نارەزایەتیان لەبەرامبەر بە هێرشی تورکیا؟**

**وەلید عومەر:** لە وێنە گشتییەکەدا, یەکێتیی ئەوروووپا لە پەیوەندییدا بە داعشەوە هەڵوێستی خۆی ڕووندەکاتەوە. شەڕڤانەکانی ڕۆژاڤا، بەهۆی شەڕی داعشەوە جۆرێک لە کارتی نێودەوڵەتییان بۆ خۆیان دەستەبەرکردووە. ڕەنگە ئەم کارتە هەستیار بێت و بەئاسانی بسوتێت، بەڵام وێنا درێژخایەنەکانی خۆی لەدەستنادات. هۆکارەکەش زۆر ناڕوون نییە: داعش ناوێکە بۆ چەندین گرووپی تیرۆریستیی تر کە لە داهاتووی خۆرهەڵاتدا هەن و سەرهەڵدەدەنەوە. تا ئەم جۆرە مەترسییانە هەبێت، گیانفیدایی ڕۆژاڤا وەک کارتێکی ئەرێنی لە یادەوەریی ئەوروووپییەکاندا دەمێنێتەوە و پێویستیان پێی دەبێتەوە. ئەمەش لەبەر ئەوە نییە کە کوردانی ڕۆژاڤا باوەڕیان بە هەندێک بەهای مۆدێرنی خۆرئاوایی هەیە وەک مافی ژن، سێکۆلاریزم و سۆسیالیزم و دیموکراسی و... هتد، بەڵکو داعش و تیرۆر هەڕەشەیەکی هەمیشەییشە لەسەر خۆیان. ئەزموونی ئەوروووپییەکان ئەزموونێکی هەستیارە و هەرکە بەچڕی دەستی تیرۆری پێ بگات ئیدی پێناچێت بەئاسانی ڕەونەقی خۆی وەرگرێتەوە. فەڕەنسا لە هاوپەیمانێتییەکەدا دژی داعش، پاش ئەمریکا دووەم هێزی کاریگەر بوو. ئەمەش وادەکات تەماسێکی ستراتیژ بە کوردەکانەوە بپارێزێت. لەنێو یەکێتیی ئەوروووپادا، ئەوە فەڕەنسایە خاوەنی قسە و کاریگەرییە لەسەر دۆزی سوریا. فەڕەنسا هەم دامەزرێنەری یەکێتیی ئەوروپا بوو، هەم بەنیسبەت جەنگی سوریاشەوە هێزێکی تۆکمەی سەربازیی لەوێیە و لەڕووی مێژوویشەوە تموحێکی مێژوویی هەیە کە دەگاتەوە سەر سەردەمانی کۆلۆنیاڵیزم و لە بەهاری عەرەبییشدا هەر لەسەرەتاوە دەیویست ئەسەد بڕوات. هەڵوێستی فەڕەنسا ئەرێنی بووە و کورد دەتوانێت هاوپەیمانێکی کەم تازۆر درێژخایەنی ئەو بێت. فەڕەنسا هەر لەسەرەتاوە هێرشەکانی تورکیای بەتوندی مەحکوم کرد و داوای کرد ئەنجومەنی ئاسایش کۆببێتەوە (ڕەنگە هەر لەوێشەوە فەڕەنسا بووبێت کە بەیانێکی هاوبەشی لەگەڵ بەریتانیا و ئەڵمانیا ئامادەکردبوو بۆ فشارخستنە سەر ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ سازدانی دانیشتنێک). هەر وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا خۆی وتی: "داوا لە یەکێتیی ئەوروپا دەکەین هەناردەکردن و فرۆشتنی چەک بە تورکیا رابگرێت". لەم سەردانەی دوایییشدا وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا لە هەولێر, هەمان نیگەرانیی لەمەڕ داهاتووی داعش و تیرۆر خستەوەڕوو. جیا لەوەی کە سیاسەتی مۆدێرن بەئاشکرا لەسەر بەرژەوەندی و قازانج ڕۆنراوە، بەڵام ئەوروپییەکان هەندێک بەهاشیان لە مێژووی خۆیاندا بنیاتناوە کە کاریگەریی بەسەر سیاسەتەکەیانەوە هەبووە. ڕۆشنگەریی ئەوروووپی لە دوو سێ سەدەی پێشوودا، گەواهیدەری ئەمەیە. بەس لە کۆدا ئەوەی هەیە ڕیاڵ پۆلەتیکە، سیاسەتی باوە، ئەو فەڕەنسایەی کە ئێستا داکۆکی لە هەسەدە دەکات هەر ئەو فەڕەنسایەیە کە سانسۆر و بلۆکی خستۆتە سەر ئەندامانی پەکەکە لەناو فەڕەنسادا.

**بۆپێشەوە: ئایندەی سیاسی سوریا و کێشەی کورد چۆن دەبینن لەسوریادا؟**

**وەلید عومەر:** ئاشکرایە کێشەی کورد لە سوریا, مێژوویەکی تاریکی هەیە. سەدان هەزارکەس لەوێ هیچ بەڵگەنامەیەکی یاسایی و ناسنامەی نەبوو، لە مافی پەروەردە و تەندرووستی و کەرتی گشتی بێبەش بوو. لەڕووی ئاسایشی سیاسییشەوە لەژێر چاودێریی دەزگا پڕ دیسپلینەکانی دەوڵەتی سورییدا بوون. ئەوان لەو جۆرە هاوڵاتییە دەچوون کە جۆرجیۆ ئاگامبێن ناویدەنێت هۆمۆساکەر. هۆمۆساکەر ئەو کەسەیە خۆی هەیە بەڵام مافی نییە، قوربانییە بەڵام بشکوژرێت خوێنەکەی باجی لەسەر نییە، یاسا هەیە بەس نایگرێتەخۆی. ئەوان چل ساڵ و تا کاتی تەقینەوەی دۆخی سوریا، بەم جۆرە لەژێر دەستورێکدا دەژیان کە ناوی وڵاتەکەشی گۆڕیبوو بۆ کۆماری عەرەبیی سوریا و هەموو جۆرە شوناسێکی ئەوانی نەفی دەکرد. لەسەر زەمینەی واقیع، جەنگی سوریا وردەوردە بەرەو کۆتایی دەڕوات. کورد لەوێ دیوە سەربازییەکەی خۆی تاقیکردەوە و داعشی لەناوبرد و سەدا سی خاکەکەی کۆنترۆڵکرد، بۆیە ڕەنگە لەمەودوا و لە دوا ئەگەردا چارەنووسی کوردەکان پەیوەندیی بە جۆری بەشدارییانەوە هەبێت لە نوسینەوەی دەستوری سوریادا. دەستور دەتوانێت کۆمەڵێک مافی بنەڕەتی بۆ کورد دەستەبەر بکات (گەرچی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستوور بەتەواوی چارەی کێشەکان ناکات). خاکی ڕۆژئاڤا بەردەوام لەبەردەم مەترسیی فاشیزمی تورکیدایە, بەڵام وەک ئەمری واقیع سەر بە کێشە ناوخۆییەکانی سوریایە. ئەگەر بتوانن لە دەستووری سورییدا فیدراڵیەتێک بۆ خۆیان بپچڕن، ئەوا دەشتوانن هێزە نێودەوڵەتییەکانی وەک ڕوسیا و ئەمریکا کە لە سوریادا خاوەن قسەن ناچار بکەن دانیان پێدابنێن. هەرکات توانرا دەستکاریی »کۆماری عەرەبیی سوریا «بکرێت و بگۆڕدرێت بۆ کۆمارێکی فیدراڵی (یان بەپێی پرۆژەکەی کوردانی ڕۆژاوا بۆ دەستوری نوێی سوریا: کۆمارێکی یەکگرتووی دیموکراسی)، ئیتر زەمینە بۆ کۆمەڵێک مافی ڕیشەیی خۆشدەکات. گەرچی پێشتر سیستەمی فیدراڵی و دیموکراتی باکوری سووریایان ڕاگەیاند، بەڵام لە دۆخی ئاوارەیی دانپیانەنراوی سوریادا ئەوە کرا و ئێستا لە دۆخی هەڵوەشاندنەوەدایە. بێگومان شەڕی دەستوریش قورسە و پاراستنی جۆرێک لە هاوسەنگیی دەوێت لەنێوان ئەو هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییانەدا کە دەرگیری کێشەی سوریان. بۆنموونە ئەمریکا لە لێدوانەکانیدا دەیویست سوریا لەت بکات و قەوارەیەک بۆ کوردەکان جیابکرێتەوە و لەژێر هەژموونی خۆیدا بێت، ڕووسیاش بەردەوام ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە دەبێت خاکی سوریا یەکپارچە بێت. بەڵام خاڵی گەشیشیان پاراستنی کەمینە نەژادییەکانی تر بووە لە ئەزموونی ئەو چەند ساڵەدا، بۆیە دەتوانن شەڕێکی ڕەوا بکەن.

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕواننە هەڵوێستی دەسەڵات و حزبەکانی باشوری کوردستان، لە پەیوەند بەهێرشی سوپای تورکیا بۆسەر ناوچە کوردنشینەکانی سوریا؟**

**وەلید عومەر:** حیزب خۆی لە مێژووی نوێی کورددا پێگەیەکی تایبەت و تاڕادەیەک سەیری هەیە. حیزب نە بەتەواوی خێڵە، نە بەتەواوی نەتەوەشە، بەڵکو شتێکە لەو نێوانەدا. بۆیە لە ساتی ئەم ڕووداوانەدا کە بەسەر پارچەیەکی کوردستاندا دێت, هەڵوێستەکان شلۆق و تەمومژاویین. حیزبی کوردی بەرژەوەندیی خۆی دەخاتە پێش بەرژەوەندیی ئەو شتەوە کە پێی دەوترێت نەتەوە. سەرەتا بیر لە مانەوەی خۆی دەکاتەوە نەک گەل و نەتەوە. لەم ڕووەوە کە دەڵێین "باشور "ئەوا مەبەستمان حیزبەکانی نییە، بەڵکو ناوێکە و کۆمەڵێک خەڵکە. خەڵکەکەشی دیسان زۆر یەکڕا و تۆکمە نین و حیزب ئیشی لەسەر پارچەکردنیان کردووە. بەڵام هێشتا خەڵکەکە توانای خۆکۆکردنەوەی هەیە و دەتوانێت پێشی حیزبەکان بداتەوە. پرسی بایکۆت بەڵگەیەکە لەسەر ئەمە، کە خەڵک خۆی ڕێکیخست و هێشتاش حیزبەکان جورئەتی هەڵوێستێکی ڕەسمییان نییە لەو ڕووەوە. باشور پێشوەختە فرۆشراوە یان دابەشکراوە. ئەمە زانیارییەکی نوێ نییە و خەڵک دەیزانن. پێشناچێت بەخێرایی وەرگیرێتەوە. فرۆشتن بە کاڵای کۆلۆنییەکی ئابوری. نەبێتە قسەکەی ئیسماعیل بێشکچی, ئێستاش هەر کۆلۆنییەکە و ئیرادەی حیزبی کوردیی تیا نییە. ئیرادەی ئەوان تا ئەو جێیە بوو خزمەتی خەڵک بکەن لە ناوەوە، بەڵام وڵاتەکەیان گۆڕی بۆ گەندەڵخانە و بازاڕی ساغکردنەوەی کاڵای ئەوانیتر و شوێنی تەراتێنی دەزگا سیخوڕییەکان و ...هتد. وەک خۆم هەڵوێستی ئەمانە ئیعتیبارێکی ڕاستەقینەی نییە لام و تەنیا خۆنواندنە لە ترسی خەڵکدا.

**بۆپێشەوە: مامەڵە و هەڵویستی پەکەکە لە پەیوەند بەهێرشی تورکیا بۆسەر کوردستانی سوریا، چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ بۆچی ناوخۆی تورکیا بەتایبەت ناوچە کوردستانیەکانی خامۆشە و نارەزایەتی شەقام بەدژی هێرشی تورکیادا نابینرێ؟**

**وەلید عومەر:** دۆخی باکور، دۆخی هەڵپەسێردراوی نێوان شەڕ و ئاشتییە. ئەم دۆخەش دەوڵەت سەپاندوویەتی و لە یەک کاتدا هەم شەڕ و وردەچالاکیی سەربازیی پەکەکە هەیە و هەم جۆرێک لە ئامادەیی بۆ ژیانێکی ئاسایی. ئاشکرایە باکور یان کوردەکانی ناو تورکیا، جۆرێک لە خودئاگاییەکی سیاسی و نەتەوەییان بەرامبەر بەو شتانە هەیە دەگوزەرێت و لەڕابردوودا سەلماندووشیانە، بەڵام لەئێستادا فشاری دەوڵەت بۆسەر ئەوان زۆر بەهێزە و خەڵک لەسەر پۆست و تویتەر دەستگیر دەکرێت. لەو دووسێ ساڵەی پێشوودا لە ئەندام پارلەمانەکانەوە بیگرە تا سەرەک شارەوانی و هەزاران چالاکوانی سیاسی تریش دەستبەسەرکراون و ڕێ بە کەسیان نادرێت لە میدیاوە دەرکەون و کەمترین هەڵوێستیان لەسەر ڕووداوەکانی ڕۆژاڤا هەبێت. بەدرێژایی ساڵانی شەڕی ناوخۆی سوریا، هەزاران کەس لە باکورەوە پەیوەندییان بە یەپەگەوە کردووە و ئەمە لە دەزگا ئەمنی و سیخوڕییەکانی تورکیادا تۆمارکراوە و بووەتە بیانوو بۆ هەر سەرکوتێکی ئەمنی و سیاسی لەلایەن تورکیاوە. دەوڵەتی تورک دژی ئەو دەسکەوتانەیە کە لە باکور بە خەباتی مەدەنی بەدەستهاتوون, چ جای ئەوەی لەڕێگەی شەڕەوە بەدەستبێت. تازەکی سێ سەرەک شارەوانیی باکوری لە کارەکانیان دوورخستووەتەوە و ڕەوشێکی خنکێنەریی ئەمنی زاڵکردووە. وێڕای ئەمەش خەڵکێک لەوێ هەن کە لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا تواونەتەوە و قازانجی مادی و بازرگانییان لەگەڵ دەوڵەتی تورکییدایە و خۆیان تووشی هیچ سەرئێشەیەک ناکەن. ئایدیاڵی ئەم خەڵکانە بازاڕە نەک گەل و نەتەوە.

> **جەنگی سوریا وردە وردە بەرەو کۆتایی دەڕوات. کورد لەوێ دیوە سەربازییەکەی خۆی تاقیکردەوە و داعشی لەناوبرد و سەدا سی خاکەکەی کۆنترۆڵکرد، بۆیە ڕەنگە لەمەودوا و لە دوا ئەگەردا چارەنووسی کوردەکان پەیوەندیی بە جۆری بەشدارییانەوە هەبێت لە نوسینەوەی دەستوری سوریادا.**

# ئاسۆ شابان: ڕێبەرە کوردەکانیش دەتوانن مل بە هەموو داواکارییە سەپێنراوەکان نەدەن و دەست بە بەهای پرسێکەوە بگرن کە چەندان ساڵە بەرخودانی بۆ دەکەن و قوربانیان بۆ داوە...

## گفتوگۆی بۆپێشەوە لەگەڵ ئاسۆ شابان، سەبارەت بە هێرشی دەوڵەتی تورکیاو ئایندەی ناوچە کوردنشینەکانی سوریا



**بۆپێشەوە: چۆن دەڕواننە ڕۆڵی یەکێتی ئەوروپا و وڵاتانی ئەوروپا، بۆ ناڕەزایەتیان لەبەرامبەر بە هێرشی تورکیا؟**

**ئاسۆ شابان:** هەڵبەت ئەوروپا وەک پێکهاتەی سیاسی لە قازانجی بازاری سەرمایەدا هیچی کەمتر نییە لەو پێکهاتە سیاسیەی کە ئەمەریکا و ڕوسیای دروستکردووە، بەڵام لە میتۆدی ستراتیجی کارکردندا جیاوازن. بۆ ئەمان گرێبەستە بازرگانیەکان و زیاتر واڵاکردنی بازاڕی هاوبەش بۆ کاڵاکانیان پرسێکی لە پێشترە لە پرسی بەها مرۆییەکان. ئەوان بیانەوێت یان نا پەیوەستن بە هەندێ گرێبەستی ئابوری و سیاسیەوە کە وابەستەیان دەکات بە ناتۆ و سندوقی بانقی نێودەوڵەتیەوە. بۆیە هەندێ جار ناتوانن لە هەڵوێستەیەکی سیاسی کە لە سنوری مافە دیموکراتیەکان زیاتر نییە، زیاتر هەڵوێست وەربگرن. ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و خاچی سورو پشتیوانی لە ئازادی و دیموکراسی..هتد، هەمووی سەر بەو میتۆدەن و تەنها تا ئەو شوێنە بەکاردەبرێت کە بتوانێت سیمایان بە جوانی بهێڵێتەوە، دەنا کاتێک دەبێتە گوشار یان زیان بەسەر گرێبەستە ئابوریەکانیانەوە، ئەوا زۆر بێشەرمانە بێدەنگ بوون هەڵدەبژێرن. ئەوان دەبێت لە هەموو گۆڕانکاریەکاندا کە ڕوودەدات بەرژەوەندی ئەمانی تیابێت و بەڵکو پارێزراویش بێت، وە هیچ کات تەنها وەک تەماشاکارێک نامێننەوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ماهیەتی بونیادی کەپیتاڵیزمە. هەمووشمان دەتوانین ڕۆشن ئەمە ببینین. بۆیە ئەوان تا ئەو شوێنە دژ دەبن کە پێگە و جێگەی سیاسی و ئابوری ئەوان نەخاتە مەترسیەوە.

**بۆپێشەوە: ئایندەی سیاسی سوریا و کێشەی کورد چۆن دەبینن لەسوریادا؟**

**ئاسۆ شابان:** کورد وەک نەتەوە لەبەردەم مەترسیەکی گەورەدایە، نەک بە تەنها کوردانی سوریا. ئیمپریالیزم لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆتە مۆتەکەیەک و لەپیناو دەسەڵات بەسەر ئابوری و پێگەی سەربازی خۆیان لە ناوچەکەدا، هەموو گەلانی ناوچەکەیان خستۆتە بەردەم جەنگێکی درێژخایەنەوە، کە کوردیش بەشێکن لەم قووربانیە. هەروەک کالینیکۆس دەڵێت (کێشەکە لێرەدا هەر دەوڵەتە داگیرکارەکان نین، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە کە هەندێک جار ڕابەرە کوردەکان هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە ئیمپریالیستەکاندا دەبەستن، بە تایبەتی ئەمریکا، ئەمەش ستراتیجیەکی دورو درێژی هەردوو پارتە نەتەوەییەکەی باکوری عێراق بووە بە تایبەتی لەشەری کەنداودا. بۆیە کاتێک کە تۆ وابەستە بووی بە هاوپەیمانیەتی ئیمپریالیستەکانەوە، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەبێت بەو ئایندەو میتۆدەش هەڵوێست وەرگریت کە بە قازانجی ئەوان تەواو دەبێت). بەڵام لێرەدا ڕێبەرە کوردەکانیش دەتوانن مل بە هەموو داواکاریە سەپێنراوەکان نەدەن و دەست بە بەهای پرسێکەوە بگرن کە چەندان ساڵە بەرخودانی بۆ دەکەن و قوربانیان بۆ داوە. تاقیکردنەوەکەی ڕۆژئاوا لە بەرخودان و بەڕێوەبەریەتی خۆجێیی فرەیی، گۆڕینی دەستبەجێی یاسا بنەڕەتیەکان لە بەرابەری ژن و پیاو، ژیان و کار بۆ هەموان بێ جیاوازی، بەرزڕاگرتنی پێگەی ژنان لە کۆمەڵگەدا، دەستکەوتێکی گرنگەو نابێت هەروا سانا دەستبەرداری بن. چونکە ڕۆژئاوا شوێنێکی بێ هاوتایە کە بتوانێت لە ناوچەیەکدا کە هەر چواردەوری دوژمنە، تاقیکردنەوەیەکی وا ئەنجام بدەن کە هیچ هەڵناگرێت تەنها لە دروستکردن و بەرجەستەکردنی دەسەڵاتێکی خۆبەڕێوەبردن نەبێت کە هەموو کەس بێ جیاوازی بتوانێت تیایدا بەشدار بێت و پێکەوە بەڕێوەی بەرن. ئەم تاقیکردنەوەیە تا ئێستا کەم وێنەیە لە خۆرهەڵاتی ناوەندا، بۆیە دەبێت بەهەند وەربگیرێت. هەڵبەت ئایندەی ئەوان کاتێک مسۆگەر دەبێت کە شۆڕشێکی سەرتاسەری لە سوریادا هەڵگیرسێت و دەسەڵاتی ئەسەدو ئیمپریالیستەکان لە گۆڕ نێت و گەلانی سوریا پێکەوە بێ جیاوازی وەک ڕۆژئاوا بەمافەکانی خۆیان بەهرەمەند بن.

**تاقیکردنەوەکەی ڕۆژئاوا لە بەرخودان و بەڕێوەبەرێیەتی خۆجێیی فرەیی، گۆڕینی دەستبەجێی یاسا بنەڕەتیەکان لە بەرابەری ژن و پیاو، ژیان و کار بۆ هەموان بێ جیاوازی، بەرزڕاگرتنی پێگەی ژنان لە کۆمەڵگەدا، دەستکەوتێکی گرنگەو نابێت هەروا سانا دەستبەرداری بن**

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕواننە هەڵوێستی دەسەڵات و حزبەکانی باشوری کوردستان، لە پەیوەند بەهێرشی سوپای تورکیا بۆسەر ناوچە کوردنشینەکانی سوریا؟**

**ئاسۆ شابان:** لایەنە سیاسیەکانی باشور بوونەتە دوو بەرەوە، کە هەندێکیان ڕۆشن دژ بەو ڕەشە کوژیەن کە لە ڕۆژئاوا دەگوزەرێت و پشتیوانی لە بەرخودانی ڕۆژئاوا دەکەن، بەشێکیشیان بە دەسەڵاتدارانی ئێستاوە کە هاوپەیمان و هاودەنگی سیاسی ئەمەریکا و تورکیان بێدەنگ و بێ هەڵوێست وە بگرە جۆرێک لە هاودەنگیش ماونەتەوە. هەڵبەت ئەو دەسەڵاتەی کە لە باشوردا هەیە بە هاوپەیمانیەتی و سیناریۆ و ستراتیجی ئەمەریکا و تورکیا دەچێتە ڕێوە. واتە خاوەنی پێگەیەکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی سەربەخۆی خۆیان نین. لایەنی کەم وەک ناسیۆنالیستێکیش هەڵوێستی نەتەوەیی خۆیان بەیان نەکرد، چونکە لە ڕووی سیاسی و ئابورییەوە تەواو لە ژێر هەژمونی وابەستەیی ئەواندان. مێژووی ئەم حیزبانەش باشترین گەواهی ئەم هەڵوێستەیانە. جگە لەوەی کە ئەمانە خاوەنی ئەم پێکهاتە سیاسی و ئایدیۆلۆژیە نین، لە هەمان کاتدا بوونەتە بازاڕێکی کراوە لەبەردەم ئابوری تورکیادا و هەموو ئەو گرێبەستانەی کە پەیوەستە بە داهاتوو بازاری نەوت و چەکەوە. ئەم وابەستەییەش لە ڕووی ئابوریەوە بێگومان دەتخاتە بەردەم ملدان بە هەموو مەرجێکی سیاسی تر کە بە قازانجی ئەوان تەواو ئەبێت. یەکێ لە ترسناکترین شکستی سیاسی وابەستە بوونە. کاتێک ئەم پرۆسێسە لە ڕووی سیاسی و ئابوریەوە پراکتیک دەکرێت، وەک تورکیا لەگەڵ باشور کردوویەتی. ئەوا هیچ بژاردەیەک لەبەردەمیدا نامێنێتەوە جگە لە پشتیوانی کردن و هەم ئاهەنگی نەبێت. هەڵبەت وابەستە بوون لێرەدا بۆ باشور کۆنتڕۆڵکردنی هەموو جومگەکانی پێکهاتە ئابوریەکانە لە لایەن تورکیا و ئەمەریکاوە، بۆیە هەمیشە لە پێناو ڕاگرتنی داهاتەکانیاندا سازشکاریەکی سیاسی ڕۆشن دەبینین. تورکیا لە باشور توانیویەتی هەژمونی سەربازی و سیاسی خۆشی تەواو ڕۆشن بسەپێنێت، هەموو کەسێکیش دەتوانێت ئەمە ببینێت و لێی تێبگات. لە هەمان کاتدا تێڕوانین و پێگەی ئایدیۆلۆژی و سیاسی دەسەڵاتدارانی باشور زۆر جیاوازترە لە ڕۆژئاوا، بۆیە ئەوان هەمیشە تاقیکردنەوەی ڕۆژئاوا بە هەڕەشەیەکی گەورە لەبەردەم ئایندەی خۆیاندا دەبینن. بۆیە هەر جۆرە هاودەنگی و هاوتەباییەکی ئەوان لەگەڵ تورکیا و ئەمەریکا لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوەی گرتووە. بە دڵنیاییەوە ئەو جۆرە لە سیستمی خۆبەڕێوەبەریی خۆجێیی فرەیی بە قازانجی ئایندەیی دەسەڵاتی ئەوان و تورکیا و ئەمەریکاش تەواو نابێت لە ناوچەکەدا.

**بۆپێشەوە: مامەڵە و هەڵویستی پەکەکە لە پەیوەند بەهێرشی تورکیا بۆسەر کوردستانی سوریا، چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ بۆچی ناوخۆی تورکیا بەتایبەت ناوچە کوردستانیەکانی خامۆشە و ناڕەزایەتی شەقام بەدژی هێرشی تورکیادا نابینرێ؟**

**ئاسۆ شابان:** هەڵبەت باکوریش وەک هەموو پارچەکانی تری کوردستان پشتیوانی خۆیان دەربڕی و هاتنە مەیدان، ئامەد وەک نموونە. بەڵام بۆ پرسی پکک من جیاوازتر دەیبینم، من پکک لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان دەبینم و ئەکتیڤیشن، بەڵام لەهەر یەکەیان لەژێر ناوێکی جیاواز و بە میتۆدێکی ستراتیجی جیاواز کاردەکەن. ئەوان توانیویانە خوێندنەوەیەکی جیاوازتریان هەبێت بۆ کارکردنی سیاسی و لەو شێوە کلاسیکیە هاتوونەتە دەرەوە کە تا ئێستا لە پارچەکانی تردا باوبووە. تەنانەت دەتوانین بڵێن پکک لە نێو خودی پەرلەمانی تورکیاشدا هەن، بەڵام بە شێوە و ڕوخسارێکی ترەوە. پێموایە دەتوانین ڕۆشن ئەمە ببینین. ڕاستە ئەمانیش وەک پارتە سیاسیەکانی تریش ڕەنگە جۆرێک لە هاوپەیمانیەتی سیاسیان هەبێت لەگەڵ ئەمەریکا و وڵاتانی چواردەوردا، بەڵام بە میتۆد و ستراتیجێکی جیاوازتر لەوەی کە لە سەرانی باشور دەیبینین. پکک مێژوویەکی قووڵی هەیە لە بەرخودان دژی تورکیا و گورزی جەرگبڕی توندیشیان خوارد بەدەستی سەرانی باشور لە خزمەت هاوپەیمانیەتی ئەواندا بۆ تورکیا و ئەمەریکا. وەک میتۆدی سیاسی، ئەوان خوێندنەوەکی باشیان بۆ تورکیا و ئەمەریکا هەیە لە ناوچەکەدا و دەزانن چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن، ئەوان لە ئێستادا سیاسەت دەکەن لە پێناوی مانەوە و بەردەوام بووندا. وە باشیشیان دەزانی کە بەشداربونی ئەوان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، شەڕەکە بۆ دەرئەنجامێکی تر دەبات کە تورکیا خوازیاریەتی و دەبێتە هۆی لەنێوچوونی ئەزمونی ڕۆژئاوا و هاوپشتیەکی نیودەوڵەتی و ناتۆ بۆ تورکیا. چونکە تورکیا ئەوکات جگە لەوەی کە سنوری شەڕو کوشتارکاریەکەی بەرفراوانتر دەکرد و پێگەی لایەنی کەمی دەسەڵات لە ڕۆژئاوا دەخاتە مەترسیەوە. هەڵبەت ئەوانیش توانای مرۆیی و سەربازی خۆیان باش دەزانن و دەزانن کە شەڕێکی وا بەرفراوانیان بۆ ناکرێت و کە ڕەنگە ئەمە خۆی لە خۆیدا پلانێکیش بێت بۆ لەناوبردنی ئەوان، جگە لەوەی کە ئەوان زیاتریش دەیانەوێت قورسایی خۆیان لەسەر تورکیا بهێڵنەوە و ئەو پارت و گەریلایانەی کە هاودەنگی ئەوانن لە پارچەکانی تردا خۆیان بەپێی باری سیاسی و هێزی جوگرافی خۆیان، خۆیان خاوەنی بڕیاردان بن، ئەوان بەم میتۆدە کاردەکەن و ئەمە ستراتیجی سیاسی ئەوانە. بۆیە تەنها لە ڕووی سیاسیەوە پشتیوانی خۆیان دەربڕی و وتیان ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژئاوا داوای یارمەتی بکات ئەوا ئێمە ئامادەین، هەڵبەت ئەمەش خۆی لە خۆیدا سیاسەتە، دەنا ئەوان لەوێن.

(( ئەوەی کە دەمێنێتەوە ئەوەیە کە ئێمە چۆن دەیبینین، ڕاستە ڕۆژئاوا بێ کەم و کوڕی و بێ هەڵە نەبوو، هەر لە شێوەی هاوپەیمانیەتی و مامەلەی ئەوان لەگەڵ هاوپەیمانەکانیاندا، بەڵام بۆ ئێمە وەک سۆسیالیستەکان هیچ هەڵبژاردەیەکی ترمان نییە بۆ ڕۆژئاوا جگە لە پشتیوانی نەبێت لەو تاقیکردنەوە بێ وێنەیەیان کە کردیان، ئەو دەستکەوتانەی لەوێ بەدیهات لە هیچ شوێنێکی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەندا بەدەست نەهاتووە، هەر لە بەڕێوەبەرییەتی خۆیی و دروستکردنی کانتۆنە جەماوەرەیەکان لە خۆبەڕێوەبردن و بڕیارداندا، بەشداری و پێگەی ڕاستەقینەی ژنان لە بونیاتی کۆمەڵگەدا، گۆڕینی دەستبەجێی یاسا خۆییەکان و یەکسانی ژن و پیاو لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، جیاکردنەوەی پێگەی دین لە دەسەڵات و پەروەردەدا... هتد. ئەمانە هەمووی ئەو دەستکەوتانەن کە لێرە بەدواوە چیتر هەر هی ئەوان نییە و هی هەموومانە. دەکرێت پێکەوە هەوڵبدەین کە لایەنی کەم ئەم دەستکەوتانە بەرز ڕاگرین و لەدەست نەچن))..

## درێژەی ...کورتەیەک لە ژیاننامەی هاوڕێ ئازاد ئەحمەد

کردەوە نەخشی هەبووە لە رزگارکردنی چەندین ژن لە چەقۆی ناموسپەرستیو ژنکوژان لەسەر ئاستی کوردستانو عێراق. لەپاڵ کاروباری سەختی حیزبیو پڕ مەسئولیەتدا، هەڵسوڕوایکی بەرجەستەی مافەکانی مناڵانیش بووو یەکێک بوو لە کەسە ئەسلیەکانی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی مناڵان لە عێراقو کوردستانو بۆماوەیەک بەرپرسی سەنتەری پاریزگاری لە مناڵانی عێراق بوەو چەندین چالاکی جۆراوجۆری لەو پەیوەندەدا ئەنجام داوە.
مەیدانی هەڵسوڕانی سیاسی هاوڕێ ئازاد سەرجەم کوردستانو عێراق بوو. بەرگریکرن لە ژیانو کەرامەتی ئینسانو هەوڵو خەبات بۆ دەستراگەییشتنی مرۆڤەکان بە ئازادی، بە ژیانێکی ئارام و یەکسان، بە ژیانێک کە هاوڵاتیانی کوردستانو عێراق ئاسودەو خۆشگوزەرانو سەربەرز بژین، سەرجەم مێژووی ژیانی سیاسی هاوڕێ ئازاد ئەحمەد پێکدەهێنێ.
هاوڕێ ئازاد ئەحمەد سەرباری کارە سیاسیو جەماوەریەکانی، لەبواری دابینکردنی ئیمکاناتی مالی بۆ هەردووحیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقو کوردستانیش کەسێکی خاوەن نەخشەو بەتوانا بوو. بۆماوەی چەندین ساڵ بەشێکی بەرچاوو گرنگی ئیمکاناتی مالی هەردوو حیزبی دابین دەکردو هەمیشە لە فکری ئەوەدابوو کە هەردوو حیزب لە تەنگژەی مالی رزگاربکات.
هاوڕێ ئازاد وەکو چۆن لەژیانی سیاسیو حیزبیدا بەوپەڕی دڵسۆزیەوە ئەرکەکانی جێبەجێکردوەو خۆشەویستی هاورێیانی بووە، بەهەمانشێوە دڵسۆزی ئەو و خۆشەویستیی بۆ خەڵک چ لەژیانی کۆمەڵایەتیو چ لەومەیدانانەدا کە تێیدا کاری کردوە، زۆر بە زوویی بوەتە جێگای متمانەیان و لای خەڵک خۆشەویست بووە. هاوڕێ ئازاد بەهەق کەسایەتیەکی ماندوو نەناس و راوەستاو بوو لەسەر بیروباوەڕەکانی، لەسەر بەها بەرزە ئینسانیەکانی، لەسەر رێزگرتن لە مافو حورمەتی ئینسانو خەبات کردن بۆ گێڕانەوەی لە کۆمەڵگایەکدا کە لە یاساو دەسەڵاتەوە تا بە نەریتو کەلتور، لەسەر پێشێلکردنی ئەو کەرامەتو کەسایەتیەی مرۆڤەکان دامەزراوەو تەنانەت ژیانی ئینسانەکان وەکو بارمتەو هۆکاری گەیشتنی لایەنە سیاسیە نەتەوەپەرستو ئیسلامیەکان بە دەسکەوتو بەرژەوەندیەکانی خۆیان مامەڵە دەکرێت. هاوڕێ ئازاد نمونەی ئومێدو گەشبینی کۆمۆنیستی وئینساندۆستی بوو، بەدڵسۆزیو قوربانیدانەکانی لەجوڵانەوەی کۆمۆنیستی وحزبەکانیدا جێگایەکی گەورەی هەبوو.
هاوڕێ ئازاد ئەحمەد وەکو چۆن لەژیانی سیاسیو حیزبیدا کەسێکی دڵسۆزو میهرەبانو خەمخۆرو پڕ لە هەستی بەرپرسیارێتی بوو، بەهەماشێوە لەژیانی خێزانیدا نمونەی کەسایەتی کۆمۆنیستو یەکسانیخوازو ئازادیخوازو میهرەبانیو دڵسۆزی بوو. هاوڕێ ئازاد هەر لەلایەن ژیلای کچیەوە وەکو باشترین باوک وەسف نەکرا، بەڵکو لەلایەن ساکاری هاوسەریەوە وەکو خۆشەویسترین هاوڕێ و لەچاوی دایکو براو خوشکو کەسوکارەکەیەوە کۆڵەکەی ماڵ بوو کە خەمی هەموانی هەڵدەگرت!
هاوڕێ ئازاد، بەهەق خەمی هەموانی هەڵدەگرت. هەر خەمی منالەکانی خۆی نەبوو، بەڵکو بە خەمی مناڵانی عێراقو کوردستانەوە بوو. هەر لەگەڵ هاوسەرو خوشکەکانو ئەندامانی خێزانەکەیدا یەکسان مامەڵەی نەدەکرد، بەڵکو بۆ یەکسانی نێوان ژنانو پیاوان، بۆ یەکسانی نێوان مرۆڤەکان، بۆ نەهێشتنی نایەکسانیو چەوسانەوەو زوڵم خەباتی دەکردو هەموو ژیانی خۆشی بۆتەرخان کرد. بەلەدەستدانی هاوڕێ ئازاد، نەک بەتەنها خێزانەکەی، بەڵکو ژنانو منالان، سەرجەم خەڵکی کوردستانو عێراق، بزوتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری لەعێراق وکوردستان وحزبەکانی، خەسارەتێکی گەورەیان لێکەوتو حیزبەکانی کۆمۆنیستی کرێکاریی لە عێراقو کوردستان یەکێک لەسیما سیاسیو ناسراوەکانی خۆیان لەدەستدا.

## درێژەی هەواڵی نارەزایەتییە کرێکاریی جەماوەرییەکان...

### خۆپیشاندانی ملیۆنی شیلی دژ بە زیادبوونی نرخی میترۆ




ڕۆژی هەینی ٢٥ ئۆکتۆبەر ٢٠١٩ خۆپیشاندانی مەزنی بێوێنە لە وڵاتی شیلی بەڕێوە چوو، بۆفشارخستنە سەر سەرۆک سیبستیان بینیرا. خۆپیشاندەران بە پتر لە ملیۆنێک کەس مەزەندە دەکرا. خۆپیشاندەران بە بەرزکردنەوەی ئاڵای شیلی و گووتنەوەی گۆرانی میللی سەردەمانی دیکتاتۆر ئۆغستۆ نینۆشیە (١٩٧٣-١٩٩٠) لە مەیدانی ئیتالیا کە بووە ناوەندنی بزووتنەوەی نارەزایەتی، هەروەها شەقامەکانی دەوروبەری.
حاکمی ناوچەی سانتیاگۆ کارلا ڕۆبیلار هاوسۆزی خۆی نیشاندا لەو بەشداریە چڕەی کە پتر لە ملیۆنێک کەس لە سانتیاگۆ و ناوچەکانی دیکەی وڵات گردبوونەوە.
سەرەڕای بڵاوەپێکردنی نزیکەی ٢٠هەزار پۆلیس و سەرباز، خۆپیشاندان لە کەشێکی ئاهەنگ ئامێز لە پایەتەخت بەڕێوە چوو، لە کاتێکدا سانتیاگۆ و هەندێک شاری دیکە تاوەکو ئێستا لەژێر هەلومەرجی قەدەغەی هاتووچۆدان.
ئەم کەش و هەوایە پێچەوانەی خۆپیشاندانەکانی هەفتەی پێشوو بوو کە تێیدا توندوتیژی لێکەوتەوە و زۆرێک لە وێستگەکانی میترۆ و سووتەمەنی و دوکانە بازرگانیەکان زەرەریان پێکەوت. بەمجۆرە بۆ ڕۆژی ٧تەم لەسەریەک قەدەغەی هاتووچۆ لە ١١ی شەو بۆ ٤ بەیانی ڕاگەیەندرا لە سانتیاگۆ کە ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە ٧,٥ ملیۆن کەس. هەزاران کەسی دیکەش لەشارەکانی تری شیلی هاتنە سەر شەقام.

سەرۆکی وڵات جەختی لەوە کردەوە کە ئەو" پەیامی خەڵکی گوێ لێ بووە" کە خۆپیشاندەران ناردوویانە. لە تویتێکیدا گووتی" گردبوونەوەی ئاشتیانەی ئەمڕۆی خەڵکی شیلی مانای وایە خەڵکی شیلی عەدالەت و هاوپشتی زیاتریان دەوێت، ئەمەش ڕێگای گەورە دەکاتەوە بۆ هیوا و داهاتوو" ئەوەشی زیادکرد" پەیامەکەمان گوێ لێبوو" ئەو تووڕەییە کۆمەڵایەتیەی تەقیەوە بەشێوەی خۆپیشاندان و تێکدان و پێکدادان لەگەڵ پۆلیس، بەدوای زیادکردنی ڕێژەی ٣,٧٥٪ ی نرخی میترۆ لە سانتیاگۆ لە هەفتەی رابردوو ڕوویدا، بەڵام تاوەکو ئێستاش ئارام نەبۆتەوە. لە هەوڵێکیدا بۆ کەمکردنەوەی ئەو دڵەڕاوکێیە، پارێزگاری ڕایگەیاند کە دەسەڵاتداران" کاردەکەن لەسەر پلانێک بۆ ئاساییکردنەوەی ژیان لە وڵاتەکەمان(...) بۆئەوەی بتوانین قەدەغەی هاتووچۆ ڕاگرین.

دوای ئەم ڕاگەیاندنە، قەدەغەی هاتووچۆ کەمکرایەوە بۆ ٥ سەعات لەجیاتی ١٠ سەعات. سەرۆک زنجیرەیەک کاری کۆمەڵایەتی دەستپێکرد لە ڕۆژی ٣ شەممەدا و گووتی کە چاوەڕوانی ئەو قەیرانەم نەدەکرد و داوای لێبوردن لە هاوولاتیان دەکەم کە گەیشتینە ئەو ئەنجامە چاوەڕوان نەکراوە.

فراوانبوونەوەی ئەو بزووتنەوەیە گەورەیە بەو بەشداریە گەورەیە و جۆراوجۆریە و بەبێ بوونی ڕابەری ڕوون و دیار. هۆکارەکەی نیگەرانیە لە هەلومەرجی خراپی کۆمەڵایەتی و نابەرابەری لە وڵاتێک کە ژمارەی دانیشتوانەکەی ١٨ ملیۆنە. دوای هەفتەیەک لە دەستپێکردنی نارەزایەتی بێ وێنە لە دەهەیەک لە وڵاتێک کە بە جێگیرترین وڵاتانی ئەمەریکای لاتینی دادەنرێت، واچاوەڕوان ناکرێت ئەو نارەزایەتیانە پاشەکشە بکەن....

## درێژەی دوا وتە

سەرچاوەیەکی سەرەکی سەرهەڵدانی ئوسامە و زەقاوی و بەغدادیەکانن. ئەو هۆکارو ژینگەیەی ترامپ و ئەردۆغانەکان و بەرهەم دەهێنی، هەمان ئەو ژینگەیەشە کە ئوسامەو بەغدادیەکان بەدوای یەکدا دەخاتە سەرشانۆی ململانێی و بەیەکدادانەکانی سەردەم.

ئیسلامی سیاسی بەوێنەی ڕەوتێکی تیرۆریستی، نادەوڵەتی و بە پشتیوانی دەوڵەتانی ئیسلامی و دیکتاتۆرە چنگ بەخوێنەکان، لەگەڵ تیرۆریزمی نێودەوڵەتی کە دەوڵەتی ئەمریکا سەردەستەیەتی و غەرب پشتیوانی بێدرێغیەتی... چەندین دەهەیە کۆمەڵگەی ئینسانیان، لەگەڵ گەورەترین تاوانکاری و خوێنڕێژی بێ کۆتا و بێ سنور ڕووبەڕووکردۆتەوە.

ملهوری و وەرێخستنی جەنگ و دەستێوردانی سەربازی و جاسوسی ئەمریکا و غەرب لە تەواوی گۆشەو کەنارەکانی دنیادا، بەتایبەتیش لەوڵاتانی گیرۆدە بە ئەزمە و دەرگیر لە جەنگ و نائارامی، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وە چوونە پشتی دەسەڵاتە دیکتاتۆر و تا ئەنیشک خوێناویەکان و بەرگرتن بەهەر هەوڵێک بۆ چارەسەری کیشەکانیان، ئەو ژینگەیەیە کەهەر دەورەیەک جۆرێک لە ڕەوتی ئینسان کوژی" فاشیستی، قەومی، دینی" بەرهەم دەهێنی. ڕەوتە ئیخوان موسلمینەکان و ڕێکخراوەی ئەلقاعیدە تا تالیبان و بۆکۆ حەرام و داعش، حوسیەکان...تاد، بەشێک لەو ڕەوتە ئیسلامییە ناسراوانەن، کە لەدەورانێکدا و لەچەقی ململانێی بلۆکی شەرق و غەربدا بۆ بەرامبەرکی بەرەوتی چەپ و ئازادیخوازی لەلایەن ئەمریکا و غەربەوە دروستکران و لە دەورەیەکی تریشدا، و لە ئاکامی شکستی ناسیونالیزمی عەرەب لە وەڵامدانەوە بە گرفتە سیاسی و ئابورییەکان و لە نێویشیاندا کێشەی ئاڵۆزکاوی فەلەستن، بوونە بەشێک لەو هێزانەی داوای بەرەسمی ناسینی بەشی سیاسی لە ئارایشی سیاسی ناوچەکە بەتایبەتی تریش ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکەن.

داعش و ئەبوبەکر بەغدادی لە دڵی ئەزمەی ناوچەکە و زۆر بەتایبەتیش لە جەرگەی وێرانکردنی عیراق و سوریادا، وە بە مۆردان و پشیوانیکردن لە ئەلگۆی حکومەتی قەومی و تایفی و دینی و مەزهەبی لەلایەن ئەمریکاو غەربەوە... هاتنە سەرگۆرەپانی سیاسی و ویستی دەسەڵات و پەیرەوی لەدەسەڵاتی ئیسلامی محەمەدیان کردە ئاڵای جیهادی ئیسلامیان و وەستانەوەش بەرووی هەر هێزێکدا کە ئەو خەونەیان بزرێنێت.

بەغدادی کوژرا، بەڵام هەمان ئەو هۆکارو ژینگە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەیەی کە گەرای ئەفراندنی بەغدادیەکان دەتروکێنێ، بە زیادەوە ئامادەیی هەیە. بۆ ئەوەی بەغدادیەکان و ئوسامەکان و ڕەوت گەلی ئیسلامی بمرن و کۆمەڵگەی ئینسانی هیچی تر گەواهی درندەییان نەبێت، پێویستە هۆکارەکانی سەرهەڵدان و پێگرتنیان، ژینگەی بەهیز بوونیان، لەبەین ببرێن.

کۆتاییهێنان بە دەخالەت و دەستێوردانی ئەمریکا و غەرب و زلهیزەکان و هێزە وەکیلە ناوچەییەکانیان لە وڵاتانی تر. کۆتاییهێنان لە پشتیوانی کردنی ئەمریکا و غەرب و زلهێزەکان لەوڵاتە دیکتاتۆرو چنگ بەخوێنەکان و دەوڵەتە ئیسلامییەکان و ڕەوتەکانیان لەململانیی نێو خانەوادەی بۆژوازی و بلۆک بەندیەکانیان. کۆتاییهێنان و ڕێگەگرتن لە دزینی شۆرشی ناوخۆیی وڵاتەکان بۆ کۆتاییهینان بە دەسەڵاتی ئەو وڵاتە سەرکوتگەرانە لەلایەن جەماوەری ناڕازی و ئازادیخوازەوە. کۆتاییهاتن بە تەمەنی ئەو وڵاتانەی کەسەرچاوەی یاساو ریساکانیان ئیسلام و دین و مەزهەبە. ڕەتکردنەوەی فۆرمی دەوڵەت لەسەر بنەمای قەومی، دینی، مەزهەبی و تایفی و چوونە پشت دەوڵەتی هاوڵاتی. کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی دەوڵەت و وڵاتە ئیسلامیەکان. وە کۆتاییهێنان بە بێکاری و گرانی و هەژاری و بێمافی و جەنگ و کوشتار. وەڵامدانەوەی کارساز بە پرسی ئیتنیکی و لە پێشیانەوە پرسی فەلەستین، لەگەڵ گرتنەبەری ڕێگای گونجاو بۆ هوشیارکردنەوە و دەرگا ئاوەڵاکردن بۆ دەستراگەیشتینی هاوڵاتیان بە پێشکەوتنە زانستی و ئینسانیەکان... ئەوانە بەشێک لەو ڕێگاو دەروازانەن کە دەتوانێت، ژینگەی ڕەوت گەلی ئیسلامی و دروستکردنی ئوسامەو زەرقاوی بەغدادیەکان، لەبەین ببات.

**کۆتایی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩**

دوا لاپەڕە

ساڵی سێهەم، ژمارە (63) 1/11/2019

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
شوانە حەسەن، ئاراس ڕەشید، عەبدوڵا مەحمود، عەبدالرحمن رەسوڵ، هیوا ساڵح، کاوان قادر، حەکیم میرزا، نوری بەشیر، مستەفا باهیر، عومەر دەرویش، سەردار عەبدوڵا،

**لەگەڵ دۆسیەیەکی تایبەت بەناوی "هێرشی دەوڵەتی تورکیا و ئایندەی ناوچە کوردنشینەکانی سوریا"**

بۆپێشەوە

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

# لە شەشەمین ساڵیادی هاوڕێی گیان بەختکردو "ئازاد ئەحمەد"دا کورتەیەک لە ژیاننامەکەی...




هاوڕێ ئازاد ئەحمەد، کەسایەتی سیاسیو جەماوەریو کادری رابەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، لە ٢٨/٢/١٩٧١ لە شاری قەڵادزە لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە قەڵادزەو خوێندنی دوا ناوەندیشی لە شاری رانیە تەواوکردوە. دواتر ساڵی ١٩٩٤ کۆلێژی ئەندازیاری بەشی میکانیکی لە زانکۆی سەلاحەدین تەواوکردوە .هاوڕێ ئازاد لە سەرەتای لاویەوە تێکەڵاوی خەباتی سیاسی بوەو یەکێک بووە لە هەڵسوڕاوە چالاکەکانی دژی رژێم لەناوچەی بتوێنو پشدەر. لەیەکەم ساتەکانی خرۆشانی خەڵکی رانیە لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ دا دەوری بەرچاو دەگێرێتو نمونەی جەسارەتو فیداکاری بووە لە دژی رژێمی سەرکوتگەری بەعسو دەرپەڕاندنی دەزگا جاسوسیەکانی لەوناوچەیە. دواترو لەگەڵ ئاشکرابوونی خەباتی سیاسی کۆمۆنیستی وچەپ لە کوردستان لەگەڵ هەڵسوڕانی سیاسی ڕێکخراو ئاشنا دەبێتو سەرەتا لە ریزەکانی ڕێکخراوی رەوتی کۆمۆنیستدا، دەست بە هەڵسوڕانی سیاسی دەکاتو دوای ئەوەی کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق ساڵی ١٩٩٣ پێکهات یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی حیزبو سەرەتای دەورەیەکی پڕ لەهەڵسوڕانی سیاسی وکۆمۆنیستی لەڕیزەکانی حزبدا دەست پێدەکاتو چەندین ئەرک وبەرپرسیاریێتی جیاوازی لەئەستۆگرتووە، لەوانە بەرپرسی کۆمیتەی رانیەو ئەندامێتی لەکۆمیتەی رابەرایەتی ڕێکخراوی کوردستانی حیزبو پاشان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق کە تا دوا ساتەکانی ژیانی تەمەنی ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزب بوو. لە ساڵی ٢٠٠٤ ەوە بۆماوەی نزیک بە ٤ ساڵ جێگری سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حیزب بووە. هەروەها هاوڕێ ئازاد لە پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان ساڵی ٢٠٠٨ یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی حیزبو لەیەکەمین کۆنگرەی حیزبی کوردستاندا بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە. لەماوەی هەڵسوڕانی سیاسیدا، هاوڕێ ئازاد، چەندین چالاکی جەماوەری و حیزبی سازداوەو رێکخستوە. لە هەموو مەراسیمەکانی ٨ی مارس و یەکی ئایارو یادەکانی حیزب لەناوچەی پشدەرو بتوێن وتاری پێشکەش کردوەو لەسەرجەم خۆپیشاندانو نارەزایەتیەکانی ئەو ناوچەیەدا دەوری رابەری بینیوەو لەریزی پێشەوەی وەستانەوە بووە بۆ داکۆکی لە خواستو داواکاریەکانی خەڵک. لەدەورانی خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوباتو رۆژانی دواتردا دەوری بەرچاوی بینیوەو یەکێک بووە لە رابەرانی ئەو بزوتنەوە جەماوەریەی جەماوەری زەحمەتکێش. هاوڕی ئازاد ئەحمەد کەسایەتیەکی ناسراو وکۆمۆنیستێکی جەسوری ڕێگای خەباتی راوەستانەوە بووە... بەدژی دەسەلاتی کۆنەپەرستانەی ئەحزابی قەومیو ئیسلامی لەکوردستان دەستدرێژیەکانیان بۆسەر مافوئازادیەکانیان..بەرگریکاری سەرسەخت بوو لە کەسایەتیو مافەکانی ژنانو لەونێوەدا بە

بۆ لاپەڕە١٦

## دوا وتە

# لەچاوەروانی بەغدادیەکی تردا!



عەبدوڵا مەحمود

لە ٢٧ ئۆکتۆبەردا، لە ئۆپەراسیۆنێکی تایبەتدا بەناوی"کایلا مۆلەر" ئەبوبەکر بەغدادی خەلیفەی ئیسلام و داعش لەشاری ئیدلیب لە باکوری رۆژهەلاتی سوریا، کوژرا. بیگومان کوژرانی بەغدادی و بەغدادیەکان، مایەی دڵخۆشی هەر ئینسانێکە کە کارنامەی خوێناوی ئیسلامیەکان و رابەرانیان، بەرچاوی کوێر نەکردبن.

ئەبوبەکر بەغدادی یەکێک لەسەرە تاوانکارەکانی ئیسلام و داعش، لەسەرەتای هەزارەی سێهەمدا بوو. یەکێک لەو ئینسان کوژانەی لەرێگای رێکخراوەی داعشەوە، ڕوبارێکی گەورەی لە خوێنی هاوڵاتیان هەڵبەست و دەستی لە هیچ تاوانکارییەک نەپاراست کە لە مێژووی ئیسلامدا، رەوایەتی پێدراوە.

بەغدادی و داعش، ئەلگۆ و فۆرمێکی عەیار بیست و چواری ئیسلامی بوون، کە لەژێر سایەی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری هاوچەرخدا خۆیان نمایش کرد و بوونە بەشێک لە مێژووی ڕەشی ئیسلامی هاوچەرخ و مێژووی ڕەشی دەسەڵاتی سەرمایە.


پێگرتنی داعش، لەسەر هەمان زەمینە بوو، کە ئیخوان موسلمین پێی گرت، لەسەر هەمان کێڵگە بوو کە قاعیدە و تاڵیبانی هێنایە بوون، لەسەر هەمان ژینگە بوو، کە نیزامی هاری سەرمایەداری خوڵقاندویەتی.

کوشتنی ئوسامە بن لادن و پاشان زەرقاوی و ئەمجارەش ئەبوبەکر بەغدادی... هیچ لەو راستیە کەم ناکاتەوە، کە کارخانە و کۆمپانیاکانی دروستکردنی مۆرەکانی ئیسلام، کە هاوکات پێداویستی ناچاری خودی نیزامی سەرمایەدارییە، دەچەرخێت.

ئوسامە دەکوژرێت و زەرقاویەکی پاکەتی و درندەتر بە تایبەتمەندی نوێوە، سەرهەڵدەدات. زەرقاوی دەکوژرێت و بەغدادیەکی هەوسارپچراو تر و بە تایبەتمەندی نوێوە دەبێتە ملۆزمی سەر ئینسانیەت، بەغدادی کوژراو بەغدادی دواتر بە تایبەتمەندی تازەتر و ویستی ئیسلام و سەرمایەوە لە گۆشەیەکی ترەوە سەر دەردێنێ.

ئەمریکا و غەرب... لایەنیکی سەرەکی دروستکردنی لانەکانی ئیخوان، قاعیدە و تاڵیبان و داعشن،...

بۆ لاپەڕە 16




**تازەترین بەرهەمی هونەرمەند سەردار عەبدوڵا**